زانكۆی بەغدا
كۆلێجی پەروەردە / ئیبن ڕوشد
بەشی زمانی كوردی

# جێناوی خۆیی لەزمانی كوردیدا

بەكەرەستەی هەر چوار دیالێكتە سەرەكییەكەی زمانی كوردی

نامەیەكە

**بەدرخان سلێمان عەلی**

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد) ی زانكۆی بەغدای كردووە و بەشێكە لە پێویستییەكانی پلەی ماجستێر لە زمانی كوردیدا

سەرپەرشت

**پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف**

٢٠٠٦ زایینی        ٢٧٠٦ كوردی        ١٤٢٧ كۆچی

جامعة بغداد

كلية التربية/ ابن رشد

قسم اللغة الكردية

# ضمير التملّك في اللغة الكردية

رسالة تقدم بها

بدرخان سليمان علي

إلى مجلس كلية التربية( ابـــن رشـــد ) جامعـــة بغداد ، و هـــي جـــزء من متطلبات نيل درجة ماجستير في اللغة الكردية.

المشرف

أ.د.عبدالرحمن الحاج معروف

٢٠٠٦ميلادي ٢٧٠٦ كردي ١٤٢٧هـجري

بسم الله الرحمن الرحيم

# ﴿ وَ قُلْ رَّبِ زِدْني عِلْماً ﴾

" صدق اللّه العظيم"

(سورة / طه : ٨٥ )

# بڕیاری سەرپەرشت

ئەم نامەیە (جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا) بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی بەغدا ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

ناو:پ.د.ئەورەحمانی حاجی مارف

مێژوو: / /٢٠٠٦

بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

د. فوئاد حوسێن ئەحمەد

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

مێژوو: / /٢٠٠٦

# إقرار المشرف

اشهد ان إعداد هذه الرسالةطالب الماجستير(بدرخان سليمان علي) عن رسالة الموسومة(ضمير التملَك في اللغة الكردية )جرى تحت إشرافي في كلية التربية (ابن رشد) جامعة بغداد، وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير اداب في اللغة الكردية/ لغة.

**المشرف**

**أ. د. عبدالرحمن الحاج معروف**

**التاريخ: / /٢٠٠٦**

بناء على التوصيات المتوفرة أرشح هذه الرسالة للمناقشة.

**أ.م.د. فؤاد حسين احمد**

**رئيس الدراسات العليا**

**قسم اللغة الكردية**

**التاريخ: / /٢٠٠٦**

**بڕیاری لیــژنه**

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوو توێ کردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتۆگۆمان لە بارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی دیکەوە کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە، بە پلەی (              ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

**ناو :**

**ئەندام**

**ڕۆژ :   /   /٢٠٠٦**

**ناو :**

**سەرۆکی لیژنە**

**ڕۆژ :   /   /٢٠٠٦**

**ناو : پ.د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف**

**ئەندام**

**ڕۆژ :   /   / ٢٠٠٦**

**ناو:**

**ئەندام و سەرپەرشت**

**ڕۆژ :   /   /٢٠٠٦**

**لە لایەن ئە نجومەنی کۆلێجی پەروەردە- ئیبن ڕوشدەوە پەسەند کرا.**

**نــاو : پ.د. عەبدولئەمیر عەبد دکسن**

**ڕاگری کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)**

**ڕۆژ :   /   /٢٠٠٦**

# إقرار اللجنة

نشهـــد بأننـــا أعضاء لجنـــة المناقشة طالب الماجستير (بدرخان سليمان علي) اطلعنا على هـــذه الرسالـــة الموسومة (ضمير التملّك في اللغة الكردية) في محتوياتها وما له علاقة بها، و نعتقد بأنها جديرة بالقبول لنيل درجة الماجستير في اللغة الكردية بتقدير ( ).

الاسم: الاسم:

التاريخ: / /٢٠٠٦ التاريخ: / /٢٠٠٦

الاسم: الاسم:

التاريخ: / /٢٠٠٦ التاريخ: / /٢٠٠٦

صدقت في مجلس كلية التربية (ابن رشد) في جامعة بغداد.

**الأستاذ الدكتور**

**عبد الأمير عبد دكسن**

**عميد كلية التربية/ ابن رشد**

**التاريخ / /٢٠٠٦**

**پێشكەشە بە**

- دایك و باوكم.
- خوشك و براكانم.
- بە هاوسەری ژینم.

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستاو مامی بەڕێزم د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کە دڵسۆزانە سەرپەرشتی نامەکەمی گرتە ئەستۆ.

- ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە خوێندنی باڵادا وانەیان پێ وتووەمەتەوە بە تایبەتی (د. کەمال مەزهەر، د. نەسرین فەخری، د. وریا عومەر ئەمین، د. فوئاد حوسێن، د. فوئاد حەمە خورشید).

- بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا، کە هەلی خوێندنی باڵا بە خوێندکاران دەبەخشن.

- کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین، کە هیچ درێغیەکیان نەکردووە لە دابین کردنی سەرچاوەکانم.

- د. عەبدوللا حوسێن ڕەسول، کە دڵسۆزانە وەڵامی پرسیارەکانمی داوەتەوە.

- هەردوو هاوڕێی خۆشەویستم (م. عیرفان مستەفاو م. ئەکرەم عەنەبی) هاوکارییان کردووم.

- هەموو ئەو مامۆستاو هاوڕێ بەڕێزانەی لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیەدا هاوکارییان کردووم.

# ناوەرۆك

**بابەت** **لاپەرە**


**پێشەکی** ............................................... ١-٣

٠/١) ناونیشان‌و بواری نامەکە ........................................ ١

٠/٢) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە............................... ١

٠/٣) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە....................................... ١

٠/٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە.............................................. ١

٠/٥) ناوەرۆکی نامەکە.................................................... ١

**بەشی یەکەم** ............................................................ ٤-٤٣

پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی لەبارەی جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا کراون ............................................................................ ٤

**کلاوڕۆژنەیەك بۆ چوونە ناو بەشی دووەم‌و سێیەم** ........................ ٤٤-٤٨

- وشەی (خۆ) لە چییەوە هاتووە؟......................................... ٤٤
- ناونانی جێناوەکە ........................................................ ٤٤
- شێوەکانی جێناوی خۆیی.................................................. ٤٥
- تایبەتییەکانی جێناوەکە .................................................. ٤٦

**بەشی دووەم** ............................................................ ٤٩ -٩٤

٢) جێناوی خۆیی لە ڕووی شەسازییەوە.................................. ٤٩

٢/١) گەردانکردنی جێناوی خۆیی ........................................ ٤٩

٢/١-١) له دیالێکتی ناوەڕاستدا ........................ ٤٩

٢/١-١-١) لەگەڵ جێناوە کاوەکاندا ........................................ ٤٩

٢/١-١-١-١) جێناوی لکاوی (خاوەنیەتی) دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر .........٥٠

٢/١-١-١-٢) جێناوی خۆیی دوو جێناوی دەستەی یەکەم پێکەوە وەردەگرێت .... ٥٢

٢/١-١-١-٣) جێناوێکی دەستەی یەکەم بەدوایدا جێناوێکی دەستەی دووەم....... ٥٣

٢/١-١-١-٤) بە تەنیا بە کارهێنانی جێناوی خۆیی ........................ ٥٤

٢/١-١-٢) لەگەڵ مۆرفیمی ( ش ، یش ) دا ........................................ ٥٥

٢/١-١-٢-١) هەردوو مۆرفیمی (ش ، یش ) بەدوای جێناوی خۆییەوە دێن ........ ٥٥

٢/١-١-٢- ٢) لەدوای جێناوە لکاوەکەدا ........................................ ٥٧

٢/١-١-٢- ٣) لەنێوان دوو جێناوی دەستەی یەکەم ........................ ٥٨

٢/١-١-٣) لەگەڵ کرداردا ........................................ ٥٩

٢/١-١-٣-١) لەگەڵ جیێناوێکی دەستەی یەکەم ........................ ٥٩

٢/١-١-٣-٢) لەگەڵ دوو جێناوی دەستەی یەکەم ........................ ٦٠

٢/١-١-٣-٣) لەگەڵ جێناوێکی دەستەی یەکەم و یەکێکی دەستەی دووەم ........ ٦١

٢/١-٢) له دیالێکتی خوارووداا ........................................ ٦١

٢/١-٢-١) لەگەڵ جێناوی لکاودا........................................ ٦١

٢/١-٢-١-١) جێناوی لکاوی (خاوەنیەتی) دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر ....... ٦١

٢/١-٢-١-٢) دوو جێناوی دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر........................ ٦٢

٢/١-٢-١-٣) جێناوێکی لکاوی دەستەی یەکەم بەدوایدا جێناوێکی دەستەی

دووەمی دەچێتە سەر ........................................ ٦٣
٢/١-٢-٢) لەگەڵ مۆرفیمی(یش) ........................................ ٦٤
٢/١-٣) لە دیالێکتی گۆراندا ........................................ ٦٥
٢/١-٣-١) لەگەڵ جێناوەلکاوەکاندا........................................ ٦٦
٢/١-٣-١-١) جێناوی لکاوی (خاوەنیەتی) دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر........ ٦٦
٢/١-٣-١-٢) جێناوی خۆیی دوو جێناوی دەستەی یەکەم پێکەوە وەردەگرێت....٦٧
٢/١-٣-١-٣) جێناوێکی لکاوی دەستەی یەکەم بەدوایدا جێناوێکی دەستەی
دووەمی دەچێتە سەر........................................ ٦٧
٢/١-٣-٢) لەگەڵ مۆرفیمی(چ، یچ)دا........................................ ٦٩
٢/١-٤) لە دیالێکتی کرمانجی سەروودا ........................................ ٦٩
٢/١-٤-١) لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا........................................ ٦٩
٢/١-٤-٢) لەگەڵ مۆرفیمی(ژی) ........................................ ٧٠
/١-٤-٣) لەگەڵ کاردا........................................ ٧١
٢/٢ : بەشداریکردنی جێناوی خۆیی لە سازکردنی وشەدا ........................ ٧٢
٢/٢-١) لە سازکردنی وشەی داڕێژراودا ........................................ ٧٣
٢/٢-١-١) ناوی داڕێژراو ........................................ ٧٣
٢/٢-١-٢) ئاوەڵناوی داڕێژراو........................................ ٧٥
٢/٢-١-٣)ئاوەڵکاری داڕێژراو ........................................ ٧٧
٢/٢-٢) لە وشەی لێکدراودا........................................ ٧٧

٢/٢-٢-١) ناوی لێکدراو ...................................... ٧٧

٢/٢-٢-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو.................................... ٧٨

٢/٢-٢-٣) ئاوەڵکاری لێکدراو.................................... ٨٢

٢/٢-٢-٤) ناوی بکەری لێکدراو .................................. ٨٥

٢/٢-٢- ٤) ناوی بەرکار ........................................ ٨٨

٢/٢-٢-٥ ) کاری لێکدراو ...................................... ٨٩

**بەشی سێیەم** ............................................. ٩٥-١٣٥

٣) جێناوی خۆیی لە ڕووی ڕستەسازییەوە............................ ٩٥
١/٣) جێناوی خۆیی لە باری خۆبەخۆییدا ............................ ٩٥
٣/١-١) بنەڕەتی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لە باری ڕیفلێکسیڤ ........ ٩٦

/١-٢) بەخورتی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی............................ ١٠١

٣/١-٢-١) لە دۆخی بەرکاریدا.................................... ١٠١

٣/١-٢-٢) لە دۆخی تیاندا........................................ ١٠٣

٣/١-٣) بەئارەزوو بەکارهێنانی جێناوی خۆیی............................ ١٠٤

٢/٣) جێناوی خۆیی لە باری جەختکردندا ............................ ١٠٦
٣/٢-١) پێناسەی جەختکردن ........................................ ١٠٦
٣/٢-٢) جێناوی خۆیی لە جەختکردندا .................................. ١٠٧
٣/٣) جێناوی خۆیی لە باری خۆیەتیدا.................................. ١١٦

٤/٣) ئەرکی جێناوی خۆیی لە ڕستەدا.................................. ١٢٣
٣/٤-١) ئەرکی بکەر................................................ ١٢٣

٣/٤-٢) ئەرکی نیهاد.............................................. ١٢٣

۳/٤-۳) ئەركی بەركار.................................................. ۱۲٤

۳/٤-٤) ئەركی دیارخەر.................................................. ۱۲٦

۳/٥) ڕێكەوتنی جێناوی خۆیی لەڕستەدا.................................. ۱۲۷
۳/٦) به تەنیا بەكار هێنانی جێناوی خۆیی له ئاستی ڕستەسازیدا ............ ۱۳۳
**ئه نجامەكان** ............ ۱۳٦-۱۳۷

**سەرچاوەكان** ............ ۱۳۸-۱٤۸

**ملخص الرسالة** ............................................ ۱٤۹

Abstract .............................................. ۱٥۰

٢

# پێشەکی

# پێشەکــــــی

## ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە :

ناونیشان و بواری نامەکە بۆ "جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا" لە هەرچوار دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردی تەرخانکراوە. مەبەستی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکردنی فۆرم و ئەو ڕۆڵ و بارانەیە، کە جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا دەبینێت.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

جێناوی خۆیی یەکێکە لەو کەرەستانەی ڕۆڵێکی دیار و چالاك لە بواری وشەسازی و ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا دەبینێت، بەڵام تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستیانە فۆرم و ئەرك و بارەکانی بەکارهێنانی لەو بوارو مەیدانانەدا بە تەواوی تیشکی نەخراوەتە سەر، بۆیە بە پێویستم زانی لە هەر چوار دیالێکتەکەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدەم، بۆ ئەوەی لایەنە لەیەکچوو و جیاوەزەکانیان ڕوون بکەمەوە و، لە ڕێگای ئەوەشەوە چەند ڕاستییەکمان لەبارەی ئەم جێناوەوە بەدەست هێناوە.

## ٣/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە :

لەم نامەیەدا لە بەشی وشەسازیدا، کەرەستەکان لە دەقی ئەدەبی وەرگیراون. لە بەشی ڕستەسازیشدا، نموونەکان بەپێی ئەو زمانە ئەدەبییەی کە لە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردیدا پێی دەنووسرێت، بەگوێرەی پێویستی نموونە لە دیالێکتەکان جگە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، وەرگیراون.

## ٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ڕێبازی پەیڕەوکراو لەم نامەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکەرەوانەیە.

## ٥/٠) ناوەرۆکی نامەکە :

نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و کلاّوڕۆژنەیەك بۆ چوونە ناو بەشی دووەم و سێیەم و ئەنجامەکان پێکهاتووە :

### پێشەکی :

لە پێشەکیدا، کە سەرەتاییێکە بۆ چوونە ناو باسەکە، باسی ناونیشان و بواری نامەکە و هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە کراون.

### بەشی یەکەم :

لە بەشی یەکەمدا ، بەو کارانەدا چووینەتەوە ، کە لە بارەی جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا کراون، هەڵمان سەنگاندوون.

### کلاّوڕۆژنەیەك بۆ چوونە ناو بەشی دووەم و سێیەم :

**کلاۆرۆژنەیەکە بۆ چوونە ناو ئەم باسە، تیایدا باس لە واتا و چەمك و بنەچەی وشەی (خۆ) و، ناونانی جێناوەکە کراوە. هەروەها شێوە جیاوازەکانی ئەم جێناوە بەپێی دیالێکتەکان و ئەو تایبەتیانەی کە لەم جێناوەدا ڕەنگ دەداتەوە ڕوون کراونەتەوە.**

## بەشی دووەم :

**ئەم بەشە تایبەتە بە جێناوی خۆیی لە ڕووی وشەسازییەوە. لە پاری یەکەمدا گەردانکردنی جێناوی خۆیی لەگەڵ جێناوە لکاوەکان و مۆرفیمی(ش، یش) و کاردا بەپێی هەر چوار دیالێکتەکە بە نموونەوە باسکراوە. کە تیایدا چۆنیەتیی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم و دووەم لە هەرسێ دیالێکتی (ناوەڕاست و خواروو و گۆران)دا لێکدراونەتەوە. لە دیالێکتی سەرووشدا بە تەنیا بەکارهێنانی جێناوی خۆیی ڕاڤە کراوە.**

**پاری دووەم تایبەتە بە بەشداریکردنی جێناوی خۆیی لە سازکردنی وشەدا، کە لە دروستکردنی وشەکانی (ناوی داڕێژراو، ئاوەڵناوی داڕێژراو، ئاوەڵکاری داڕێژراو، ناوی لێکدراو، ئاوەڵناوی لێکدراو ، ئاوەڵکاری لێکدراو، ناوی بکەر و بەرکاری لێکدراو، کاری لێکدراو) بەشدارن، بەنموونەوە خراونەتە ڕوو.**

## بەشی سێیەم :

بەشی سێیەم تایبەتە بە جێناوی خۆیی لە ڕووی ڕستەسازییەوە، لە پاری یەکەمدا باسی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لەباری خۆبەخۆییدا کراوە، کە بنەڕەتی بەکارهێنان و بەخورتی و بەئارەزوو بەکارهێنانی گرتۆتە خۆ.

پاری دووەم تایبەتە بە جێناوی خۆیی لەباری جەختکردندا، تیایدا تیشك خراوەتە سەر ئەو ڕۆڵەی جێناوی خۆیی لە جەختکردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا دەینوێنێت.

لە پاری سێیەمدا باس لە دەربڕینی دیاردەی خۆیەتی لە ڕێگای جێناوی خۆییەوە کراوە.

پاری چوارەم تایبەتە بەو ئەرکانەی جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا دەیبینێت لە ڕستەدا.

پاری پێنجەمی ئەم بەشەیش بۆ ڕێکەوتنی جێناوی خۆیی لە ڕستەدا تەرخانکراوە.

لە پاری شەشەمیشدا بە تەنیا بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لە ئاستی ڕستەدا شرۆڤە کراوە.

لە کۆتایی نامەکەشدا ، ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە پێیان گەیشتووم.

# بەشی یەکەم

## کلاورۆژنەیەک بۆ چوونە ناو بەشی دووەم و سێیەم

# بەشی یەکەم

# کلاورۆژنەیەك بۆ چوونە ناو بەشی دووەم و سێیەم

## وشەی (خۆ) لە چییەوە هاتووە :

وشەی ( خۆ ) لە ( خود ) وەرگیراوە ، هەروك چۆن (خۆ) لە عەرەبیدا بەرامبەر وشەی (نفس) دەوەستێت[١]، بە مانای گیان یان ڕۆح دێت. بۆ نموونە وەك لە (كل نفس ذائقة الموت) وشەی (نفس) بەمانای ڕۆح دێت واتە گیان، کەواتە کە دەڵێین (نفسي) واتە گیانم یان (گیانی من).

لە کوردیشدا، کە وشەی(خۆ) لە (خود)ەوە وەرگیرابێت و، (خود)یش واتای گیانی ئەو کەسە بگەیەنێت – چونکە ( خۆ ) ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی قسە دەکات و، هێما دەکات بۆ خودی خۆی، واتە بۆ گیانی قسەکەرەکە خۆی– وشەی(خۆ)ش بەشداری دەکات لەو کردارانەی کە کاریگەرییان بەسەر گیاندا بە گشتی هەیە، نەك بەشێکی گیانی مرۆڤ . گیانیش کە مانای ڕۆح بگەیەنێ هەموو جەستەی مرۆڤ دەگرێتەوە، واتە هەموو جەستەی مرۆڤ بەشداری لە کارێکدا بکەن.

## ناونانی جێناوەکە :

ئایا بۆچی ناومان لەو مۆرفیمە یان ئەم جێناوە ناوە (خۆیی)؟ یان بۆ ناوێکی دیکەمان لێنەناوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەڵێین: لەبەرئەوەی ئەم جێناوە (جێناوی خۆ) جێناوێکی تاکە ، واتە یەك جۆری هەیە[٢]،بۆیە بەناوی وشە یان مۆرفیمەکەوە ناونراوە و مۆرفیمی(ی) پاشگری ئاوەڵناوی نیسبییان بۆ زیاد کراوە و بووە بە (خۆیی).

ئەم ناو لێنانەش پەیوەندی بەو ڕۆڵ و ئەرکەوە نییە، کە ئەو جێناوە دەیبینێت، چونکە بە پێی واتای وشەی (خۆیی) بێت، دەبێت ئەو جێناوە گوزارشت لەو شتەیە یا ئەو کەسە بکات کە خۆییە و بێگانە نییە، هەرچەندە لێرەدا بە تەواوی واتای خاوەنیەتیش ناگەیەنێت و، ئەگەر واتای خۆیەتیش بگەیەنێ ئەوا لە هەندێ شوێندا واتای خۆیەتی دەگەیەنێ، یان چاکتر وایە بڵێین ڕۆلی خۆیەتی دەنوێنێ[٣].

دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین (خۆیی) مەبەست لەوە نییە کە خۆیەتی و خاوەنییەتی) بگەیەنێ[٤]، هەرچەندە خۆیەتی بەشداری دەکات لە بە خاوەنییەتی کردنی کەس و شتدا ، بەڵام واتا سەرەکییەکەی لەو (خۆ)یە وەرگیراوە کە دراوەتە پاڵ کەسەکە.

---

(١) محمد سعيد اسير و بلال جندى ( ١٩٨١: ٣٧٢).

(2) مەبەستمان لەوەیە کە تاك و کۆی نییە و ، وەکو جێناوە کەسییەکان بەتێی کەسەکان نییە کە شەش فۆرمی جیاوازی هەیە ، هەرضی جێناوی خۆییە ، تەنیا ئەو فۆرمە و ئەلۆمۆرفەکانییەتی.

(3) لەبەشی سێیەمی ئەم باسەدا بە تێر و تەسەلی لەم بابەتەدا دواوین.

(4) خۆیەتی و خاوەنیەتی طەیاندن لایەنێکی بضوکە لەو ڕۆلانەی کە جێناوی خۆیی دەیبینێت . وەك ئەوەی کە د. محەمەد مەعروف لەطوظاری کۆڕی زانیاری باسی لە خۆیەتی کردووە ، کە نەك هەر جێناوی خۆیی بەڵکو جێناوە لکاوەکانیش ئەرکی خۆیەتی دەبینن .بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح(١٩٨٠: ١٦٢).

بەڵام لەزمانانی دیکەدا بەتایبەتی لەزمانی ئینگلیزیدا ناونانی ئەو مۆرفیمەیان بەپێی ئەو ڕۆڵە ناوناوە، کە مۆرفیمەکە دەینوێنێت، لە هاوئامازەبوونی بکەر و بەرکاردا لە ڕستەیەکدا. بەم شێوەیە ناویان ناوە (reflexive) کە واتای تەکدانەوە[5]یا ڕەنگدانەوە لە زمانی کوردیدا دەگەیەنێت.

ئەم ناونانەش ڕێک بەپێی ئەو ڕۆڵەیە کە (خۆ) دەیبینێت لە ڕەنگدانەوەی بکەر و بەرکاردا لە یەک کەسدا، هەرئەمەشە وای کردووە لێکۆڵینەوە نوێیەکان بە ئەنافەر[٦]ی دابنێن، لە زمانی عەرەبیش بە (ضمير الانعكاسية)[7]پاچڤە کراوە، کە هەمان واتا دەگەیەنێت. لە فارسیشدا بە (ضماير المشتركة)[8] ناونراوە، کە مەبەست لە هاوبەشی کردنی بکەر و بەرکارە لە یەک تاکە کەسدا.

هەرچەندە ئەمەی سەرەوە ڕوونکردنەوەی ڕاستی ناونانی ئەم مۆرفیمە و دەرخستنی لایەنی هەڵەکانی ناونانییەتی لە زمانی کوردیدا، بەڵام بە هۆی جێگیر بوون و ناسراوبوونی ئەم جێناوە بەم ناوەوە، کە هیچ لە ڕۆڵ و ئەرکی ئەم جێناوە کەم ناکاتەوە، بۆیە پێشنیازی ئەوە ناکەین، ناونانەکەی بگۆڕین و سەر لە هاوزمانان بشێوێنین.

هەرچەندە بەهۆی ئەرکی جۆراوجۆری ئەم جێناوەوە گرفتێکی دیکە سەرهەڵدەدات، ئەویش کێشەی ناسینەوەی ڕۆڵی جێناوەکەیە، هەروەک چۆن لە زمانانی دیکە بەتایبەتی لە ئینگلیزی کە بە پێی ئەو ڕۆڵەی جێناوی خۆیی دەینوێنێت ناوی لێنراوە، وەک بۆ ڕۆڵی باری جەختکردن بە (emphatic pronoun)[٩]، ناونراوە، بۆ ڕۆڵی باری خۆبەخۆییش (**Reflexive**). لە عەرەبیشدا هەر بە (ضمیر توکید) ناویان بردووە، هەرچی توێژینەوە نوێیەکانیشە بەرانبەر بە باری خۆبەخۆیی بە (ضمیر الانعکاسی) پاچڤەیان کردووە.

## شێوەکانی جێناوی خۆیی[١٠] :

وێنەی جێناوی خۆیی لە ئاوێستادا لە شێوەی(هڤە، خوە، خوەتۆ)[11]دەبینرێت. لە فارسی ناوەڕاستدا لە فۆرمی (خوەت) دا بەرچاو دەکەوێت، لە فارسی نوێشدا(خود)لە (Khou)ی سانسکریتی بە لێکدانی کۆنسنانتی (د) دروست بووە[١٢].

---

(5) د. ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤ :٤٧).

(6) لێکۆڵینەوە نوێیەکان بەتایبەتی لە ڕێزمانی حومکردن و بەستنەوە جێناوی خۆیی بە جێناو دانانێن بەڵکو بە بەشێك لە ئەنافەری دادەنێن، ئەنافەریش بەو وشانە دەوترێت کە ئامازە بۆ وشەیەکی تێش خۆی دەکات، بڕوانە: تارا موحسن قادر(٢٠٠٤: ١٢٠).

(7) جورج نعمة سعد ( ١٩٨٢ : ١٢).

(٨) حسن احمد و حسن انوري (١٣٨٠: ١٤٢).

(9)Muhammad. Ahmmed (1990:1, 50)

(١٠) هەندێ لە نووسەران ئارتیکلی(خۆ) کەخۆتە ناوزمانی عەرەبیشەوە، بە بەشێك لە جێناوی خۆیی دەزانن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم(خۆ)یە هیض ثەیوەندییەکی بە جێناوی خۆییەوە نییە و ضەمکی خۆیی ناطەیەنێت و، بەواتای خۆیەتی و خاوەنییەتی نایەت، بەڵکو یەکێکە لە ئارتیکلەکانی زمانی کوردی.

(11) د. ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤: ١٣٦) .

(12) ئەلیکساندەر خۆدزکۆ (٢٠٠٥ : ٨٢)

لە دیالێکتی سەروودا (خوە) فۆرمی سەرەکییە، بەڵام شێوەکانی(خۆ)[١٣]، (خود)، (خا)، (خوا)[١٤]یش بەرچاو دەکەوێت. لە دیالێکتی ناوەڕاستیشدا، شێوە سەرەکییەکەی (خۆ)یە، بەڵام شێوەی(خود)یش هەندێ جار بە هەمان واتا بەکاردەبرێت، هەرچەندە (خود) لە ئەرك و واتادا کەمێك لە (خۆ) جیادەبێتەوە.

لە دیالێکتی خوارووشدا هەر شێوەی (خوە)ی هەیە، بەڵام هەمان گۆکردنی شێوەی دیالێکتی سەرووی نییە ، بەڵکو گۆکردنەکەی شێوەیەکی دیکە وەردەگرێت.

لە دیالێکتی گۆرانیش، بەپێی شێوەزارەکان، شێوەی جیاوازییان هەیە. لە هەورامیدا (وێ) لە شەبەکدا (هێ) [15]لە ماچۆدا (یۆ) و لە سفەیەش (هوو)[١٦]بەکاردێنن.

---

**(١٣)** لة شيَوةزارى بادينان، بةهؤى كاريطةرى دياليَكتى ناوةراست و ليَكدانى دةنطى/ و/ لةطةلَ دةنطى /ة/ دا، دةنطى /ؤ/ درووست بووة.

[14] **Qanate kurdo (1981:70).**

[15] **Dr. Michiel Leezenberg: Enternet.**

[16] لة سةردانيَكمدا بؤ خويَندنطاى ئةو طوندةية، كةلة سةر زيَى بادينان نزيك بة شارؤضكةى خةباتة، لة خويَندكارةكان و ضةند بةتةمةنيَكى ئةم طوندةية وةرم طرتووة، بةلاَم ئةوةى جيطاى سةرنجة خويَنكارةكان ئةم شيَوةزارةيان بةباشى نةدةزانى و بة شيَوةزارى هةوليَر دةئاخظن.

## تایبەتییەکانی جێناوی خۆیی :

١- جێناوی خۆیی فۆرمێکی نەگۆڕی هەیە، کە (خۆ) و هاوشێوەکانییەتی[١٧].

٢- لێناگەڕێت هەمان ناو لە ڕستەدا دووبارە ببێتەوە و، شوێنی ئەو ناوە دەگرێتەوە.

٣- لەگەڵ ئەو کارەی کە لە ڕستەدا بەکاردێت، کاری کەسی دروست دەکات[١٨].

٤- کەس و ژمارەی تێدا نییە[١٩] و لەڕووی ڕەگەزەوە بێلایەنە.

٥- لە کاتی لێکدانیان لەگەڵ کاردا واتای (خۆکردن) دەگەیەنێت و بکەر نایاریان لێ دروست ناکرێت[٢٠].

٦- پەیوەندی کەس بە کردەوەی ئەنجامدراو دەردەخات[٢١].

٧- بۆ خۆیەتی بەکاردێت[٢٢].

٨- لە کرمانجی سەروودا ، هیچ کەرەستەیەکی زمانی پێوە نالکێت[٢٣].

٩- لەباری ریفلێکسیڤدا مەرج نییە لەگەڵ هەموو کردارێکدا، ببێتە بەرکار، بەڵکو تەنیا لەگەڵ ئەو کارانە بەکاردێت کە چەمکی ڕەنگدانەوە (الانعكاسی) یان تێدایە[٢٤].

١٠- لە ڕێگای جێناوە لکاوەکانەوە کەس و ژمارەیان بۆ دیاری دەکرێت.

١١- لە باری ڕیفلێکسیف و خۆیەتیدا، یاسای بە خورتییان بەسەردا دەسەپێت.

١٢- نیشانەی نەناسیاوی وەرناگرن[٢٥].

---

(١٧) پێشتر لەلایەن ڕێزماننووسان چەندین فۆرمی جیا بۆ ئەم جێناوە دیاریکراوە، ئەگەر سەرنجی ئەو نووسینانەی پێشوو، کە لەبارەی جێناوی خۆییەوە نووسراون ، بدەین ، بۆ دوو کۆمەڵە دابەش بوونە کۆمەڵەی یەکەم لەوانە ( سەعید صدقی ، تۆفیق وەهبی ، نوری عەلی ئەمین ، گیوی موکریانی ، د. نەسرین فەخری و د.کوردستان موکریانی - لە نووسینەکانی بەم دواییەیان ڕای خۆیان گۆڕیوە - ، و هەندێکی دیکە .... ) فۆرمەکانی ( خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) بە جێناوی خۆیی دادەنێن . کۆمەڵەی دووەمیش نووسەرانی وەك (کوردۆییڤ، سادق بەهائەدین، م. مەسعوود محەمەد ، د. جەمال نەبەز ، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ) فۆرمی (خۆ) بە جێناوی خۆیی دەزانن. تەنانەت د. ئەوڕەحمان و م. مەسعوود مجەمەد و سازە ئەحمەدیش "saza.a.boskany (2001:70)" دا فۆرمی (خۆ) بەرانبەر بە (self ) ی ئینگلیزی بەراورد دەکەن . ئەمەش زیاتر چەسپاندنی سەربەخۆیی (جێناوی خۆیی)یە.

(18) صادق بەهائەدین (١٩٨٧ :٢٤٨).

(19) لة بةشى لة ريَطاى ئةو جيَناوة لكاوةى كة ثيَيةوة دةلكيَت يان جيَناوة كةسييةكان لة كرمانجى سةروودا كةس و ذمارةكةى دةردةكةويَت .. سيَيةمى ئةو باسةدا رروونكراوةتةوة .

(20) يوسف شەريف سەعيد ( ١٩٩٨: ٣٢).

(21) صادق بةهائةدين (١٩٨٧: ٢٤٨) .

(22) محةمةد مةعروف فةتاح (١٩٨٠: ١٦٨).

(23) بة هؤى نةبوونى جيَناوة كةسيية لكاوةكانى دةستةى يةكةمةوة، نةك هةر جيَناوى خؤيى، بةلَكو ئةطةر ناويَكيش لة شويَنى دابنيَين، جيَناويَكى لكاو نيية ثيَيانةوة بلكيَ َت، بةلَكو لة جياتى ئةمة جيَناوة كةسييةكان ئةم كارة بةجيَديَنن كة جيَناوة لكاوةكان لة دياليَكتةكانى ديكةدا ئةنجامى دةدةن .بروانة : ظيان سليَظانةيى(٢٠٠١: ٣٥).

(٢٤) Quirk , R and etal(1988: 358).

(25) د. ئەوڕەحمانی حاجیمارف (٢٠٠٤ : ١٢٩).

١٣- واتای كەس و شت دەگەیەنێت ، پەیوەندیان لەگەڵ ئەو كەس و شتەدا ڕادەگەیەنێت، خاسییەتیان لە ڕووی ئەو پەیوەندییەوە دیاری دەكات[26].

١٤- جێناوی خۆیی لە باری جەختكردندا ، تەنیا جەخت لە ناو دەكاتەوە[27].

١٥- ئەگەرچی شوێنی ناو دەگرێتەوەو، هەموو ئەركەكانی ناو دەبینێت، ناتوانێت هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت.

١٦- لە دۆخی ڕاستەوخۆ و تیان بەكاردێت.

# بەشی دووەم

## كردەی ئاخاوتن و لێكەوتە ئاخاوتەییەكان

---

([26]) هەمان سەرچاوە( ٢٠٠٤: ٧٦).

([27]) لە بەشی سێیەمی ئەو باسەدا ڕوون كراوەتەوە .

# بەشی دووەم

## ١) پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی لە بارەی جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا کراون:

جێناوی خۆیی وەك جۆرێك لە جۆرەکانی جێناو مەودا و بوارێکی فراوان و بەربڵاوی هەیە لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئاخاوتنەکانماندا و، پانتاییەکی بەرین داگیر دەکات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بە تێر و تەسەلی لێکۆڵینەوەی پوخت و قووڵی زۆر بە کەمی لەبارەوە ئەنجام دراوە، وێڕای کەمی لێکۆڵینەوەش لێی، ناشێ ئەو کارانەی تا ئێستا لەم مەیدانەدا هێنراونەتە بەرهەم پشت گوێ بخەین و، وا بە چاك دەزانین پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێکیان لەبارەوە بکەین.

مامۆستا سەعید صدقی کابان لە کتێبی "**مختصر صرف و نحوی کوردی**"دا[٢٨] زۆر بە کورتی باس لە جێناوی خۆیی دەکات. لە ژێر ناوی "**حرفان مرکب**"دا پێناسـەی دەکات و دەلێــت : "**حرفان مرکب - حرفانیکن لە یك حرف زیاتر بن و معنایان هەبی**"(ل٦٧).

(خۆ)ش یەکێکە لەمانە بۆ جەختکردن بەکاردێ وەکو "**خو تو بە رشکە و سپیکە تا روانی**" (ل٦٩). لێرەدا نووسەر (خۆ)ی وەکو جێناو بە ئێمە نەناساندووە، بەڵکو تەنیا وەك (حرف) بە چاولێکەریی ڕێزمانی عەرەبی بەشەکانی ئاخاوتنی دابەش کردۆتە سەر(حرف، اسم، فعل) و (خۆ)شی بە بەشێك لە(حرف) داناوە. واتە- باسی(خۆ)ی وەکو جێناو نەکردووە.. تەنانەت لەو نموونەیەشدا، کەهێناویەتیەوە بۆ جەختکردن بەکارنەهاتووە، بەڵکو (خۆ) وەکو پارتیکل خۆی نواندووە. هەرچەندە نووسەر بە یەکەم ڕێزماننوسی کورد دادەنرێت، کە بە کوردی لەسەر ڕێزمانی کوردی نووسیبێت، بەڵام سەبارەت بە جێناوی خۆیی کەوتۆتە هەڵەوە و بۆ ئەوە نەچووە کە(خۆ) لە شوێنی تریش بەکاردێت و وەکو جێناو چەندین ئەرکی جۆراو جۆر دەبینێ.

مامۆستا تۆفیق وەهبی لە کتێبی "**دەستووری زمانی کوردی**"دا[29]دا، کە لەژێر سەرناوی (بۆناو)دا لە جێناو دواوە، لە سەرەتادا پێناسەی کردووە و ئەوجا ئەرکەکانی و

---

(١) سەعید صدقی کابان(١٩٢٨: ٦٩،٦٧).

جۆرەکانی دیاریکردووە... دواتر باس لە جێناوی خۆیی دەکا، کە پێی وتووە"بۆناوی خۆیی" و لەبارەیەوە دەڵێ:"**بۆناوی خۆیی بۆناوێکی لێکدراوە بۆ تەئکیدی کەسەکان یان بۆ لە هی ناو بە کەڵك ئەهێنرێت**"(ل١١٢). واتە لە لای ئەو جێناوی خۆیی بۆ جەختکردن کەسەکان یان جێناوە کەسییەکان بەکاردێت. ئەم کتێبەی مامۆستا تۆفیق وەهبی یەکەم سەرچاوەیە بە زمانی کوردی کە (خۆ) وەکو جێناو بناسێنێ و ئەرکەکانی لە ڕستەدا دەست نیشان بکات. لەو ئەرکانەش کە دەست نیشانی کردوون: "باسلێکراو؛ تەواوکەری سەربەخۆ؛ تەواوکەری بەیاریدە؛ تەواوکەری باسی ناتەواو و تەواوکەری ناو"(ل١١٣). نووسەر بۆ هەریەکەیان نموونەی ڕاست و دروستی هێناوەتەوە. گەر ئەم بەرهەمەی مامۆستا تۆفیق وەهبی لەگەڵ ئەو کتێبانەی بەم دواییە دەرچوون بەراورد بکەین، لەگەڵ ئەوەی ئەوی ئەم زۆر بەر لە کارەکانی دواتر بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نووسەرانی پاش ئەم شتێکی زیادی ئەوتۆیان نەخستووەتە سەر ئەم خەرمانە... بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، مامۆستا وەهبیش کەموکورتیی زۆری نەبێ، بەتایبەت کە جێناوی خۆیی بە جێناوێکی لێکدراو داناوە و، وای بۆچووە کە لە جێناوی (خۆ) و جێناوە لکاوەکان پێکهاتبێت.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە بەرگی یەکەمی" **قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا**"[٣٠]، لە باسی جێناوی خۆییدا، وامان پێدەناسێنێ کە وا جێناوە لکاوەکان بە بەکارهێنانیان لەگەڵ وشەی (خۆ) دەبن بە جێناوی خۆیی و ئنجا دەڵێ "بۆ تەوکیدی (ناو) یا (راناو- ضمیر) بەکار ئەهێنرێ"(ل٦٧)، مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە دیاریکردنی بەکارهێنانی جێناوی خۆییدا نموونەکانی ڕاست و دروستن(ل٦٧). لە لاپەڕە (٩٦)یشدا، کە باس لە جەختکردن (تەوکید) ی مەعنەوی دەکات دیسان بە چاولێکەری ڕێزمانی عەرەبی نموونەکانی دێنێتەوە، وەك " قارەمان خۆی سواری ئەسپەکە بوو"(ل٩٦)"؛ "ئەی تۆ خۆت پێت نەووتم، دێم .... نەأ من خۆم ئەمەم نەووتووە"(ل٩٧) لەبەرئەوەی ئەگەر لە باری جەختکردندا جێناوی خۆییمان لابرد ئەوا دەبێ ڕستەکە مانای تێك نەچێ و تەنیا باری

---

(٢) تۆفیق وەهبی(١٩٢٩: ١١٢-١١٣).

(٣) نووری عەلی ئەمین( ١٩٥٦: ٦٧ و ٩٦).

جەختکردنەکەی لەسەر لابچێ، بەڵام لە ڕستەی "ئەوان خۆیان بەم بارەوە نەدیوە"(ل٩٨)، کە لەژێر ناوی تەوکیدی مەعنەویدا ئەم نموونەیەی هێناوەتەوە، کەچی لێرەدا (خۆیان) بۆ جەختکردن بەکارنەهاتووە، چونکە ئەگەر (خۆیان) لابدەین ڕستەکە مانای نامینێ و هەروەها (خۆیان) لێرەدا وەکو (بەرکار) دێت– واتە لە باری خۆبەخۆییدایە، کەچی نووسەر دەرکی بەمە نەکردووە. ئەم بارە چییە و، هەر لەژێر ناوی باری جەختکردن (تەوکید) دا باسی کردووە. جگە لەمە نووسەر لە دەست نیشانکردنی فۆرمی جێناوەکەدا کەوتۆتە هەڵەوە کە دەڵێ جێناوە خۆییەکان بریتین لە "خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان"(ل٦٧)، کەواتە بەلای ئەوەوە لەجیاتی یەك جێناوی خۆیی چەند جێناوێکی خۆییمان هەیە و، لە دەستنیشانکردنی ئەم فۆرمەشدا جێناوە لکاوەکان پێشتر باس دەکات و ئنجا دەڵێ لەگەڵ (خۆ) لێك دەدرێن. کەواتە ئەو(خۆ) ناکات بەسەرەی جێناوی خۆیی – کاتێ بە جێناوێکی لێکدراویان دادەنێ، بەڵکو جێناوە لکاوەکان دەکات بەسەرەی ئەم جێناوە لێکدراوە و، (خۆ) بەجێناو دانانێ. نووسەر بێئەوەی ئاگای لەوە بێ کە (خۆ) لە دیالێکتی سەروودا بەتەنیا و بەبێ بوونی جێناوە لکاوەکان دەتوانێ ڕۆڵی جێناوی خۆیی ببینێ وەك :

**من خوە بریندار کر.**

**ئەز ب خوە هاتم.**

ئەگەر فۆرمی جێناوی خۆیی فۆرمێکی لێکدراو بێ– واتە لە (خۆ + جێناوە لکاوەکان) پێکهاتبێ، کەواتە چۆن لە هەندێ حاڵەتدا لەگەڵ مۆرفیمی (ش، یش) دەچنە نێوانی(خۆ) و جێناوە لکاوەکان وەك (خۆشم، خۆیشم). خۆ ئەگەر جێناوی خۆیی فۆرمێکی لێکدراو بێت، ئەوا وەکو وشە لێکدراوەکانی دیکە نابێ هیچ مۆرفیمێك بچێتە نێوانیان، چونکە سیما و واتای لێکدراوی نامینێ"[٣١]. نووسەر بەرانبەر بە جێناوی خۆیی زاراوەی "ضمیر عکسي" بەکارهێناوە، کەچی بە هیچ شێوەیەك باس ناکات (عکسی) مانای چییە و بۆ ئەم زاراوایەی بۆ داناوە. خۆ (عکسی) هیچ پێوەندییەکی بە جەختکردن (تەوکید)، یان بەو (خۆ)یە نییە کە ئەو باسی لێدەکات. ئەم زاراوەیەی "ضمیر عکسي" پاچڤەکردنی زاراوەی"pronoun Reflexive"ی ئینگلیزییە، کە بریتییە لە"ئەو کارانەی کە بەرکارەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ

---

([٤]) بۆنموونە لە وشەی لێکدراودا ئەگەر مۆرفیمێکی بخەینە نێوان هەردوو پارچەی وشە لێکدراوەکە، ئەوا سیماو واتای لێکدراوی نامینێ و دەبێت بە دوو وشەی سەربەخۆ :

گەردەن بەخاڵ     گەردەنی بەخاڵە؛ خۆکوشتن     خۆش کوشتن.

بکەرەکەی"[٣٢]، کە ئەمەش مەبەستێکی دیکەی سەرەکی ئەم بابەتەیە، کەچی نووسەر هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەمە نەکردووە گەرچی نموونەیەکی لەسەر ئەم بابەتە هێناوەتەوە، وەکو پێشتر باسمان کرد، بەڵام بە هەڵە ئەم نموونەیەی هێناوەتەوە بێ ئەوەی دەرک بەم بارەی جێناوی خۆیی بکات.

مامۆستا نـــووری عەلی ئەمین لە بەرگی دووەمی "قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحو دا"[٣٣]، کە دووساڵ دوای بەرگی یەکەم بە چاپی گەیاندووە. سەبارەت بە جێناوی خۆیی هەمان شتی دووبارە کردۆتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ لە ئەرکی جێناو لە ڕستەدا نموونەی بۆ جێناوی خۆییش هێناوەتەوە و، ئەرکەکانی جێناوی خۆیی لەڕستەدا لای ئەو"مسندالیە، تەواوکەری ڕاست، تەواوکەری ناڕاست، تەواوکەری فرمانی دەستیاو، موزاف الیە"ن(ل٨٧–٨٨).

ئەمەش بە دانانی لەگەڵ جێناوەکانی تر، کە هەمان ئەرك دەبینن – واتە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ، کە جێناوی خۆیی هەمان ئەرك دەبینێ کە جێناوەکانی تر دەیبینن، بەڵام دیسان هەموو ئەرکەکانی باس نەکردووە. نموونەی ئەو ئەرکانەش کە باسی لێوە کردووە، هەڵەی تێدا کردووە، وەك لە ئەرکی (مسندالیە ) ڕستەی "خۆم ئەی بینم"(ل٨٦) دیارینەکردووە، کە ئەم(مسندالیە)یە بکەرە یان نیهادە، بەڵام(خۆم) لێرەدا بۆتە بکەر.

لە نموونەی ئەرکی بەرکاردا" خانووەکە خۆی ئەفرۆشم"(ل٨٧)، لێرەدا (خانووەکە) بەرکارە و، جێناوی خۆیی بۆ جەختکردن لە بەرکار هاتووە نەك وەك بەرکار هاتبێ، چونکە ناتوانین بەرکارەکە لاببەین و(خۆی) شوێنی (خانووەکە) بگرێتەوە، چونکە بکەر و بەرکار سەر بە هەمان کەس نین، بەواتایەکی تر(من) کە بکەرەکەیە لە کەسی یەکەمدایە و خانووەکەش گەر بیکەین بەجێناو دەبێتە کەسی سێیەم، جێناوی خۆییـش کاتێ دەبێ بە بەرکار و ڕۆڵی خۆبەخۆیی دەبینێ، کە بکەر و بەرکارەکە هەمان کەس بن، بەڵام لەم ڕستەیەدا دووکەسی جیاوازن. بۆیە لێرەدا(خۆ) تەنیا بۆ جەختکردن هاتووە، نەك خۆبەخۆیی. لە لایەکی ترەوە ڕستەی (خانوەکە دەفرۆشم) بە بێ (خۆ) ڕستەیەکی تەواوە و پێکهاتوە لە

---

([٥]) اکسفورد(١٩٩٨: ٦٢١).

([٦]) نووری عەلی ئەمین(١٩٥٨: ٨٠ و ٨٦–٨٨).

**(بكەر، بەركار، كار) كەواتە دەتوانين (خۆ) لا بدەين، بەڵام ئەگەر بەركار بێت ناتوانين بەركارەكە لا بدەين وەك:**

**من خۆم بريندار كرد.**

**لێرەدا ناتوانين (خۆم) لابدەين چونكە پێكهاتەيەكى سەرەكى ڕستەكەيە و لە بارى خۆبەخۆيى دايە.**

**مامۆستا نوورى عەلى ئەمين لە كتێبى سێيەميدا-"ڕێزمانى كوردى"[٣٤]، هەروەك لە پێشەكيەكەيدا باسى كردوە، لەدواى بژارێكى باش و تەتەڵەيەكى بەسوود و سوودوەرگرتن لە هەندێ سەرچاوەى گرنگ بەتايبەتى سەرچاوە ئينگليزييەكان، دەبوايە شتى زۆر بەكەڵكتر بنووسێ، كەچى لەبارەى جێناوى خۆييەوە هەمان شتى كتێبەكانى پێشووى دوبارە كردۆتەوە بە هەڵەكانيشيەوە، جگە لە هەندێ گۆڕانكارى نەبێ، كە بچووكن، بەڵام گرنگن وەك لەپێناسەكەى دا هاتووە "ڕاناوى خۆيى-REFLEXEVE PRONUOUN- ئەو ڕاناوانەن كە لە برى كەسێ يان شتێ، وە يا تەوكيدى ناوێ يا ڕاناوێكى تر بەكار ئەهێنرێن"(ل٩٥). لێرەدا نووسەر شتێكى تازەى خستۆتە سەر پێناسەكەى پێشوو ئەويش ئەوەيە، كە جێناوى خۆيى لە برى كەسێ يان شتێكى ديكە بەكاردێت جگە لە جەختكردن (تەوكيد) ، كە پێشتر باسى لێدەكرد. وەك لەم نموونەيەدا بەدەر دەكەوێ "بە خۆتم ووت كە نايەم بۆ ئەوێ"(ل٩٥). لەم ڕستەيەدا جێناوى خۆيى وەكو جەختكردن بەكار نەهاتووە، چونكە ئەگەر بۆ جەختكردن بەكاربێت دەبێ بتوانين ئەو ناوە يان جێناوەى، كە تەئكيدى لێكراوە جارێكى ديكە بەيەكەوە بەكاريان بێنين، وەك:**

**تۆ بچۆ بۆ بازاڕ.**

**تۆ خۆت بچۆ بۆ بازار.**

**خۆت بچۆ بۆ بازار.**

**بەڵام لە ڕستەكەى ئەودا ناتوانين بڵێين:**

**بەتۆ خۆتم وت كە نايەم بۆ ئەوێ.**

**كەواتە لەم ڕستەيەدا جێناوى خۆيى بۆ جەختكردنى (تۆ) نەهاتووە، بەڵكو شوێنى (تۆ)ى گرتۆتەوە، بۆيە گەر هەردوكيان بەيەكەوە بەكاربێنين ڕستەكە لەنگ دەبێ. هەروەها**

---

([٧]) نوورى عەلى ئەمين (١٩٦٠: ٩٥-٩٦).

لەبارەی ئەرکەکانی جێناو لە ڕستەدا هەندێ لە هەڵەکانی پێشتری ڕاست کردۆتەوە و، ئەم ئەرکانەی بۆ جێناوی خۆیی دەست نیشان کردووە: "بکەر، تەواوکەری سەربەخۆی فرمانی بەهێز، تەواوکەری سەربەخۆی فرمانی بێهێز، تەواوکەری بەیاریدەی فرمانی بەهێز، تەواوکەری بەیاریدەی فرمانی بێهێز، تەواوکەری ناو"(ل ٩٦). بەڵام لە نموونەی ئەرکی تەواوکەری ناو (موزافو ئیلەیهی)دا ڕستەی "ئەوەی خۆم ئەخۆم"(ل٩٦)جێناوی خۆیی بۆتە دیارخەر بۆ تەواوکەری جێناوی نیشانە، نەك تەواوکەری ناو.

لە لایەکی دیکەوە مامۆستا نووری عەلی ئەمین زاراوەی "Pronoun Reflexive"ی بەرانبەر بە جێناوی خۆیی بەکاری هێناوە، کەچی بەهیچ شێوەیەك باسی لە خۆبەخۆیی نەکردووە و مەرجەکانی بوونی جێناوی خۆیی یان چۆنیەتی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لە باری خۆبەخۆییدا ڕوون نەکردۆتەوە، تەنیا لەو نموونەیەدا نەبێت، کە وتوویەتی: ئەرکی تەواوکەری ڕاستەوخۆ دەبینێ؛ جێناوی خۆیی ڕۆڵی خۆبەخۆیی دەبینێ؛ هەرچەندە لە هێنانەوەی ئەو نموونەیەشدا دەرکی پێنەکردووە.

مامۆستا گیوموکریانی لە پاشکۆی **"فەرهەنگی مەهاباد"**دا[٣٥]، چەند لاپەڕەیەکی بۆ ڕێزمانی کوردی تەرخان کردووە. لە باسی جێناودا لەژێر ناوی "ڕاناوی خۆیی ئاوێتە"دا فۆرمی(جێناوی خۆیی)ی لەدیالێکتی ناوەڕاستدا بە(خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) یاداشت کردووە، بۆ دیالێکتی سەرووش (ئەز بخوە، من بخوە، تە بخوە، ئەو بخوە، وی بخوە، وێ بخوە، ئەم بخوە، مە بخوە، هۆن بخوە، وە بخوە، وان بخوە)ی دەستنیشانکردووە. لێرەدا ئەگەر نووسەران جارێك هەڵەیان کردبێ، ئەوا ئەو دووجار توشی هەڵە هاتووە، چونکە لە دیالێکتی سەروودا (خوە) بە تەنیا بەکاردێت. بەڵام ئەو جێناوێکی کەسی سەر بەخۆی داوەتە پاڵ و، نە لەڕستە و نە لەوشەسازیدا هیچ ئاماژەیەکی بە ئەرك و ڕۆڵی جێناوی خۆیی نەکردوە.

مامۆستا جگەر خوێن لە کتێبی **"اوا ئو دەستورا زمانی کوردی"**[٣٦]دا جێناوی خۆیی بەجێناو دانانێ و دەڵێ بەڕای من ئەمە جێناو نییە بەڵکو پاشگری جێناوە و بۆ خورتی بەکاردێت. لە بەر ئەوەی گەلێك جاران لە زمانی کوردی دا لەگەڵ جێناو کۆدەبێتەوە لە

---

(٨) گیو موکریانی ( ١٩٦١ : ٧٥٦).

(٩)جگر خوین (١٩٦١: ٨١-٨٢).

**دیالێکتی خوارودا لە ڕستەی "خۆم بەخۆم دەڕۆم _ئەز بخوە دچم"(ل٨١) پێنج جێناو بەیەکەوە کۆدەبێتەوە( خۆ-م- خۆ- م - م) و لەدیالێکتی سەرووشدا سێ جێناو کۆدەبێتەوە. لە بەرئەوە وتوویەتی ئێمە دەتوانین بڵێین کە (خۆ) بۆ خورت کردنی ناوو جێناو بەکاردێت وەك.**

**"بارام ب خوە هات _ ئەو ب خوە هات**

**ئەو ب خوە هات _ وی ب خوە خوار " (ل٨٢)**

**واتە لێرەدا (ب خوە) یان (خۆ) بۆ جەختکردن کردن لە ناوێك یان جێناوێك بەکارهاتوە. بەڵام ئەو ناوی نەناوە جەختکردن (تەوکید)، بەڵکو مامۆستا جگەر خوێن بە کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبی، (خۆ)ی بەرانبەر(نفس- شخصية-ذات)ی عەرەبی دەوەستێنێ و ڕستەی(ئەزبخوە چووم- ئەمن بەخۆم ڕۆیشتم) بەرانبەر دەکات بە (انا ذهبت بشخصيتی- بنفسی - بذاتی) و ناوی لێناوە (خورتی). مەبەست لە خورتیش لەلای ئەو چالاکتر کردنە، کە هەر جەختکردنەکەیە، بەڵام ئەو ناوی نانێت جەختکردن (تەوکید).**

**مامۆستا مەسعوود محەمەد لە وتاری "سوڕێکی خامە بە دەوری (ڕاناو)دا"[37]، لێکۆڵینەوەیەکی پوختی لەسەر جێناو وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن کردووە. ئینجا کە دێتە سەر جێناوی خۆیی، یەکەم کەسە ڕوانینی ورد و ڕاستی بۆ جێناوی خۆیی هەبێ و ئەوە بسەلمێنێ، کە لە بواری وشەسازیدا بەشداری دەکات و لە سازدانی وشەی نوێ وەکو تەرکیبەیەکی ئیزافە ڕۆل دەبینێ. ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە"واتای(خۆ) تەرکیبە ئیزافییەکە ئامادە دەکا بۆ ئەو بەکارهێنانە کە واتاکە لێی دەوەشێتەوە"(ل٧٩)، بەڵام لەوەدا کەوتۆتە هەڵەوە کە وتوویەتی "هەر بەو پێیە خۆم، خۆمان، خۆتان، خۆتن خۆیانن خۆی بێ زیاد و کەم تەرکیبێکی ئیزافییە"(ل٧٩).**

**نووسەر جیاوازیی نێوان حاڵەتی سینتاکسی و فەرهەنگی نەکردووە و هەردوو حاڵەتەکەی تێکەڵ کردووە، وەك لە لاپەڕە(٨٢)دا وتوویەتی "وشەی (خۆ)ش هەرهەمان وشەی فەرهەنگییە لە تەرکیبەی (خۆکوشتن) و (خۆیان هاتن، خۆمان هاتین)". لێرەدا ئەوە بەدەردەکەوێ جیاوازی نەکردووە لە نێوان دانەی فەرهەنگی و سینتاکسی، چونکە لە**

(٣٧) مەسعوود محەمەد (١٩٧٤).:(١٤٨-٩

پێکهاتەی (خۆکوشتن)دا حاڵەتێکی فەرهەنگی هەیە، بەلاَم (خۆمان هاتین) حاڵەتێکی سینتاکسییە، کەچی ئەو بەیەکەوەی بەراورد کردوون و بەهەمان حاڵەتی تەرکیبەی داناوە.

وێڕای ئەوەی دانی بەوەدا ناوە کە "**وشەی خۆ لە فەرهەنگدا واتاییێکی بۆ دیاری دەکرێ و کراوە چونکە وەك هەموو وشەیەکی فەرهەنگی لە ئاخاوتندا بەکاردێ و دەگوترێ: خۆماڵی، خۆیی، خۆییاتی، خۆهەڵدانەوە، خۆڕەپێش کردن، خۆکرد...**"(ل٧٩)، بەلاَم لە دەستنیشانکردنی فۆرمی جێناوەکە کەوتۆتە هەڵە و (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان)ی بە تەرکیبەی ئیزافە داناوە(ل٧٩)، نەك حاڵەتێکی سینتاکسی. ئەمەش لەبەرئەوەی جێناوی خۆیی کەس و ژمارەی تێدا نییە.. بۆیە لەکاتی بەکارهێنانیدا، دەبێ کەسەکانی بۆ دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی (خۆ) بتوانێت دەربڕی ئەو کەسە بێت، ئەمەش لە کوردیدا بە جێناوە لکاوەکان دەکرێ، بەلاَم تەنیا لەدیالێکتی سەروودا، چونکە جێناوەکانی خاوەنیمان نییە، بۆیە بەسادەیی دەمێنێتەوە، بەلاَم لە ڕێگەی ژمارە و کەسی جێناوە کەسیە سەربەخۆکانەوە دەیاناسینەوە و دەزانین کەسی چەندەمە. هەروەها کە دەڵێ لە زمانی کوردیدا ناتوانین بڵێین ( منم دیت، ئێمەمان دیت، تۆت دیت، ئێوەت دیت، ئێوەتان دیت، کەچی دەگوترێت (خۆم دیت، خۆمانم دیت، خۆت

دیت، خۆتانت دیت، خۆی دیت، خۆیانیان دیت). کە ئەمە وایە، هەڵبەت ئیسپاتی هێندێی نەکرد "من، ئێمە، تۆ، ئێوە، ئەو، ئەوان" **جێناو نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم ڕاناوانە بۆ دەربڕینی واتای جۆراوجۆر پێویستیان بە وشەی جۆراوجۆر هەیە کە واتاکان بەدەستەوە بدەن**"(ل٧٩) لێرەدا م. مەسعوود محەمەد شتێکی گرنگی وروژاندوە، بەڵام بۆ ئەوە نەچووە کە هۆکاری سەرەکی چییە، ئەویش ئەوەیە جێناوە کەسیەکان ناتوانن جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارەوە وەربگرن و جێناوی خۆیی ئەو ڕۆڵە دەنوێنێت.

١- بۆیە ناتوانین بڵێین ( منم دیت)، چونکە کەسی یەکەم هەواڵ نادات بە خۆی بۆ گەیاندنی ڕووداوێك بەڵام گەر بیگۆڕی بۆ کەسی دووەم زۆر ئاساییە و بەکاردێ وەك (منت دیت) کەواتە ئەمە پێوەندی بە ڕێزمانەوە نییە و لە ڕووی ڕێزمانییەوە ڕستەکە تەواوە.

| | | |
|---|---|---|
| من خۆتم دیت. | من منم دیت.* | ئەو منی دیت. |
| تۆ خۆت دیت. | تۆ منت دیت.* | تۆ منت دیت. |
| ئەو خۆی دیت. | ئەو ئەوی دیت.* | من ئەوم دیت. |

| | | |
|---|---|---|
| ئێمە خۆمان دیت. | ئێمە ئێمەمان دیت.* | ئێوە ئێمەتان دیت. |
| ئێوە خۆتان دیت. | ئێوە ئێوەتان دیت.* | ئێمە ئێوەمان دیت. |
| ئەوان خۆیان دیت. | ئەوان ئەوانیان دیت.* | ئەوان ئێوەیان دیت. |

٢- وەکو وتمان، ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە تەواوە، بەڵام ڕێککەوتنی زمانی کوردی ڕێگا نادات دوو جێناوی کەسی سەر بەهەمان کەس و ژمارە بن بە بکەر و بەرکار، بۆ ئەم حاڵەتەش وشەی (خۆ) وەك پێویستیەك هاتۆتە نێوان و توانیویەتی بکەر و بەرکار لە هەمان کەس و ژمارە کۆ بکاتەوە، ڕستەی (من منم دیت ) بەم شێوەیە دەگۆڕێ بۆ ڕستەی ( من خۆم دیت ) واتە ( من ) دەبێ بە ( خۆم ).

ڕستەی (من منم دیت) لەبنجدا بریتییە لە ڕستەی ( ئازاد ئازادی دیت)، کە بەپێی یاساکانی گوێزانەوە ئەم ڕستەیە لە بنجدا دەگۆڕێت بۆ سیمایەکی تر کە جێناوی (خۆ) ڕۆڵی تێدا دەبینێت.

ئازاد    ئازادی    دیت
↓    ↓
من    خۆم    دیت

٣- واتە (من خۆم دیت) سیمایە بۆ بنجی (ئازاد ئازادی دیت) دوای بەکارهێنانی یاسای گوێزانەوە نەبۆتە ڕستەی (من منم دیت)، چونکە کە دەڵێین من کێم بینیوە؟ من ئەو کەسەم بینیوە، کە لە خودی خۆم بەرجەستە دەبێ-واتە من خودی کەسە بکەرەکە یان گیانی کەسی یەکەمم بینیوە، واتە جەستەی من بینراوە لەلایەن منەوە، بەرانبەر بە جەستەی منیش کە وشەیەك سەراپای من بگرێتەوە وشەی (خۆ) بەکاردێنین بەم شێوەیە ڕستەکە دەبێ بە :

خودی من بینرا لە لایەن منەوە ← خۆم بینرام لە لایەن منەوە    خۆم بینرام ← من خۆم بینی

کەواتە بەم شێوەیە ئەگەر بکەر و بەرکار هەمان کەس بن (جێناوی خۆیی) دێتە نێوانەوە و شوێنی جێناوی دووەم، کە بەرکارە دەگرێتەوە، ئەم بەکارهێنانەی جێناوی (خۆیی)یش پێی دەوترێت"REFLEXIVE"، بەڵام نووسەری ئەم وتارەمان بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە نەکردوە و، دەرکی بەم شێوە بەکارهێنانەی (خۆ) نەکردووە. تەنیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە پێویستی دەربڕین دەیانهێنێ بۆ ناو ئاخاوتن

(ل٨٠). ڕوونیشی نەکردۆتەوە ئەو پێویستیە چییە. بەپێی ڕێزمانی گوێزانەوە ئەم پێویستییانە پێیان دەوترێت یاسا بەخورتییەکان لە بەکارهێنانی جێناوی خۆییدا[٣٨]

سەبارەت بە ڕستەی (**دەستمم بڕی**) و (**دەستی خۆم بڕی**)(ل٨١) دەڵێ دەتوانین بڵێین ( دەستمم بڕی) لە ڕووی ڕێزمانەوە هیچ بەربەستێك نییە بەڵام خۆشترە بڵێی (دەستی خۆم بڕی)، نووسەر لە مەدا باش بۆی چووە، بەڵام هەستی بە چۆنییەتیی گوێزانەوەی ئەم ڕستەیە بۆ (دەستم بڕی) نەکردووە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دروست بووە:

من (دەستی من)م بڕی

↓ ↓ ↓

دەستمم بڕی　　　م)م بڕی　　　(دەست　　　←　　　∅

من (دەستی من)م بڕی

↓ ↓

دەستی خۆم بڕی　　　(دەستی خۆم)م بڕی

لە لایەکی دیکەوە مامۆستا مەسعوود محەمەد ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کەوا (خۆ) لە " دەوەستێ لە ڕووی واتاوە بۆ جەختکردن **SELF**زمانی کوردیدا بەرانبەر "**النفس، عین**، ) وەك دەڵێ "**وا دەبێ جێگەی لە ڕستەدا هەر** myself I بەکاردێ وەك "**انا جئت بنفسی**" ( **ئەو واتایانە دەبەخشێ واش دەبێ جێگەی (تاکید) دەگرێتەوە**"(ل٨٠). واتە نووسەر دەزانێ جگە لە جەختکردن واتایەکی دیکە دەبەخشێ و نموونەی خۆکوشتن (قتل الذات) دێنێتەوە، ) لێك داوەتەوە، بەڵام دەرکی بەوە Self Scarificationکە لە ئینگلیزیش مانای بە (

---

([١]) دیار علی کمال، د. طالب حسین علی (٢٠٠٤: ٢٥٩).

نەکردووە ئەمە بەرکارە و ڕۆڵی(خۆ) لە باری خۆبەخۆییدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی دەربڕیوە (خۆ کوشتن) بۆ جەختکردن نییە، هەر ئەمەشە بەرچاوی ڕووناك کردۆتەوە و (خۆ)ی وەکو وشەیەکی سەربەخۆ لە قەڵەم داوە و، فۆرمەکانی(خۆم، خۆت، خۆی،..........) بە تەرکیبەی ئیزافە ناوزەدکردووە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی وشەی (خۆ) تەرکیبە ئیزافییەکە ئامادە دەکات بۆ بەکارهێنان.

نووسەر ویستوویەتی هەندێ شت دەربڕێ، کە تەواو تازە بێت و سەرەگرێی گرفتەکان بکاتەوە. بەڵام نەیتوانیوە ئەم نیشانەیە بەتەواوی بپێکی و لەهەندێ شوێندا تووشی هەڵە بووە. بۆنموونە کە دەڵێ "هەر ئەو ڕاگەیاندنەی (تاکید)ە ڕێ دەدا بگوترێ (خۆم هاتم) و ڕاناوی چالاك (م) ببێتە تەواوکەری ڕستەکە بەدوا وشەی (خۆم)دا"(ل٨٠). کەواتە بەلای ئەوەوە مەرجی هاتنی (م) بەدوای (خۆ) پێوەندی بە جەختکردنەکەوە هەیە، کەچی دەشێ (خۆ) ڕۆڵی جەختکردن ببینێت بەبێ ئامادەبوونی (م)، وەك لە دیالێکتی سەروودا (ئەز ب خوە هاتم). لێرەدا واتای جەختکردن هیچ پەیوەندییەکی بە دواهاتنی (م)ەوە نییە، بەڵکو لە باری خۆیەتی، دیارخەری، خۆبەخۆیی دا ئەم جێناوە لکاوانە بە(خۆ)وە دەلکێن، بەڵام ئەو بەراوردییان دەکات بە وشەی (هەموو) کە ئەویش ڕۆڵی جەختکردن دەبینێت، بەوەی هەردووکیان جێناوی لکاویان بەدواداهاتووە، لە(خۆ)دا تایبەتییەکانی جێناوی خۆیی ڕێگا نادات جێناوە لکاوەکە بقرتێ، بەڵام لە(هەموو)دا لەبەر ئەوەی بە بێ جێناوەکە چەمکی(کۆ)ی تێدایە، بۆیە ڕێگە دەدات کە جێناوەکە بقرتێ، بەڵام لە بناغەدا ئەم (جێناوە لکاو)ە هەیە و قرتاوە. ئامانجیش لەو بەراوردکردنەی، ئەوەیە بڵێت ئەم دوو وشەیە، هەردووکیان ڕۆڵی جەختکردن دەبینن و بێ بەدواهاتنی جێناوی لکاو ناتوانن ئەم ئەرکە ببینن. نووسەر لەم بەراوردکردنەدا لەوەدا کەوتۆتە هەڵەوە، کە لە (هەموو)دا ژمارە هەیە بەڵام لە جێناوی خۆییدا ژمارە نییە بۆیە پێویستی بە جێناوی خۆیی هەیە بۆ دیاری کردنی ژمارەکەی- کە لە دیالێکتی سەروودا لە ڕێی جێناوە کەسییە سەربەخۆکانەوە ئەم

**ژمارەیەی بۆ دیاری دەکرێت- ئەمەش پێوەندی بە حاڵەتی ڕستەسازی و ڕێکەوتنی نێوان بەشەکانی ڕستەوە هەیە.**

**لە کۆتاییشدا گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە (خۆ) واتایەکی فەرهەنگی هەیە و لە سنووری ئەو واتایەدا بەکاردێت، ئیزافەی بۆ جێناوە لکاوەکان وا دەکات لە تەواوکردنی واتای ڕستەدا جێناوی لکاوی بەدوادبێت و بگوترێ (خۆم هاتم، خۆم سەرکردەم)(ل٨٣)، دەنا ئەو ئیزافەیە نەبێت وەك وشەیەکی فەرهەنگی لێدێت. وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونی کردۆتەوە:**

**" کابرا خۆیی دەرچو، کابرا کۆیی دەرچو.**

**بەرخەکە خۆماڵییە، بەرخەکە ئاوەکییە."**

**بەڕای ئێمە ئەم چەند دێرەی کۆتایی کرۆکی باسەکەیە، کە نووسەر حاڵەتی سینتاکسی و فەرهەنگی لێك جیاکردۆتەوە.**

**لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد لە "ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی"[39]دا، ڕای نووسەران ( نووری عەلی ئەمین، صادق بەهائەدین، د. نەسرین فەخری)ی لەبارەی جێناوی خۆییەوە دەربڕیوە.سەرەتا مامۆستا نووری عەلی ئەمین پێی وایە ئەم جێناوە "لە وشەی (خۆ) ڕاناوی کەسی لکاوی (م-مان، ت-تان، ی-یان) دروست دەبێت و لە ڕستەدا بۆ جەختکردن (تەوکید) بەکاردێت"(ل٦٣). مامۆستا صادق و د. نەسرین فەخری پێیان وایە "وشەی خۆ ڕاناوە دەشێ لەگەڵ ڕاناوی کەسی لکاو بەکاربێت بەتەنهاش بەکاربێت وەك:**

**خۆ شوشتن (خۆ)**

---

(٢[1]) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ( ١٩٧٦: ٦٣-٦٦).

**من خۆم شوشت (خۆم)**

هەر چەندە دەبوایە ئەم لیژنەیە کە ناوی لیژنەی زمانە، کاری ئەوە بوایە لەو بابەتانەی باسیان لێوە کردووە ڕایە جیاوازەکان یەکبخات بۆ چەسپاندنی ڕایەکی بەهێز و بەڵگەدار، بەڵام دیارە ئەم لیژنەیە، کە لە سێ کەس و دەمڕاستی لیژنە پێك هاتوە لە ناو خۆیان ڕای جیاوازیان هەیە، لە ئەنجامیشدا نەیان توانیوە ئەم بۆچوونانە لێك نزیك بکەنەوە و، تەنیا خستنە ڕووی ڕایە جیاوازەکانە.

دوای ئەم پێناسە کورتەی کە لە لایەن ئەم سێ کەسەی سەرەوە خرایە ڕوو، ئینجا دەمڕاستی لیژنە (مەسعود محەمەد) لەژێر ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێ "وشەی خۆ وشەییێکی فەرهەنگی عادەتی وەهایە هەڵناگرێ جێی پێ لەق بکرێ وبخرێتە ناو قالبێکی تایبەتی دوور لە سروشتی خۆیەوە تۆ کە گوتت (خۆم هەڵ دەدەمەوە) یاخود(خۆم دەخورێنم) جیاوازی نییە لە گەڵ (برام هەڵدەدەمەوە) و (پشتم دەخورێنم) لە ڕووی ڕێزماندا"(ل 63.)

وێڕای ئەوەی ئەم بۆچوونە دووبارەکردنەوەی هەمان بیروڕای پێشتری نووسەرە لە وتاری پێشوودا[40]، نووسەر شتێکی دروستی وروژاندوە، ئەویش جێگرتنەوەی (خۆ)یە لە جیاتی ناوێك و، نواندنی ئەرکی (بەرکار)یە. کەواتە (خۆ) وەکو ناوێك رەفتار دەکا و ئەرکی ناوەکەی پێسپێرراوە، کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ بوونی(خۆ) وەك جێناو، کەچی نووسەر بە پێچەوانەوە دەڵێ "وشەی خۆ وشەیەکی فەرهەنگی عادەتی تاقمی (ناو)ە، بەر تەعریفی ناویش دەکەوێ بێ زیادوکەم: (ناو وشەیەکە واتای تەواوی هەیە و بەکاتەوە نەبەستراوە). بەلأم بە پێی ئەو نامەحدودییە کە لەواتاکەی(خۆ)دا هەیە هەڵدەگرێ لە بەکارهێناندا هەرجارە قاڵب و ڕۆڵێکی جودا وەرگرێت، کە ئەمەش تایبەتییێکە هیچ پێوەندی بە (ڕاناو)ەوە نییە"(ل٦٥).

---

(٣١) مەسعوود محەمەد(١٩٧٤: ٧٧-٨٤).

جگە لەمە بەڵگەیەکی دیکەش دەهێنێتەوە بۆ بە جێناو نەبوونی (خۆ) ئەویش لەم دوو نموونەیەدا "ئەم بەرخە خۆماڵییە، ئەم بەرخە ئاوەکییە) دەڵێت چۆن دەبێت" (خۆماڵی) ڕاناو بێت و (ئاوەکی) شتێکی تر بێ"ل٦٥. هەرچەندە نووسەر ئەمەی ئاڕاستەی ئەو کەسانە کردووە "کە دەڵێن وشە چی بێ هەر ئەوەیە با جێگە و باریشی بگۆڕێ، واتە کە وشەی (خۆ) ڕاناو بوو لە هەموو حاڵێکدا ڕاناوە" ئەوانیش د. نسرین فەخری و مامۆستا صادقن. بەلاّم بۆ خۆشی ڕای وایە "وەك دەستورێکی بنجی، وشە لە بنەڕەتدا بۆ واتاییێکی دانراوە بەلاّم حاڵەتی دەگۆڕێ، گۆڕانی حاڵەتیش وشەکە ناگۆڕێ. هەر بۆیە (خۆماڵی) نابێتە ڕاناو چونکە (خۆ) لەبنەڕەتدا ڕاناو نییە"(ل٦٥). کەواتە بەلای ئەو ئەگەر (خۆ) ڕاناو بوایە، دەبوایە (خۆماڵی)ش ڕاناو بێت، کە ئەمەش پێچەوانەی ڕایەکەی خۆیەتی، کە ئاماژەمان پێدا، بەوەی دەکرێ لە بەکارهێنان هەرجارەو قالب و ڕۆڵی جیاواز وەربگرێت و ئەم ڕایەش تەنیا هەر سەبارەت بە (خۆ)وە نییە بەڵکو هەموو وشەیەکی دیکە دەتوانێت ئەم ڕۆلە ببینێت، وەك وتوویەتی"ئەمەش تایبەتییێکە هیچ پێوەندی بە ڕاناوەوە نییە"(ل٦٥).

کەواتە گرفتەکە هەر ئەوە نییە کە ئەو (خۆ) بە جێناو دانانێ، بەڵکو ئەگەر جێناویش بوایە هەر بەهۆی بەشداریکردنی لە وشە سازکردندا و نەمانی چەمکی جێناوی لە (خۆ)دا وەك لە نموونەی (خۆماڵی)دا ڕوونمان کردەوە، چونکە لای ئەو، ئەو پێـــــوەرە

بۆتە مەحەك کە بە هیچ شێوەیەك هیچ بەشێکی ئاخاوتن ناتوانێ خۆی بگۆڕێ بۆ بەشێکی تری ئاخاوتن، هەرچەندە ئێمەش نالێین (خۆ ) دەگۆڕێ بۆ ناو بەلاّم دەلێین بەشداری لە دارشتنی ناوێك دەکات ئەوسا دەبێ پێی بڵێین ناو یان بەشداری لە لێکدانی کارێکدا کرد دەبێ پێی بڵێین کار نەك جێناو، بەلاّم نووسەر کاتێ دەبینێ (خۆ) بەشداری لە سازکردنی ناوێکدا کردووە وەك(خۆهەڵدانەوە ) دەڵێ (خۆ) واتای جێناوی لە دەست داوە، ئەی ئەگەر نووسەر وشەکانی وەك ( کەم، زۆر، شیرین، سارد، تەڕ، بەرد.........هتد) ببینێ، کە هەریەکەیان بەشداری دەکەن لە ڕۆنانی وشەی تر و سەر بە بەشە ئاخاوتنەکەی خۆیان نامینێن وەك (کەمخۆر، زۆربلێ، ساردی، تەڕەپیاز، بەردین...........هتد )، ئەو کاتە دەبێ

چی بوتایە. بەسەدان نموونەی دیکە هەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە (خۆ)، وەکو یەکێك لەم وشانە دەتوانێ بەشداری لە ڕۆنانی وشەدا بکات، کەچی (خۆ) هەر وەکو جێناو بەکاردێت و بە جێناوی دەمینێتەوە. تەنیا لەو شوێنەدا نەبێت، کەبەشداری لە ڕۆنانی وشەکەدا دەکات، دەبێت بە بەشێك لە وشە نوێیەکە.

نووسەر ئاماژە بەوەش دەدا کە لە ڕستەی (خۆت دەبینم) هەرچەندە (خۆ) جێناوی لکاوی وەرگرتووە کە لای ئەو وەرگرتنی جێناوی لکاو مەرجی جێناو بوونیەتی کە ئەویش بۆ جەختتکردن بەکاردێت، بەڵام کەچی دەبینێ لێرەدا جەختتکردنیش نییە و دەڵێ لایەنی (خصوصیە) تێکی تیدایە، کە ئەمەش دووبارەی وتاری (سوڕێکی خامە بەدەوری ڕاناودا)یە و لە شوێنی خۆیدا هەڵسەنگاندنمان بۆکردووە، پێویست بە دووبارە کردنەوەی ناکات، بەڵام هێندە هەیە دەڵێین لێژنەی زمان و زانستەکانی بۆی ڕوون نەبۆتەوە، یان بڵێین لە ناو خۆشیان نەگەیشتوونەتە ڕایەکی تەواو و دروست لە بارەی جێناوی خۆییەوە، بەڵکو دوا ڕای دەمڕاستی لێژنەکە ئەوەیە، کە جێناوی خۆیی بەجێناو دانانێ، لەبەرئەوەی (خۆ) بەشداری دەکات لە ڕۆنانی وشەیەکی دیکەدا، پێوەری ئەویش ئەوەیە وشە سەرەتا بە چ بەشێك دانرابێ هەر ئەوەیە با جێگەو باریشی بگۆڕێت.

د. جەمال نەبەز لە کتێبی" **زمانی یەکگرتووی کوردی**"دا[41] کەوا پێشنیازێکە بۆ یەکگرتنی زمانی کوردی. لە باسی جێناوی خۆییدا، وەکو نووسەرانی پێش خۆی لە دەستنیشانکردنی فۆرمی جێناوەکە نەکەوتۆتە هەڵەوە. ئەو دەڵێ جێناوی (خۆ) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا لەگەڵ جێناوە لکاوەکان گەردان دەکرێن و دەبن بە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان)، بەڵام لەدیالێکتی سەروودا بە سەربەخۆیی لە ڕستەدا بەکاردێت. بۆ یەکخستنی ئەم حاڵەتەش پێشنیاز دەکات کەلە دیالێکتی سەرووشدا بە هەمان شێوەی ناوەڕاستی لێبکرێ و گەردان بکرێ لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی خاوەنیەتی دیالێکتی

(٤١) د. جەمال نەبەز (١٩٧٦: ٢٦).

ناوەڕاستدا کە لە دیالێکتی سەروودا نییە. جێگای سەرنجە ئەم باسەی د. جەمال نەبەز جگە لە پێشنیازێك بۆ چۆنیەتیی یەکگرتنی زمانی کوردی هیچ شیکردنەوەیەکی بۆ جێناوی خۆیی تێدا نییە، کە ئەمە پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام شتێکی گرنگ ئەوەیە، نووسەر فۆرمی جێناوەکەی بە دروستی دەست نیشانکردووە و چاوی لە نووسەرانی دیکە نەکردووە کە فۆرمی(خۆم) یان بە جێناوی خۆیی دادەنا. دەتوانین بڵێین ئەمەش بەهۆی ئەم بەراوردیەیە لەگەڵ دیالێکتی سەروودا.

مامۆستا صادق بەهائەدین لە کتێبی"ڕێزمانا کوردی"دا [42]، هەمان پێناسەی م.نووری عەلی ئەمینی بۆ جێناوی خۆیی دووبارە کردۆتەوە و خۆشی ئاماژەی پێداوە. نووسەر بە بەراورد لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە پێشتر باسمان کرد، باشتر لە جێناوی خۆیی گەیشتووە، ئەویش بە حوکمی تایبەتمەندیی ئەم جێناوە لە دیالێکتی سەروودا و بەراوردی لە نێوان دیالێکتی سەروو و ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە دەستنیشانکردنی فۆرمی جێناوەکەدا، کە نووسەرانی پێشتر باسمان کرد بە جێناوێکی لێکدراویان داناوە، بەڵام ئەو دەڵێ:"(من ئەڤ جهناڤە ب ناڤێ(من ئەم جێناوە بە ناوی) جهناڤێ خوسەر (سەر بە خو) ب ناڤکر(ناونا). بەلێ درازیێ سۆرانی (ك.خ.)دا ب جهناڤێت کەسی ڤە تێتە نویسان(لکان)". کەواتە نووسەر ئەم هەڵەیەی ڕاست کردۆتەوە و فۆرمەکەی بە دروستی دەستنیشان کردووە و، دەڵێ: جێناوی خۆیی بە هیچ بەشێکی دیکەی بەشەکانی ئاخاوتن و ڕستەوە نەبەستراوەتەوە، لەبەرئەوە بە جێناوێکی سەربەخۆی ناو دەبات. ئەو ڕاستیەش دووپات دەکاتەوە، کە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا جێناوە لکاوەکانی پێوە دەلکێ، نەك بەشێك بێ لە جێناوەکە. هەروەها ئاماژەی بۆ باری بەکارهێنانی (خۆ) لە باری جەختکردندا کردووە، کە لە دیالێکتی سەروودا ئەگەر بۆ جەختکردن بەکارهات پریپۆزیشنی (ب)ی دەخرێتە پێش، لە

---

(١٥) صادق بەهائەددین ئامێدی(١٩٨٧: ٢٤٨-٢٥٠).

پێناسەکەشدا ئاماژە بەوە دەکات لە شوێنی کەسێك یان شتێك بەکاردێت، کە ئەمەش سەلماندنی بە جێناو بوونی (خۆ)یە.

نووسەر لە خاڵێکی دیکەدا ئاماژەی بەوە کردووە جێناوی خۆیی پێوەندی کەسەکە بەو کردەوەیەی بەجێیی دێنیٚ دەردەخات، چونکە ئەگەر لەگەڵ کاردا بەکارهات (کاری کەسی) لیٚ دروست دەبێت. کەواتە نووسەر ئەو کارانەی کە لەگەڵ جێناوی خۆیی بەکاردێت بە (کاری کەسی) ناودەبات، ئەمەش دیاریکردنی (فعل الانعكاسی)یە کە لە باری (خۆبەخۆیی)دایە و، مەبەستی کارەکەش کاری تێپەڕە، نەك تێنەپەڕ، چونکە لە دیالێکتی سەروودا کاتیٚ لەگەڵ تێنەپەڕدا بەکاردێت (ب)ی دەخرێتە پێش و، ئەگەر (ب)یشی خرایە پێش بۆ جەختکردن بەکاردێت، نەك خۆبەخۆیی. وەك ئەم نموونانەی خوارەوە کە هێناویەتەوە:

من خۆ شویشت.

وی لەشیٚ خو پەرخاند.

ویٚ ب خو کاریٚ خو کر.

نووسەر ئاماژەی بەوەش کردووە، جێناوی خۆیی کە لە ڕستەدا لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ؛ یان لەگەڵ ناودا بەکاردیٚ هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت، چ لەگەڵ تاك بیٚ؛ یا کۆ، نێر بیٚ یا میٚ. بۆ ئەم مەبەستەش لە خشتەیەکدا جێناوی خۆیی گەردان کردووە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕو جێناوی هەیی بۆ نێرو میٚ لە دیالێکتی سەروو و ناوەڕاستدا.

لەبارەی ئەرکەکانی جێناوی خۆییشدا، بۆ دیالێکتی ناوەڕاست ئەرکی (بکەر، بەرکار، دیارخەر). بۆ دیالێکتی سەرووش تەنیا ئەرکی بەرکاری دەستنیشانکردووە(ل٢٥٠)، بەڕای چووە، چونکە جگە لە ئەرکی بەرکار دەتوانیٚ ئەرکی نیهاد و دیارخەر بەهەڵەدا ئێمە لەمەدا و بەرکاری ناڕاستەوخۆش ببینیٚ و، دیالێکتی سەروو لە ڕووی ئەرکەوە تەنیا لە ئەرکی

بکەریدا لەگەڵ دیالێکتەکانی دیکەدا جیا دەبێتەوە. هەروەك لە نموونەکانی خۆیدا ئەرکی دیکە بە دەردەکەوێ.

د. کوردستان موکریانی لە وتارێکیدا بە ناوی "**جۆرەکانی جێناو و دەوریان لە ڕستەی کوردیدا**"[43]، لە باسی جێناوی خۆییدا بۆ دەست نیشانکردنی فۆرمی جێناوی خۆیی دەڵێ: (خۆ) لەگەڵ جێناوە لکاوەکان شێوەی جێناوی خۆیی پێك دێنێ(ل٢٤٩). دیارە ئەمیش کەوتۆتە هەمان هەڵەی ئەو نووسەرانەی، کە پێشتر باسمانکردن، سەرباری ئەوەش هەر خۆی دەڵێ: لە دیالێکتی سەروودا شێوەی (خۆ // خوە )ی هەیە بێ لێکدانیان لەگەڵ جێناوە لکاوەکان بەکاردێت. بە ڕای ئێمە باشتر بوو نووسەر هەندێ تێکستی تاووتوێ بکردایە، ئەو دەم بڕیاری ئەوەی بدایە، ئەگەر لە دیالێکتی سەروودا بێ جێناوی لکاو بێت ئێدی بۆ لە دیالێکتی ناوەڕاستدا لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا دەبێتە جێناوی خۆیی. ڕاستە ئەم کۆمەڵە جێناوە لکاوە لە دیالێکتی سەروودا بوونیان نییە، بەڵام خۆ جێناوی کەسی سەربەخۆکان دەبنە هۆی دەستنیشانکردنی کەس و ژمارەی جێناوە خۆییەکە نابن بە بەشێك لە جێناوی خۆیی. پیشتر لەم دیاردەیە زیاتر دواوین و پێویست بە دووبارە کردنەوەیان ناکات.

نووسەر ئاماژەی بەوەش کردووە لە هەردوو دیالێکتدا واتای خاوەنیەتی و هەیی دەبەخشێ – لێرەدا هەیی و خاوەنیەتی هەردووکیان هەمان شت دەگەیەنن، کە (تملك)ە، بەڵام ڕاستتر وایە بڵێین (خۆیەتی). جێناوی خۆییش لە پاڵ ئەو ڕێگایانەی کە ئەو باسی کردوون ڕۆڵی خۆیەتی دەبینێ، کە ئەویش بارێکی تری بەکارهێنانی (جێناوی خۆیی)یە لە ڕستەدا[44]. هەروەها دەڵێ کە ڕەسەن و دۆخ نانوێنێ. لەمەدا ڕاستە کە مەبەستی رەگەز بۆ

---

(١٦) د. کوردستان موکریانی( ١٩٧٦: ٢٤٩-٢٥٠).

(١٧) بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم باسە.

نێرو مێ هیچ جیاوازییەکی نییە، بەڵام بۆ دۆخ روونی نەکردۆتەوە کە مەبەستی چ دۆخێکە. باش بۆ ئەوەش چووە: کە جێناوی خۆیی بۆ تاك و کۆ یەك باری هەیە.

لە رووی ئەرکیشەوە، ئەرکەکانی بەباشی دیاریکردووە، بەتایبەتی لە "سنتاکسی ڕستەی سادە"[45] نموونەی بۆ سەرجەم ئەرکەکان هێناوەتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە نووسەر بە هیچ شێوەیەك باسی لە باری بەکارهێنانی جێناوی خۆیی وەکو جەختکردن و خۆبەخۆیی نەکردووە، کە جێناوی خۆیی ڕۆڵێکی سەرەکیان تێدا دەبینێ.

لە کتێبی "زمان و ئەدەبی کوردی"[46] بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەییدا، نووسەران زۆر بەکورتی لە توێی بەکورتی و،شرۆڤەیەکی سادەی هەندێ ڕستەدا، هەمان هەڵەی نووسەرانی پێشوویان، کە باسمانکردن دووبارەکردۆتەوە، بەتایبەتیش لە دەست نیشانکردنی فۆرمی جێناوەکە خۆیدا. بە ڕای ئەوان "جێناوێکی لێکدراوە، چونکە لە وشەی (خۆ) و یەکێك لە جێناوە کەسیيە لکاوەکان پێکهاتووە"(ل١٩)، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوەش بکەن، کە وشەی (خۆ) بە تەنیا چ جۆرە وشەیەکە و، سەر بەکامە بەشی ئاخاوتنە، ئەمەش هەر هەڵەی ئەوان نییە، بەڵکو ئەوانیش هەڵەی پێش خۆیان دووبارە کردۆتەوە. لەبارەی مەبەست و بەکارهێنانیشی، تەنیا باسی جەختکردنیان کردووە، هەروەها هەمان ئەرکی ناویشیان داوەتە پاڵ جێناوی خۆیی.

د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی لە کتێبی "ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین"دا[47]، لە باسی جۆرەکانی جێناودا،

---

(١٨) بڕوانە:د. کوردستان موکریانی(١٩٨٦: ٨٨-١٢٨).

(١٩) عەبدوڵلاّ شاڵی و نووسەرانی دیکە(١٩٧٦: ١٨-١٩).

(٢٠) د. نسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی(١٩٨٢: ٥٩).

**فۆرمەکانی(خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان)یان بۆ جێناوی خۆیی دەست نیشانکردووە. جێی سەرنجە هیچ ئاماژەیەکیان بۆ رۆڵ و ئەرکی ئەم جێناوە نەکردووە و، لە ڕۆڵی ئەم جێناوە لە بواری وشەسازی و ڕستەسازیدا نەدواون. دیاریترین کەموکورتیشیان، ئەوەیە پاش مشتومڕێکی زۆر لەسەر فۆرمی جێناوی خۆیی، کەچی هەمان هەڵەی پێشوویان دووبارە کردۆتەوە.**

**پرۆفیسۆر(ک.ک. کوردۆییڤ) لە"ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی"دا[48]، کە د. کوردستان موکریانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە لاپەڕە (١٥٣)دا لە بارەی جێناوی خۆییەوە دەڵێ: واتای خۆیەتی و خاوەنیەتی دەبەخشێت. لێرەدا نووسەر جیا لە نووسەرانی تر پێناسەی جێناوی خۆیی کردووە و واتای خۆیەتی و خاوەنیەتی بۆ لێکداوەتەوە، کە پێشتر تەنیا دەوترا بۆ جەختکردن بەکاردێ. هەرچەندە ئەویش تەنیا باسی لەم حاڵەتەی کردووە و باسی جەختکردنی نەکردووە.**

**هەروەها دەڵێ : لە ڕووی رەسەن و ژمارە و دۆخەوە بێلایەنەو لە دیالێکتی ناوەڕاستدا جێناوە لکاوەکان بە جێناوی خۆییەوە دەلکێن. لێرەدا نووسەر ڕاست بۆ ئەوە چووە و جیاوازی لە نێوان کرمانجیی سەروو و ناوەڕاستدا کردووە، کە لە سەروودا جێناوی لکاوی پێوە نالکێ، ئەمەش نووسەرانی پێشوو بە هیچ شێوەیەك ئاماژەیان پێ نەکردووە. هەر بۆیەش تووشی ئەو هەڵەیە دەبوون لە دەستنیشانکردنی فۆرمی جێناوی خۆیی وەکو پێشتر باسمان لێوە کرد. هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی، ئەم نووسەرە بەشێوەیەکی دروست دەستنیشانی فۆرمی جێناوی خۆیی کردووە و، ئاماژەی بەوەش کردووە (خۆ) ژمارە و کەسی تێدا نییە، کە ئەمەش ئەم ڕایەمان دەسەلمێنێ بۆ دیاریکردنی کەس و ژمارە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا جێناوە لکاوەکانی پێوە دەلکێ.**

---

(١[2]) ک. ک. کوردۆیێڤ(١٩٨٤: ١٥٣).

له ڕووی ئەرکەوە نووسەر ئەرکی (نیهاد و بەرکار و دیارخەر)ی دەستنیشانکردووە. بۆ ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ نموونەی بۆ هەردوو دیالێکت هێناوەتەوە و، لە ئەرکی بەرکاری تیاندا دەڵێ: ئامرازی پێوەندی پێوە دەلکێت(ل١٥٣). لە خاڵێکی دیکەدا لە ژێر ناوی جێناوی دیارخەردا هەندێ نموونەی هێناوەتەوە "**ب خوە بپرسن چ وەکر – خۆتان بپرسن چیتان کرد**"(ل١٥٣). لێرەدا (خۆ) ڕۆڵی بکەر دەبینێ نەك دیارخەر، بەڵام لە دوو ڕستەکەی دیکە ڕاستە ڕۆلی دیارخەریان بینیووە.

لە خاڵی سێیەمیشدا ڕاستە ڕۆڵی دیارخەریان بینیووە، بەڵام هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ خاڵی دووەمدا نییە.

ئەوەی لەم نووسینەی ناوبراودا هەڵدەهێنجرێ ئەوەیە: یەکەم کەسە باسی لە ڕۆڵی خۆیەتی و خاوەنیەتی کردووە و، بەدروستیش فۆرمی (خۆ)ی دەستنیشانکردووە، بەڵام ئەوەی دیاری نەکردووە کە خۆیەتی چییەو، چی دەبێتە خۆیەتی، چونکە تەنیا (خۆ) نابێتە خۆیەتی–واتە ڕۆلی خاوەنیەتی ببینێ. هەروەها لە دیاریکردنی ئەرکەکانی جێناوی خۆییش کەم و کوڕی هەیە، چونکە هەموو ئەرکەکانی دەستنیشان نەکردووە.

جگە لەمە نووسەر لە لاپەڕە (٢٥٢)دا[49] باسی دەمکاتی خۆیی دەکات و دەڵێ: ئەم دەمکاتە بەهۆی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لەگەڵ کاری تێپەڕدا، کە هیچ ناگۆڕێت و دەبێت بە بەرکار، بەڵام کاری تێنەپەڕ لەم بارەدا زۆر تایبەتێتی خۆی لە دەست دەدات، کەچی یاداشتی نەکردوە ئەم تایبەتیانە چین. بۆ هەردوو دیالێکتی دیالێکتی سەروو و ناوەڕاست نموونەی هێناوەتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ڕوون نییە، کە مەبەست لە دەمکاتی خۆیی چییە، چونکە(خۆیی) ناچێتە ناو قاڵبی دەمکاتەوە و. لە نموونەکانیدا، کە دەڵێ کاری تێنەپەڕ تایبەتێتی لە دەست داوە، هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە ناکات، کە ئەم تایبەتیانە چین کە لە دەستی داون. ڕاستە لە نموونەکانیدا (خۆ) لە هەموویاندا بۆتە بەرکار و لە چوار ڕستەی سەرەتادا پێشبەندی (بە ) بۆتە پاشبەندی (ە). بەڕای ئێمە وەکو باسمان کرد نووسەر باسی

---

([٢]) هەمان سەرچاوە(١٩٨٤: ٢٥٢).

لە ڕۆڵی (خۆ) وەکو خۆبەخۆیی نەکردووە، بەڵام لێرەدا لە ژێر ناوی دەمکاتی (خۆیی) باسی لەم حاڵەتە کردووە و زۆر بە سادەییەوە بۆی چووەو دەرکی بە گرنگی ئەم بارە نەکردووە.

باشترین سەرچاوە بەشێوەی زانستیانە لە جێناوی خۆیی دوابێ ئەو کتێبەی د.ئەورەحمانی حاجی مارفە، کە بە ناوی "**ڕێزمانی کوردی (وشەسازی) – جێناو–** "ەوەیە.(50) لەم بەرهەمەیدا سەرەتا باسی لە فۆرمی ئەم جێناوە لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە کردووە و فۆرمی جێناوی خۆیی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەستنیشان کردووە، کە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا (خۆ)ی بەفۆرمی سەرەکیی جێناوەکە داناوە. ئاماژەی بەوەش داوە هەنـدێ جار (خود)یش دەبینرێت لە هەندێ بەشە دیالێکتدا. لە دیالێکتی سەرووشدا (خوە)ی وەك فۆرمێکی سەرەکی دەستنیشان کردوە و وێڕای بەکارهێنانی فۆرمەکانی (خۆ) و (خود) و (خوا)ش لە هەندێ شوێن و ناوچەی ئەم دیالێکتەدا– یاددلشت کردووە.

نووسەر لەم کتێبەیدا پێداچوونەوەیەکی وردی ئەو سەرچاوانەی کردووە، کە لە جێناو دواون. لەبارەی جێناوی خۆییشەوە شیکردنەوەیەکی ئەکادیمی بۆ ئەو نووسینانە کردووە و کەم و کوڕییەکانی بەرچاو خستووە. کردوونیەتی بە دوو کۆمەڵە: کۆمەڵەی یەکەم ئەوانەن، کە (خۆ)یان بە تەنیا بە جێناوی خۆیی داناوە؛ کۆمەڵی دووەمیش ئەوانەن کە فۆرمەکانی (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان )یان بە جێناوی خۆیی داناوە.

نووسەر پێناسەی جێناوی خۆیی کردووە و دەڵێ "واتای خۆیەتی و خاوەنیەتی ) دەوەستێ. لەبەرئەوەی کتێبەکەی مامۆستا SELFدەگەیەنێ" و بەرانبەر (نفس، عین، ئەوڕەحمان سەبارەت مۆرفۆلۆژیە، بۆیە زیاتر لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە جێناوی خۆیی دواوە. لە گەردانکردنی جێناوی خۆیی لە گەڵ جێناوە لکاوەکاندا نموونەی تێرو تەسەلی هێناوەتەوە و؛ ڕۆلی ئەم جێناوەی لە سازکردنی وشەدا تەوەرێکی تری ئەم لێدوانانەی ناوبراوە.

---

(٣) د. ئەورەحمانی حاجی مارف( ١٩٨٧: ٢٣٢–٢٤٥).

هەروەها نووسەر دەڵێ جێناوی خۆیی لە ڕستەدا بەبێ ئەوەی هیچ زیادەکی لەگەڵدابێت بەکاردێ، وەك :

"هەروا دەڕوا خۆ دەشلێنێ

پەنجەو پانیان بۆ یەك دێنێ

قەسدێ دەکا بمسووتێنێ "(ل٢٣٦)

لەبارەی گەردانکردنی لەگەڵ جێناوە لکاوەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەم شێوەیە گەردانکردنەکەی خستۆتە ڕوو:

١- لەگەڵ یەکێك لە جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم بەکاردێت، وەك ( خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان). ئاماژەی بەوەش کردووە ئەم جێناوە لکاوە لە هەندێ شوێندا بەتایبەتی (خۆمان، خۆتان ) دەبێ بە (خۆن، خۆو). هەرچەندە جگە لەمە چەندین فۆرمی تر بەرچاو دەکەوێ وەك (خوەین)[51]، لە جیاتی (خۆمان) (هی خۆیتن)[52]یش لەجیاتی(هی خۆمانە).

لەپەراوێزی (٩٣)شدا ئەوەی ڕاست کردۆتەوە، کە نابێت بەهۆی وەرگرتنی جێناوی کەسیی لکاوەوە، جێناوی خۆیی بە جێناوی خۆیی کەسی لە قەلەم بدرێت، هەروەك چەند نووسەرێك(ل٢٣٨) ئاماژەیان پێکردووە، چونکە ئەگەر وابێ، دەبێ کاتێ ئەم جیناوە لکاوانە بە (پێشبەند)ێك یان (ناو)ێکەوە لکان، دەبێت پێیان بڵێین ناوی کەسی یان پریپۆزیشنی کەسی.

---

([٤]) ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە گوندی باڵەکیان بەهۆی بەکارهێنانی فۆرمی جێناوەلکاوەکانی دەستەی یەکەم بەم شێوەیە(م، ت، ی، ین، و، یان) ئەم فۆرمە وەردەگرێ.بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: یادگار ڕەسوڵ باڵەکی(٢٠٠٠: ٢٢٩).

([٥]) لە ناوچەکانی خۆشناوەتی و ڕەواندزو هەتا موکریش جێناوە لکاوەکان کەمێك جیاواز دەبنەوە لەگەڵ سەنتەری دیالێکتەکە (ن) بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکاردێت و(و) بۆ دووەمی کۆ بەکاردێت.

٢- له خاڵێکی دیکەدا دەڵێ دەستەی دووەمی جێناوه لکاوەکانی دەچنه سەر جێناوی خۆیی وەك ( خۆم، خۆیت، خۆیه، خۆین، خۆن، خۆن )(ل٢٣٨).

هەروەك پێشتریش ڕوونمان کردەوه، جێناوی خۆیی به هیچ شێوەیەك دەستەی دووەمی جێناوه لکاوەکان وەرناگرێت، به تایبەتیش له دیالێکتی ناوەڕاستدا. هەروەها له شێوەزاری موکری و سۆران و ناوچەکانی خۆشناوەتی و باڵەکیانیش ئەم شێوەیه بەکارنایەت[53].

ئەوەی جێی سەرنجه مامۆستا ئەورەحمان له هەموو نموونەکانیدا، نموونەی نێو دەقی هێناووەتەوه، بەڵام لێرەدا نموونەی نێو دەقی نەهێناوەتەوه. دیاره ئەویش له هیچ دەقێکا بەرچاوی نەکەوتووه، ئەو ڕستانەش که هێناونیەتەوه بۆچوونی خۆیەتی. ئاماژەی بۆ ئەوەش نەکردووه، که له کام شێوەزاردا بەم شێوەیه بەکاردێت.

جگه لەمه دەبێ ئاماژه بۆ ئەوه بکەین، چەمکی (خۆ) لەم ڕستەیەدا (من خۆم، نەناسیاو نیم ) وەکو ناوێك بەکارهاتووه، نەك وەکو جێناو. بۆ نموونه گەر شوێنی (خۆ) لەم ڕستەیەدا بگۆڕین و، بیکەین به ناوێکی دیکه وەك ( من خزمم، نەناسیاو نیم ) هەمان واتای ( من خۆییم نەناسیاو نیم ) دەدات. کەواته لێرەدا ڕوون بۆوه (خۆیی) وەکو ناو بەکارهاتووه له ( خۆ+ یی) پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی دروستکراوه، بەڵام دەشێ (ی) نیسبیەکه بقرتێ و، کورت بکرێتەوه و ببێ به (خۆ)، که ئەو کات وەك ناوێك نەك وەکو جێناو، دەستەی دووەمی جێناوه لکاوەکان وەردەگرێت، هەرچەنده ئەمەم لەهیچ دەقێکدا بەرچاو نەکەوتووه.

من خۆ(یی)م.

تۆ خۆ(یی)یت.

---

(٢٦) (یادگار رەسوڵ باڵەکی)یش لەبەکارهێنانی جێناوی خۆیی لەگەڵ جێناوه لکاوەکاندا، له گوندی باڵەکیاندا، که شێوەیەکی جیاوازیان هەیه، ئاماژەی بۆ ئەم جۆره بەکارهێنانه نەکردووه. بڕوانه: یادگار ڕەسوڵ باڵەکی(٢٠٠٠: ٢٢٩).

**ئەو خۆ(یی)یە.**

**ئێمە خۆ(یی)ین.**

**ئێوە خۆ(یی)ن.**

**ئەوان خۆ(یی)ن.**

**هاوکات دەبێ ئاماژە بۆئەوە بکەین، کاتێ فۆرمی (خۆن) دەبینین، نابێت ئەم (ن)ەی دوایی تێکەڵ بکەین لەگەڵ (ن)ی کەسی دووەم و سێیەمی کۆی دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکان، چونکە لە شێوەزاری ڕەواندزو شەقلاوەو تاڕادەیك موکریانیش ، ئەم(ن)ە بۆ کەسی یکەمی کۆیە، واتە لە شوێنی(مان) بەکاردێت(54).**

**٣- م. ئەوڕەحمان لە خاڵێکی دیکەدا ڕاستییەکی دیکەی خستۆتە ڕوو ئەویش بەدوایەکداهاتنی دوو جێناوی دەستەی یەکەمە بەدوای جێناوە خۆییەکەدا.وەك:**

**خۆ + م + م = خۆمم**

**خۆ + ت + ت = خۆتت**



**(٢٧) بۆنموونە لە شێوەزاری شەقلاوەدا لە جیاتی (مان)دا، (ن) بەکاردێت، وەك لە ڕستەی (ئیشەکە بەخۆمان کردمان) دەبێتە (ئیشەکەن بەخۆ کردن) کاتێکیش (ئیشەکە) لە ڕستە لاببەین، ڕستەکە دەبێتە (بەخۆن کردن)، ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم گۆڕانکارییە کراوە :**

**ئیشەکە ن بەخۆ کردن**

**Ø ن بەخۆ کردن**

دەمێ لە پەراوێزی(٩٦)دا ئاماژەی بەوە کردووە"کاتێ دوو جێناوی دەستەی یەکەم دەچێتە سەر جێناوی خۆیی (خۆ) هەمیشە ئەوی یەکەم بەرکارە و ئەوی دووەم کارایە"(ل٢٢)،کەوتۆتە هەڵەوە، چونکە گەر سەیری نموونەکانی خۆی بکەین (خۆیانمان لێ دەشارنەوە- ئەوان خۆیان لە ئێمە دەشارنەوە)دا، بنجی ئەم ڕستەیە (ئەوان خۆیان لە ئێمە دەشارنەوە)یە.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆیان | مان | لێ | دەشار | ن | ەوە | |
| بەرکار | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | پێشبەند | کار | بکەر | پاشبەند | |

کەچی ئەو دەڵێ "ئەوان (بەرکار) خۆیان لە ئێمە (کارا)"یە(ل٢٤٠). کەواتە دەرکەوت ڕاستە جێناوی یەکەم بەکارە، بەڵام جێناوی دووەم بۆتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، نەك بکەر. ئەم ڕستەیەش بە چەند یاسایەکی گوێزانەوە بۆتە ئەم سیمایە.

ئەوان خۆیان لە ئێمە دەشارنەوە

↓ ↓ ↓ ↓

∅ خۆیان لێ مان دەشارنەوە

ئەگەر لەم ڕستەیەدا لە جیاتی (خۆ) هەر ناوێکی دیکە دابنێین ڕستەکە دەبێتە:

ئەوان پێنووسەکەیان لە ئێمە دەشارنەوە.

نووسەر کە دەڵێ (خۆیان لە ئێمە) بکەرە- واتە لەم ڕستەیەدا (پێنووسەکەیان لە ئیمە) دەبێتە بکەر، (ئەوان)یش بەپێی وتەی ئەو دەبێ بەرکار بێت. کەچی (ئەوان) کارەکەی

ئەنجام داوە، نەك كارەكەی بەسەردا بێت. ئەم ڕستەیە بەهۆی جێناوی خۆییەكەوە لێڵی تێكەوتووە، كە لە ئاستی سینتاكسدا لە باری ریفلێكسڤدایە. یان لە ڕستەی "خۆتی فیداكەی"دا (خۆت) بەركارە، (ی) بەركاری ناڕاستەوخۆیە، بەم شێوەیەی خوارەوە لە بنچەوە بۆتە ئەم سیمایە :

**خۆت فیدای ئەو كەی / خۆت بكەی بە فیدای ئەو**

**تۆ　　خۆت　　بۆ ئەو　　فیدا بكەی**

↓　↓　↓　↓

بكەر　بەركار　بەركاری ناڕاستەوخۆ　كار

كەواتە لەم ڕستەیەدا جێناوی یەكەم (خۆت) بووە بە بەركاری ڕاستەوخۆ و، جێناوی دووەم (بۆ ئەو) بووە بە (بەركاری ناڕاستەوخۆ).هەروەها نموونەكانی دیكەش بەهەمان شێوەیە.

حاڵەتێكی تر كە دوو جێناوی دەستەی یەكەم بەدوای جێناوی خۆییدا دێت وەك نووسەریش ئاماژەی بۆ كردووە، بەڵام نەینووسیوە ئەم جێناوە چ ئەركێكی بینیوە، وەك لە:

"یاخود بەقەوڵی گاڵتەی درۆزن

كەرەكەی خۆتت لێ بووە ڕم و زن"(٢٣٩)

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، ئێمە مەبەستمان فرێزی ناوی (كەرەكەی خۆتت)ە، كە لە بنچدا بەم شێوەیەیە (كەرەكەی خۆت)ت، جێناوی (ت)ی یەكەم وەك بكەر و دەستنیشانی كەس دەكات لە جێناوە خۆییەكەدا، بەڵام (ت)ی دووەم بە ڕۆڵی خۆیەتی بینیووە، واتە-

خاوەنیەتی[55]. لێرەدا ئەگەر (خۆت) بگۆڕین بە (ئێمە) دەبێتە (کەرەکەی ئێمە)ت، کەواتە بۆیە ناتوانین یەکێك لەم دوو جێناوە لاببەین چونکە لە ڕستەی دووەمدا دەردەکەوێ کە جێناوی (ت)ی یەکەم بۆ نیشاندانی کەسی جێناوە خۆییەکە بۆتە دیارخەر بۆناوی (کەر) بەڵام جێناوی (ت)ی دووەم کە لە دەرەوەی کەوانەکەیە بۆ خاوەنیەتییە.

هەروەها نووسەر لە ڕستەی (من خەریکی دەردی خۆمم)، کە وەك نموونەی هەردوو جێناوەکەی سەر بە دەستەی یەکەم بەدوای یەکدا هێناویەتیەوە، کەچی ئەگەر ئەم ڕستەیە لەگەڵ کەسەکانی دیکە گەردان بکەین دەبێتە:

من خەریکی دەردی خۆمانم.

ئێوە خەریکی دەردی خۆتانن.

لێرەشدا بۆمان بەدەردەکەوێت، کە جێناوی یەکەم سەر بە کۆمەڵەی یەکەم و جێناوی دووەمیش سەر بە کۆمەڵەی دووەمە، بەڵام لەبەرئەوەی کەسی یەکەم هەردوو دەستەکە، هەمان فۆرمیان هەیە، جیاکردنەوەیان لێڵی تێکەوتووە.

٤- ڕاستیەکی دیکەی بابەتەکەی نووسەر ئەوەیە جێناوێکی دەستەی یەکەم بەدواییدا جێناوێکی دەستەی دووەم، بەدوای جێناوە خۆییەکەدا دەلکێن، وەك :

خۆ + م + ن = خۆمن

ئەوان وەك کوڕی خۆمن.

---

([٨]) بڕوانە: محەمەد مەعروف(١٩٨٠: ١٧٠).

ئەم جۆرە بەکارهێنانەش لە کاتێکدایە ئەگەر کاری تەواو لە ڕستەدا لاببەین. جێناوی دەستەی ڕێکەوتن کە بەکارەوە دەلکێن، هیچ شتێك نییە پێوەی بلکێت، بە دوای دەستەی یەکەمی جێناوە لکاوەکەوە دەلکێت وەك :

ئەوان وەك کوڕی ~~خۆم~~ وان          ئەوان وەك کوڕی خۆمن

خۆمان لەدەرگا دەدەین

↓ ↓ ↓ ↓

خۆمان لە دەرگا Ø ین

↓ ↓ ↓

خۆمانین          ین          Ø          خۆمان ←

٥- لە تەوەرەیەکی دیکەدا د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف لەبارەی وەرگرتنی مۆریمی(ش، یش)ەوە زۆر بەجوانی ڕوونی کردۆتەوە، کەوا جێناوی خۆیی چ لە پێشی، یان لە پاشی جێناوەکە دەتوانێ مۆرفیمی (ش، یش) وەربگرێت، نموونەی دروستی بۆ هێناونەتەوە.

٦- نووسەر لەبارەی دەرکەوتنی جێناوی خۆیی لەگەڵ کاردا وتوویەتی"جێناوێکی دەستەی یەکەمی پێوە لکابێ لەگەڵ کرداری تێپەڕو تێنەپەڕیشدا دێ"، "ئەگەر دوو جێناوی دەستەی یەکەمی پێوە لکابێ، تەنیا لەگەڵ تێپەڕدا دێت"(ل٢٤١)، بەڵام ئاماژەی بەوە نەداوە جێناوی لکاوی یەکەم بۆ بەرکارەکەیە و، ئەوەی دووەم بۆ بکەرەکەیە، هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە، "بێتوو جێناوێکی دەستەی دووەم یان جێناوێکی دەستەی یەکەم و بەدوایدا جێناوێکی دەستەی دووەمی چووبێتە سەر، ئەوە لەگەڵ هیچ جۆرە کردارێکدا بەکارنایەت"(ل٢٤١). سەبارەت بەحاڵەتی یەکەم وەکو ڕوونمانکردەوە دەستەی دووەم بەتەنیا لەگەڵ جێناوی

خۆیی بەکار نایەت، هەرچی حاڵەتی دووەمیشە، لەگەڵ کاری بووندایە لەکاتی ئێستا کە مۆرفیمێکی سفر شوێنی کارەکەی گرتۆتەوە[56]

٧- تەورێکی دیکەی زۆر گرنگی د. ئەوڕەحمان لەم باسەدا بەشداری کردنی جێناوی خۆییە لە سازکردنی وشەدا، کە بەشی زۆری ئەو نووسەرانەی لەم بەشەدا ناویان هاتووە، باسیان لێوە نەکردووە.

لە کۆتاییشدا دووپاتی دەکەمەوە، لەبواری وشەسازییدا ئەم باسەی د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف تاکە سەرچاوەیە، کە بەڕاستی و دروستی لە لایەنەکانی جێناوی خۆیی دوابێ. هەرچەندە هیچ لێکۆڵینەوەیەك بێ هەڵە و کەم و کوڕی نابێت، بەڵام ئەگەر هەر هەڵەیەکی بچوکیش لە لێکۆڵینەوەیەی م. ئەوڕەحماندا هەبێت، لە نرخی کەم ناکاتەوە و، بناغەیەکی پتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی قوڵتر و فراوانتر، هەر بۆیەش لێرەدا دەتوانم بڵێم ئەم لێکۆڵینەوەیەی د. ئەوڕەحمان بۆتە هەوێنی بەشی وشەسازی ئەم باسەم.

د. کوردستان موکریانی لە کتێبی"قواعد اللغة الكردية"دا[57]، لە باسی جێناوی کردووە و دەڵێ: (خۆ) و خۆییدا لە ژێر ناوی"ضمير التوكيد"دا باسی لە جێناوی خۆیی یەك شێوەی هەیە بۆ تاك و کۆ لە (خوە) مانای خاوەنیەتی دەگەیەنێ و ڕەگەزی تیا نییە و دیالێکتی سەروودا، بەڵام لە دیالێکتی ناوەڕاستدا جێناوە لکاوەکانی پێوە دەلکێ بۆ ئەوەی کەس و ژمارەی دیاری بکات(ل١٠٤). لێرەدا نووسەر هەمان شتی وتارەکەی "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"ی دووبارە کردۆتەوە و وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، لێرەدا نووسەر لە هەردوو دیالێکتدا (خۆ) بە جێناوی خۆیی دادەنێ، کەچی پێشتر (خۆ)ی بە تەنیا بە جێناو دانەدەنا. هەروەها هۆی لێکدانی جێناوەکەشی ڕوون کردۆتەوە کە بۆ دیاریکردنی کەسی تاك و کۆ ژمارەی کەسەکانە، چونکە (خۆ) تاك و کۆ و ژمارەی تێدا

---

(٢٩) بڕوانە: عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ١٧٤).

(٣٠) د. کردستان مکریانی(١٩٨٩: ١٠٤).

**نییە، ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە.**

**د. نەسرین فەخری لە وتاری"خۆ لە تەرازووی زماندا"[58]، لە سەرەتادا باسی لە گرنگی ئەم جێناوە لە زمانی کوردیدا کردوەو ئنجا ئەو کەسانەی لەسەر ئەم جێناوە دواون دەکات بە دوو کۆمەڵە [59]و دواییش دێتە سەر فۆرمی ئەم جێناوە لە زمانی کوردیدا، کە دوو شێوەی هەیە: لە دیالێکتی سەروودا (خوە) و لە ناوەڕاستیشدا (خۆ) یان (خود). لە بارەی پێناسەی جێناوی خۆییەوە دەڵێت: وشە و جێناوێکی سادەیە، بە تەنیاو بە بێ جێناوی کەسی بەکار نایەت، خۆ جێناوێکی جوداو سادەیە بۆ جەختــکردن وسەرنج راکێشان و سڕینەوەی هەر گومانێکە لەسەر کەسەکە و، خۆیەتی یان خاوەنیەتی دەگەیەنێ بۆ جەختکردن لە ناوێك یا ڕاناوێك بەکاردێ، ئەمەش یەکەم پێناسەیە کە پڕبە پێستی ئەم جێناوە بێت لەلایەن نووسەرەوە کراوە،بەڵام دیسان بێ کەم و کوڕی نییە، چونکە باسی لە باری خۆبەخۆیی و خۆیەتی ئەم جێناوە نەکردووە.**

**بەخۆتم وت کە نایەم بۆ ئەویٚ. لە بری ناوێك**

**من خۆم چووم بۆ بازاڕ. بۆ جەختکردن ی ناوێك**

**هەروەها نووسەر باس لە بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لەگەڵ کۆمەڵەی ( م، ت، ی، مان، تان، یان)، کردووەو ئاماژەی بەوەش کردووە، کە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕیش بەکاردێ وەك:**

**خۆم نووسیم م + م**

---

(١[٣]) د. نەسرین فەخری(١٩٨٩: ٢٠٨-٢٣٦).

(٢[٣]) کۆمەڵەی یەکەم ئەوانەن کە مۆرفیمی خۆ بە بە جێناوی خۆیی دادەنێن، کۆمەڵەی دووەمیش ئەوانەن فۆرمەکانی(خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان خۆیان) بە جێناوی خۆیی دادەنێن، بڕوانە : د. نەسرین فەخری (١٩٨٩: ٢١٠-٢١١).

**مەبەستی نووسەر ئەوەیە، کە ئەو (م)ە هەمان (م)ی یەکەمە، کە بە (خۆ)وە دەلــکێ و دەچێتە سەر کاری ڕابردووی تێپەڕیش. د. نەسرین فەخری باسی لە بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لەگەڵ جیاوە لکاوەکان دەبێتە هۆی دووبارە بوونەوەی چەند جێناوێك بەدوای یەکدا وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

**خۆم خۆم نووسی.** م + م

**خۆمانمان نووسی.** مان + مان

**من خۆمم نووسی.** من + م + م

**خۆم خۆمم نووسی** م + م + م

**تەوەرێکی دیکەی ئەم وتارەی نووسەر باسکردنی بەکارهێنانی جێناوی دەستەی یەکەم و دەستەی دووەمە لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕ بۆ هەموو کاتەکان و لەگەڵ تێپەڕ بۆ ئێستاو داهاتوودا وەیە:**

**ڕانەبردووی تێپەڕ :** (١) (٢)[60]

**خۆم دەنووسم** م + م

**ڕانەبردووی تێنەپەڕ** (١) (٢)

**خۆم دەخەوم** م + م

**ڕابردووی تێنەپەڕ** (١) (٢)

**خۆم خەوتم** م + م

---

**([٣]) مەبەست لە (١) دەستەی یەکەمی جێناوەکانە، (٢)ش دەستەی دووەمی جێناوەلکاوەکانە، هەرچەندە ئەو بەپێچەوانەوە دەستەی یەکەم بەکادێنێت، واتە دەستەی یەکەم بە دووەم و دەستەی دووەمیشی بەیەکەم بەکارهێناوە. بۆ زانیاریش لای ئێمە دەستەی یەکەم دەستەی خاوەنییەتیە (م، ت، ی، مان، تان، یان)، دەستەی دووەمیش دەستەی ڕێکەوتنە(م، یت، Ø، ین ، ن، ن). بڕوانە: عەبدوڵلا حسێن رسول(١٩٩٥: ٢٠٣).**

**ڕابردووی تێپەڕ** (١) (١)

**خۆم کردم** م م

**نووسەر لێرەدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە، کە (خۆ) لەگەڵ هەر کارێك بەکاربێت (تێپەڕ، تێنەپەڕ، ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) جێناوی دەستەی یەکەم وەردەگرێت. بەڵام نووسەر لە خاڵێکی تردا کە وتوویەتی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری کێیە؟منم، گوایە وەڵامەکەی (خۆم، من خۆم) بێت، ئەم ڕستانەی خوارەوەی بەکارهێناوە:**

**"خۆم _ من خۆم . غەریب نیم ـ ناسیاوم ـ لە خۆتانم"**(ل٢١٦)

**خۆیت ـ تۆ خۆیت**

**خۆیە ـ ئەو خۆیە**

**خۆن ـ ئێوە خۆن**

**خۆن _ ئەوان خۆن ـ غەریب نین ـ ناسیاون لە خۆمانن"**(ل٢١٦)

**نووسەر هەمان شتی د. ئەورەحمانی دووبارە کردۆتەوە، بەڵام بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدات کە لەگەڵ کام جێناوی لکاو بەکارهاتووە. تەنیا ڕستەکانی هێناوەتەوە و باس لەوەش ناکات کە ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە چ شێوەزارێکی زمانی کوردیدا بەکاردێت. بە دوای ئەم نموونانەدا چەند نموونەیەکی تر دێنێتەوە، کە زیاتر تێکەڵییان پێوە دیارە:**

**"کێیە ؟ ـ خۆم ـ غەریب نیم ـ کێیە ؟ ـ خۆمم ـ منم**

**کێیە ؟ ـ خۆمانین ـ غەریب نین ـ ؟ ـ خۆمانین ـ ئێمەین"**(ل٢١٦)

دوای ئەوە دەڵێ :

**"کێم ؟ خۆیت . غەریب نیت ـ کێم ؟ خۆتیت ـ تۆیت**

**کێم ؟خۆن ـ غەریب نین ـ کێم ؟ خۆتانن ـ ئێوەن**

**کێیە ؟ خۆیە ـ غەریب نىیە ـ کێیە ؟ خۆیەتی ـ ئەوە**

**کێیە ؟ خۆن . غەریب نین ـ کێیە ؟ خۆیانن ـ ئەوانن"**(ل٢١٧)

**نووسەر لەم کۆمەڵە ڕستەیەی سەرەوەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێت جێناوی خۆیی لەگەڵ دەستەی یەکەم، بەدوایدا دەستەی دووەمدا بەکاردێت، هەروەك د. ئەوڕەحمان لە کتێبی (جێناودا) باسی ئەمەی کردووە. لە نموونەکانی دواتریشدا دەیەوێ بڵێت، لەگەڵ دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکان (م، یت، Ø، ین، ن، ن) بەکاردێت، کە ئەویش هەمان ڕای (د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف)ە کە پێش ئەو ئاماژەی پێکردووە، نووسەریش هەمان هەڵەی ئەوی دووبارە کردۆتەوە و، کۆمەڵێك نموونەی هێناوەتەوە، کە دەتوانین بەم شێوەیە شرۆڤەی بکەین: ڕستەی یەکەم و دووەم ڕاستی تێدایە، چونکە لێرەدا جێناوی دەستەی یەکەمە، نەك دەستەی دووەم، بەڵام لە ڕستەی سێیەم کە ڕاستییەکەی (خۆتیت)ە، کەچی نووسەر وتوویەتی (خۆیت) یش بەکاردێ، کە مەبەستی بەکارهێنانی جێناوی (یت)ی کەسی دووەمی تاکی دەستەی دووەمە لەگەڵ (خۆ)دا، کە باش بۆی نەچووە، چونکە ئەم جێناوە لەگەڵ (خۆ)دا بەکارنایێت. لەجیاتی بڵێین( تۆ خۆتیت) بڵێین (تۆ خۆیت). مەگەر کورتکراوەی (تۆ خۆتیت) بێت کە لە بناغەدا بەم شێوەیە بێت: (تۆ خۆیی)یت. لە ڕستەی چوارەمیشدا لە هەندێ شوێندا ئەم فۆرمە بەکاردەهێنرێ بەڵام ئەم (ی)ە بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکاردێت– واتە لە جێی (مان)، نەك لە جێی (تان). چونکە ئەم فۆرمە بەشێکە لە کۆمەڵە فۆرمەکانی**

**جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم وەك پێشتریش باسمان کرد، لە چەند ناوچەیەکی وەك ڕەواندز، موکریان، خۆشناوەتی بەکاردێت، ئەوانیش (م، ت، ی ، ن، و، یان).**

**ڕستەی پێنجەمیش، ئەم(ی)ە جێناوی کەسی سێیەمی تاکی دەستەی خاوەنیەتیە، کە دەستەی دووەمی بچێتە سەر دەبێتە(خۆیەتی)، بەڵام نووسەر وای داناوە، ئەمە جێناوی دەستەی دووەمی چۆتە سەر.**

**جگە لەمە نووسەر جێناوی (خۆ)ی لەگەڵ جێناوی هەیی و پێشبەند و چەند وشەیەکی دیکەدا گەردان کردووە، کە لە هیچیان دەستەی دووەمی جێناوەکانی وەرنەگرتووە و، لە ڕستەی "هی خۆمن"(ل٢٢١)دا جێناوی یەکەم بەدوایدا دەستەی دووەم هاتووە. نووسەر لەم نموونانەدا مەبەستی گەردانکردنی جێناوی خۆییە لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا، بەڵام ئەو مەبەستەی نەپێکاوە کە دەستەی دووەم ڕاستەوخۆ بەدوای جێناوی خۆییدا بێت.**

**د. نەسرین لە پەراوێزی (١٨)دا ڕایەکی چاکی وروژاندوە، کە ئەویش بەکارهێنانی باری خۆبەخۆیی جێناوی خۆییە، بەتایبەتی لە یاسای بەخورتی بەکارهێنانیدا، گەرچی نموونەی بۆ هێناوەتەوە، بەڵام بەوردی نەچووەتە ناو وردەکاریی ئەم لایەنەوە.**

**لایەنێکی باشی دیکەی ئەم وتارەی د. نەسرین ئەوەیە ، باسی لە ڕۆڵی(خۆ) لە سازکردنی وشەدا، زۆر بە تێرو تەسەلی کردووە، بەڵام تێکەڵیەکی پێوە دیارە و زۆر جاریش بە هەڵە ناویان دەبات. بەڵام بەهەرحاڵ کارێکی باشی کردووە.**

**لە لێکدانی جێناوی خۆیی لەگەڵ کار و چاوگدا، دانی بەوەدا داناوە، تەنیا لەگەڵ ئەو کارو چاوگانەی تێپەڕن بەکاردێت، ئەویش کاتێ بکەرو بەرکار دەبن بە یەك. کەواتە (خۆ) تەنیا لەگەڵ چاوگە تێپەڕەکان دەتوانن وشەی لێکدراو دروست بکەن، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کەخۆ لە گەڵ چاوگە تێنەپەڕەکانیش بەیاریدەی پێشبەندێك دەتوانێ وشەی لێکدراو دروست بکات.**

**له بارەی بەشداریکردنیشی لە سازکردنی جووتەوشەدا لە هەندێ شوێندا باش بۆی نەچووە. کاتێ هەندێ ڕستەی بە جووتەوشە داناوە، کە لە ڕاستیدا حاڵەتێکی سینتاکسییە، نەک دروست کردنی جووتەوشە بێت، وەك :**

**"خۆی خۆی وا لێکرد.**

**خۆی وای لە خۆی کرد ــ ئازاد خۆی وای لە خۆی کرد"**(ل٢٢٣).

**بەشداریی جێناوی خۆیی لە سازکردنی وشەی نوێ و گۆڕینی واتای وشە و دروست کردنی ئیدیۆمدا، بەم شێوەیە بۆ یەکەم جارە وا بەفراوانی باسی لێوە کرابێت، وەك:**

**پەسەند کردن– خۆ پەسەندکردن، لە خۆ ڕازی بوون.**

**بادان– خۆبادان** ( هیچ ئیشێکی تری نییە )

**بە خۆ زانین – هەست کردن**

**کەڕکردن– خۆ کەڕکردن** (ئیدیەم)

**دەستی لە خۆی شووشتووە** (ئیدیەم)

**لە خۆی تێکدا– قەدری عافیەتی نەزانی.**

**جگە لەمانە وەك پارتیکل، باسی لە فۆرمی (خۆ) کردووە، کە چۆتە ناو زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسیشەوە، وەك (خۆ لە کەس ناپرسێتەوە). هەرچەندە نووسەر ئەمەی تێکەڵ نەکردووە لەگەڵ جێناوی خۆییدا، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ئەم(خۆ)یە ناچێتە ناو چوارچێوەی جێناوی خۆیی و وەکو جێناو هیچ پێوەندییەکی بە چەمکی(خۆ)وە نییە. دیارە نووسەریش ئەم ڕاستییەی دووپات کردۆتەوە و باش بۆ مەسەلەکە چووە.**

**تارا عەبدوللا سەعید لە نامەی دکتۆراکەیدا بە ناوی "هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی"دا[١]، لە باسی جێناوەکاندا زۆر بە کورتی لە جێناوی خۆیی دواوە. لەم شێوەزارەدا، فۆرمی جێناوەکەشی بە هەڵە دەستنیشان کردووە و، فۆرمەکانی (خوەم، خوەت، خوەی، خوەمان، خوەتان/خوەدان، خوەیان)ی بۆ جێناوی خۆیی دیاریکردووە.**

**هەندێ نموونەشی لە زاری فەیلیەوە هێناوەتەوە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەرك و باری بەکارهێنانی جێناوی خۆیی بکات، وەك:**

**"خوەم وە خوەمم کرد.**

**کوچك لە جیەی خوەی سەنگینە.**

**بەشەگەی خوەتان بوەن.**

**خوەیان زانن.**

**ئێوە بەین خوەدان بسازین"(ل٤٥)**

**یادگار ڕەسوڵ باڵەکی لە وتاری"پێکهاتەی جێناوەکانی(خۆیی، نیشانە، پرسیار) لە شێوەزاری باڵەکیاندا"[61]، سەبارەت بە جێناوی خۆیی لە شێوەو فۆرمی ئەم جێناوە لە شێوەزاری(باڵەکیان)[62]دا دواوە و، جیاوازییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی سەر بە دیالێکتی ناوەڕاست ڕوون کردۆتەوە. فۆرمەکەی بە"خوە، بە خوە، پە خوە"(ل٢٢٩) دیاریکردووە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، دەبووایە تەنیا (خوە)ی دەست نیشان بکردایە وەکو جێناوی خۆیی، چونکە لە فۆرمەکانی (پەخوە، بە خوە)دا، ئەم (پە، بە)یە وەکو پێشبەندێك**

---

(٣٤) یادگار ڕەسوڵ باڵەکی(٢٠٠٠: ٢٢٩-٢٣١).

(٣٥) باڵەکیان : ناوی ئەو دێیەیە، کە کەوتۆتە باکووری خۆرئاوای شارۆچکەی سۆران، کە ناوی دێیەکەش لە ناوی ئەو هۆزەوە هاتووە، کەتێیدا نیشنە جێن، شێوەزارەکەیان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دێهاتەکانی دەورووبەری.

بەکارهاتووە، نەك وەکو بەشێکی سەرەکی جێناوەکە، چونکە لە دەڤەرەکانی دی و دیالێکتەکانی دیکەش ئەم(بە)یە هەیە و بەکاردێ وەك (بەخۆ)[63] و بەخۆم)یش بەرچاو دەکەوێ. پێشبەندی (پە)ش هەر پێشبەندی (بە)یە، بەلاّم لە هەندێ ناوچە[64] بەهۆی گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانەوە (بە) دەبێ بە (پە).

نووسەری ئەم وتارە کە باسی ئەوەی کردووە، جێناوی خۆیی، جێناوە لکاوەکانی خاوەنیەتییان لەگەڵ بەکاردێ، بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی ئەو فۆرمی(خۆ)ی بە تەنیا بە جێناوی (خۆیی) داناوە، نەك بە لێکدانیان لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا. بەم شێوەیە "خوە + م، ت، ی، ین، و، یان"[65](ل٢٢٩). وەك "پەچاوێ خوەم دیت/بە چاوی خۆم بینیم، پە چاوێ خوەین دیت/بەچاوی خۆمان بینیمان"(ل٢٢٩)، ئاماژەی بەوەش کردووە، کە هەندێ جار بە تەنیا و بەبێ جێناوە لکاوەکان دێت، وەك: "پەخوە هاتە کنەمە/بەخۆی هاتە لامان، خۆی هاتە لامان" (ل٢٢٩). لەلایەکی دیکەوە نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە، کە جێناوی کەسی سێیەمی تاکی دەستەی یەکەم لە دیالێکتی خواروودا بەکاردێت، بەلاّم لە شێوە زاری باڵەکیاندا ئەم (ی)ە بزردەبێ و، جێناوی (خۆ) بە تەنیا دەردەکەوێ، بەلاّم ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە لە چ کاتێکدا ئەم حاڵەتە ڕوودەدات، کە ڕاستییەکەی ئەوەیە لە کاتی جەختکردندا، نەك هەر کەسی سێیەمی تاك بەڵکو لە هەموو کەسەکاندا جێناوە لکاوەکان وەرناگرن، نەك هەر لەم دەڤەرە بەڵکو لە ناوچەکانی ڕەواندز[66] و خۆشناوەتی و لە دیالێکتی سەرووشدا، کە (ب) دەخرێتە پێش ئەم جێناوە، هەمان حاڵەتە، چونکە جێناوێکی لکاوی ڕێککەوتن هەیە بە کارەکەوە دەلکێ لە (کاری ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ)دا، کە شوێنی ئەم جێناوە لکاوە خاوەنییەتە دەگرنەوە لە دەست نیشانکردنی کەسەکەدا، کە جێناوە خۆییەکە شوێنی گرتۆتەوە.

---

([٦٣]) لە ناوچەی ڕەواندز بەتەنیا بەکاردێت لە کاتی بکەر و باری جەختکردن (تەوکید) دا.

([٦٤]) بەتایبەتی لە ناو هۆزی سورچیدا (بە) دەبێ بە (پە).

([٦٥]) بەتایبەتی لە ناو هۆزی سورچیدا ئەم (پە) یە زۆر بەکاردێت.

([٦٦]) لە ناوچەی ڕەواندز (بەخۆم دەچم) دەبێتە ( بەخۆ دەچم).

نووسەر تیشکی خستۆتە سەر ئەوەش، کاتیٚ کارەکە لە ڕابردووەوە بکرێتە ڕانەبردوو دەنگی/ە/ی دوای جێناوی خۆیی لەگەڵ /ە/ی مۆرفیمی کاتی ئێستای کارە ڕانەبردووەکە تێکەڵ دەبێت و دەنگی/ا/ دروست دەکەن وەکو (بەچاوی خۆم دەبینم) دەبێتە :

"پە چاویٚ خوە ئەبینم ــــبەچاویٚ خوە ەبینم ــــبە چاویٚ خوابینم"(ل٢٢٩).

ئەمەش پێوەندی بە فۆنۆلۆجیی زمانی کوردییەوە هەیە. هەر ئەمەشە وای لەهەندیٚ نووسەر کردووە فۆرمی(خوا)ش بۆ جێناوی خۆیی دەست نیشان بکەن.

لە خاڵێکی تردا ئامارژەی بەوە داوە، کە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا دەشیٚ دوو جێناوی دەستەی خاوەنییەتی بەدوای یەکدا لەگەڵ جێناوی خۆییدا بێت وەك : خۆمم پیٚ ڕاناگیریٚ، بەلاٚم لە زاری باڵەکیاندا ئەم شێوەیە نابینریٚ، چ لەگەڵ کاری ڕابردوو یان ڕانەبردوودا. وەك :

ڕانەبردوو / کە ئەوانە بینم بە جارەکی خوەم لە بیرە چیتۆ.

ڕابردوو / کە ئەوم دیتن بە جارەکی خوەم لە بیر چۆو.

کە ئەمەش لە ئەنجامی بوونی دوو جێناوی خاوەنییەتی، جێناوی یەکەم ون دەبیٚ و جێناوی دووەم بە دیار دەکەویٚ. جێناوی یەکەمین لە دەستەی خاوەنی دەگۆڕیٚ بۆ دەستەی دووەم (ڕێکەوتن) و دەچێتە دوای کارەکە وەك :

خۆیانتان پیٚ ئەناسێنن / ئیٚ خوەو پیٚ ناسینن .

خۆمانتان پیٚ ئەناسێنین / ئیٚ خوەت پیٚ ناسینین.

یادگار لە خاڵێکی تریشدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە، ئەم جێناوە بە هیچ شێوەیەك جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەمی پێوە نالکێ، ئەگەر لە ڕستەشدا دیار بکەون دەکەونە دوای کارەوە چ لە ڕابردوو یان ڕانەبردوو:

ڕابردوو / پەخوە ڕۆیشتم– بەخۆم ڕۆیشتم.

ڕانەبردوو / پەخوا ڕۆم – بەخۆم دەڕۆم.

ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕایەیداین، کە نەك هەر لە شێوەزاری باڵەکیان، بەڵکو لە هیچ دیالیکتێکی زمانی کوردیدا جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم– (ڕێککەوتن) بە جێناوی (خۆیی)یەوە نالکێن. ئەگەر لە ڕستەشدا بێت بە کارەکەوە دەلکێ یان دەچێتە دوای جێناوەکانی دەستەی یەکەم، کە بە جێناوی خۆییەوە لکاوە. هەرچەندە ئەگەر لە هەر دەڤەرێکیش بەکاربێت، ئەمە پێوەر نییە بۆ ڕاستیی بەکارهێنانی ئەم حاڵەتە، هەروەك چۆن لە هەندێ دەڤەری دیالێکتی سەروودا[67] جێناوەکانی خاوەنی دەچنە سەرکاری تێنەپەڕ وەك :

بوو + مان = بوومان

چوو + مان = چوومان

لە خاڵێکی تریشدا باسی لە جێناوی خۆیی لەگەڵ کاردا کردووە، کە دەڵێ: ئەم جێناوە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕو ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕدا دێت، بێ ئەوەی هیچ جێناوێکی لکاوی لەگەڵدا بێت. چاکتر بوو بیووتبا لە حاڵەتی بکەریدا وەك لەم نموونانەی کە هێناویەتیەوە و بەراوردی کردوون لەگەڵ دیالێکتی خوارووودا تێکڕایان بوونەتە بکەر:

---

(٦٧) بەتایبەتی لە ناوچەی بەردە ڕەش و گەڕەکی شۆریجە لە شاری کەرکوکدا ئەم جۆرە بەکارهێنانە بەکاردێت.

**"بەخوە چووین / ئەخۆمان چووین، خۆمان چووین.**

**بەخوا کرم، خوا کرم / بەخۆم دەکرم، خۆم دەکرم.**

**بەخوا چن / بەخۆیان دەچن، خۆیان دەچن."**(ل٢٣٠)

**ئەوەی لەو ڕستانەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێ شێوەزاری ئەم دەڤەرە هەمان شێوەی بەکارهێنانی دیالێکتی سەرووە، تەنیا هەندێ گۆڕانی فۆنۆلۆژی نەبێت، ئەوەش دەسەلمێنێ کە (پە) هەمان (بە)یە، کە لە دیالێکتی ناوەڕاستیشدا بەکاردێت، هەروەك چۆن لە دیالێکتی سەروودا، ئەگەر بکەر و نیهاد بوو (ب)ی دەخرێتە پێش، لەبەر ئەوەی جێناوی لکاو وەرناگرێ.**

**لایەنێکی باشی تری ئەم وتارە لەوەدایە بەلای نووسەرەوە هەر ئەوەندە نییە، کە جێناوی خۆیی لە ڕستەدا ڕۆڵ ببینێ بەڵکو لە سازکردنی وشەشدا بەشداری دەکات وەك:**

**"خوە + یی = خوەیی / خۆیی**

**ما + خوە = ماخوە /ماڵخۆ**

**خوە + فرۆشتن / خوە فرۆشتن"**(ل٢٣٠)

**سەرەنجام نووسەر کارێکی چاکی کردووە بۆ تۆمارکردنی ئەم جیاوازییەی لە نێوان دەڤەرەکانی کوردستاندا هەیە، بەتایبەت لەناو یەك دیالێکتدا.**

**کتێبی"بنگەهێن گرامەرا کوردمانجی"[68]ی زانای ناوداری کورد (جەلادەت ئالی بەدرخان) بە یەکەم سەرچاوەی کاتی خۆی دادەنرێت، کە بەو شێوە ڕاست و دروستە لە جێناوی خۆیی دوابێت، بە تایبەتی لە دەستنیشانکردنی فۆرمی جێناوەکە و ڕۆڵی جێناوی**

---

(٤[1]) جەلادەت ئالی بەدرخان (٢٠٠٢: ٩٧-٩٩).

**خۆیی و ناساندنی جێناوی خۆیی وەکو جێناوێکی خۆبەخۆیی، کە دەبێتە بەرکار لە ڕستەی کاری تێپەڕدا. ئەمەش ئەوسا بەم شێوەیە لە ڕێزمانی کوردیدا باس نەکرابوو، بە تایبەتی لە دیالێکتی سەروودا. نووسەر ئەوەی لا ڕوونە کە جێناوی خۆیی جێناوێکی بێلایەنەو ژمارەو ڕەگەزو کەسی تیا نییە، واتە دەکەوێتە شوێنی نێرو مێ و تاك و کۆ وەك:**

**وی خوە کوشت.**

**وێ حوە کوشت.**

**وان خوە کوشت.**

**هەروەها نووسەر یەکەم کەسیشە، کە باسی لەباری خۆبەخۆیی لەزمانی کوردیدا کردبێت، وەك دەڵێ: کاتێ لە ڕستەیەکدا بکەرو بەرکار سەر بە هەمان کەس و ژمارە بن، ئەو کاتە جێناوی بەرکاری بە جێناوی خۆیی دەگۆڕێ، بە واتایەکی تر دوو جێناوی سەر بە هەمان کەس و ژمارە لە ئەرکی بکەرو بەرکاریدا لە ڕستەدا بە یەکەوە کۆ نابنەوە ئەو کاتە مرۆڤ ناتوانێ بڵێ:**

**"ئەز من د نەینکێ دە دبینم _ من من لە نەینۆکیدا دەبینم"(ل٩٧)**

**لەبەر ئەوەی (ئەز ) و (من) سەر بە هەمان کەس و ژمارەنە، واتە هەردووکیان کەسی یەکەمی تاکن، بەڵام یەکێکیان لە دۆخی بکەریە و ئەویتریان لە دۆخی بەرکاریدایە، لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین :**

**ئەز خوە دنەینکێ دا دبینم.**

لە ڕستەی ( ئەز پەزێ مە دچێرینم)دا، هەردوو جێناو سەر بە هەمان ژمارە نینە بۆیە ڕستەکە لەنگی تیا ناکەوێ.

هەروەها لە ڕستەی"ئەز تە و برا یێ تە دبینم" هەردوو جێناو سەر بە هەمان کەس و ژمارەن، بەلاَم هەردووکیان بەرکارن، نەك یەکێك بەرکار و ئەویتر بکەر بێت، بۆیە ڕستەیەکی ئاساییە.

نووسەر ئەم زانیاریانەی دەری بریون لە بارەی ئەم بارەی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی شێوەیەکی زانستیانەیە و تا ئیستاش هەمان شت دەووترێتەوە و، سەبارەت بە ڕێزمانی کوردی بۆ ئەو کات شتێکی تەواو تازە بوو، تەنانەت تا بەر لە چەند ساڵێکیش لەمەوبەر ڕێزماننوسانی کورد نەیانتوانیوە بگەنە ئەو ڕاستییانەی، کە ئەو دەمێك بوو دەرکی پێ کردبوو، ئەمەش بەهۆی شارەزایی نووسەرەوەیە لە زمانانی بێگانە و گرنگی دانی نووسەر بەم جێناوە.

هەروەها لە بارەی ڕۆڵ گۆڕینی جێناوی خۆیی لە بەرکارییەوە بۆ بکەریی، چونکە ئەو ڕای وایە لە بناغەدا جێناوی خۆیی بۆ ڕۆڵی بەرکاری هاتووە، دەڵێ: هەندێ جاریش شوێنی بکەر دەگرێتەوە(ل٩٨)، بەلاَم نووسەر ئەو نموونانەی بۆ ئەم مەبەستە هێناویەتیەوە جێناوە خۆییەکان ڕاستەوخۆ نەبوونەتە بکەر، بەڵکو بوونەتە تەواوکەری بکەر– واتە تەوکەری ناون.

شتێکی سەیر لەم ڕستانەدا، کە بۆ ڕۆڵی بکەریی هێناویەتەوە ئەوەیە کە دوای جێناوە خۆییەکە جێناوێکی کەسی سەربەخۆ هاتووە، کە هەمان ڕۆڵی جێناوە لکاوەکانی دیالێکتی ناوەڕاست دەبینێ، بەلاَم نووسەر هیچ ئاماژەیەکی بەمە نەکردووە. هەروەها ئەم شێوە بەکارهێنانە، لە شێوەزاری بادیناندا بەکارنایەت، بەلاَم نووسەر کە دوای جێناوە خۆییەکە،

**جێناوێكی كەسیی سەربەخۆی داناوەتەوە، دەڵێ: دوو جێناوی سەر بەهەمان كەس و ژمارە، لە ڕستەدا بە یەكەوە نایەن بەڵام ئەگەر ژمارەكەمان گۆڕی بە یەكەوە دێن، وەك:**

**"ئەز و برایێ خوە ئەم هاتن**

**من و برایێن خوە مە خوار"**(ل٩٨)

**سەرەڕای ئەم كارە چاكانە، كە نووسەر ئەنجامی داون، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی لە ڕۆڵی جێناوی خۆیی لە باری جەختكردن دا نەكردووە، هەروەك چۆن نووسەرانی دیكە بە كاریگەری ڕێزمانی عەرەبی ڕۆڵی سەرەكی جێناوی خۆییان بە جەختكردن (تەوكید) لێك داوەتەوە، بەڵام نووسەر بە كاریگەری زمانی ئەورووپی ئەركی سەرەكیی جێناوی خۆیی بە خۆبەخۆیی زانیوە و بە شێوەیەكی جوان ئەمەی ڕوون كردۆتەوە.**

**لە كتێبی"زمان و ئەدەبی كوردی"دا**(69) **پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە باسی جێناوی خۆییدا، جیا لە كتێبی پێشوو، كە باسمان كرد ئەمجارە لە دارشتنەوەی بابەتی جێناوی خۆیی بە شێوەیەكی پوخت و بە درێژی باس لەم بابەتە كراوە و، پشتیان بە سەرچاوەی باشتر بەستووە، هەرچەندە ئاماژەشیان بە سەرچاوەكان نەكردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین پوختەیەكی زۆر جوانی جێناوی خۆیی‌یان بە مەبەستی فێركردن نووسیوەتەوە و جێناوی خۆیی بە جێناوێكی هاوبەش دەزانن لە نێوان هەر سێ كەسەكەی تاك و كۆدا، هەروەك لە فارسیدا پێی دەووترێ "ضمائر المشتركة". لە مەدا ڕاستن، بەڵام كە دەڵێن لەكەڵ جێناوە لكاوەكان دەبێت بە لێكدراو لەمەدا هەمان هەڵەیان دووبارە كردۆتەوە، كە پێشتریش لە چەند شوێنێكدا ڕوونمان كردۆتەوە.**

---

(٢[٤]) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٢: ٨-١١).

بەلای ئەوانەوە جێناوی خۆیی واتای خۆیەتی و خاوەنیەتی دەگەیەنێت. شێوەکانی جێناوی خۆییش لای ئەوان (خۆ، خوە، خود )ە و، نموونەیان بۆ هەریەکەیان هێناوەتەوە.

باری بەکارهێنانی جێناوی خۆییش لای ئەوان دوو حاڵەتە :

١- بۆ جەختکردن (تەوکید) ی ناو یان جێناو وەك:

ئەو خۆی نامەی نووسی.

٢- کاتێك ئەگەر بکەرو بەرکاری ڕستەکە یەك بن ئەوا دەتوانین جێناوی (خۆ) بەکاربێنین وەك :

من خۆم خۆمم بە چەقۆ بریندار کرد.

ئاماژەیان بەوەش کردووە، بوونی (خۆ) پێویستەو بە لابردنی ڕستەکە دەشێوێت. ئەوەشیان ڕوون کردۆتەوە، کە لە دیالێکتی سەروودا بە تەنیا و بەبێ جێناوە لکاوەکان بەکاردێت، بەڵام هۆکاری ئەمەیان ڕون نەکردۆتەوە و بەراوردیان لەگەڵ جێناوی خۆیی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا نەکردووە، کە لەبەر ئەوەی لە دیالێکتی سەروودا، جێناوە لکاوە خاوەنییەکانمان نییە بۆ دەستنیشانکردنی کەس و ژمارەی جێناوە خۆییەکە، کە لەڕێگای جێناوە کەسییەکاندا کەس و ژمارەی دیاری دەکریٚ، ئەمەش بە تایبەتی لە دۆخی بەرکاریدا، بەڵام لە دۆخی بکەریی و نیهاددا جێناوی خۆیی لە دیالێکتی سەروودا(ب)ی دەخرێتە پێش، ئەم ڕوونکردنەوەیەش لە جێی خۆیدایە، بەڵام دیسان دەبوایە ئاماژەیان بەوە بکردایە، کە لە دیالێکتی ناوەڕاستیشدا ئەم (ب)یە هەیە و لە شێوەی (بە)دا بەکاردێت:

من بە خۆم هاتم.

ئەز ب خۆ هاتم.

بەڵام ئەوەندە هەیە لە دیالێکتی خوارووودا بەکارهێنانەکە بەئارەزووە و بۆ زیاتر جەختکردنە و دەتوانریٚ لاببریٚ و بڵێین (من خۆم هاتم)، بەڵام لە دیالێکتی سەروودا

بەخورتییە. هەروەها لە دیالێکتی سەروودا دەتوانین ئەم (من)ە لاببەین و بڵێین (خۆم نانم خوارد)، بەڵام لە سەروودا ئەم (من)ە لاناچێ و ئەگەر لای ببەین، واتای ڕستەکە لەنگ دەبێ (ب خۆ نان خار)[70].

لە خاڵێکی دیکەدا، کە باسیان لە بەتەنیا بەکارهێنانی جێناوی خۆیی کردووە.وەك:

"خۆ بە خۆ دانیشتبووین + ئەم خۆ ب خۆ ڕۆنیشتبووین"(ل١٠)

ڕاستە ئەوان دەرکیان بەوە کردووە کە بە بێ هیچ زیادەیەك بەکار هاتووە، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، ئەوان بە هەڵە لەم بەکارهێنانە گەیشتوون، چونکە ئەمە حاڵەتێکی سینتاکسی نییە، بەڵکو لێرەدا (خۆ بە خۆ) وەکو ئاوەڵکار بەکار هاتووە– واتە ئەمە حاڵەتێکی فەرهەنگییە[71].

لەبارەی گەردانکردنی جێناوی خۆیی لەگەڵ دەستەی یەکەم و دووەمی جێناوە لکاوەکاندا، نموونەکانیان ڕاست ودروستن، بەڵام ئەوان یەکەم کەس نین، باسیان لەوە کردبێت. لە بەکارهێنانی دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکانیشەوە ڕاستەوخۆ بەدوای جێناوی خۆییدا، هەمان هەڵەی ئەو نووسەرانەی، کە لەم بەشەدا ڕوونکرانەوە، دووبارە کردۆتەوە.

لە خاڵێکی دیکەدا باسیان لە ئەرکەکانی حێناوی خۆیی کردووە، گوایە هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت (بکەر، نیهاد، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، تەواوکەری ناو، تەواوکەری کاری بێهێز، جێگری بکەر، بەرکار) و نموونەیان لە هەردوو دیالێتکتی سەروو و ناوەڕاستەوە بۆ هەموو ئەرکەکانیان هێناوەتەوە و، لە ئەرکی بکەردا "هەمیشە خۆم لە کاری خراپ دوور دەخەمەوە"(ل٥)، (خۆ) نەبووە بە بکەر، بەڵکو بەرکارە. ئەرکی جێگری کاراش لە

---

([٣]) ئەمە تەنیا ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێپەڕبوو، بەڵام لەگەڵ کاتەکانی دیکەدا هەمان شێوەی ناوەڕاستی هەیە.

([٤]) بڕوانە بەشی دووەمی ئەم باسە.

**نموونەی"خۆیان گیران، ئەو خۆ هاتن گرتنی"(ل٥)دا، لەزمانی کوردیدا ئەم ئەرکە نابینێت**[72].

**لەبارەی جێناوی خۆیی لە ڕووی ڕەگەز و ژمارەو دۆخەوە، نموونەی دروستیان هێناوەتەوە، وەك:**

**"ئازادی کوڕێ خۆ نەهینایە.** (نێر)

**نازدارێ خۆ ئامادەکرییە.** (مێ)"(ل١١)

**جگە لەمانە باسیان لە بەشداریکردنی (خۆ) لە ساز کردنی وشەی داڕێژراو و لێکدراودا کردووە، ئەمەش خالێکی ئەرێنییە، کە هەر لە چوارچێوەی ( خۆم، خۆت، خۆی... هتد) و ئەرکەکانی، سەیری(خۆ)یان نەکردووە.**

**لە بەکارهێنانی مۆرفیمی (ش، یش)دا، لەگەڵ جێناوی خۆیی تەنیا دوو حاڵەتیان باس کردووە ئەوانیش (خۆشم، خۆمیش)ە، بەڵام جگە لەم دوو حاڵەتە دەتوانین (خۆیشم) بەکاربێنین، کە ئەوان باسیان لێوە نەکردووە.**

**لە تەوەرەیەکی دیکەدا، کە باسیان لە بەکارهێنانی جێناوێکی لکاو بە دوای جێناوی (خۆ)وە کردووە، وتوویانە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بەکاردێت، وەك:**

**"خۆمان خانووەکەمان فرۆشت.** (تێپەڕ)

**خۆیان بەپێ هاتنەوە.** (تێنەپەڕ)"

**بەڵام ئەگەر دوو جێناوی لکاوی پێوە لکا، ئەوا تەنیا لەگەڵ کاری تێپەڕ بەکاردێت وەك:**

**"زەوییەکەی خۆمانمان فرۆشت.**

**پەرتووکەکەی خۆمت پێشکەش دەکەم"(ل١١)**

---

(٥[٤]) بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم باسە.

**دەبووایە ئاماژە بەوە بکەن، کە حاڵەتی یەکەم ئەرکی بکەری بینیوە و، بکەریش لە هەردوو جۆری کاردا هەیە، بەڵام حاڵەتی دووەم ئەگەر ببیٚ بە بەرکار یان تەواوکەری بەرکار، ئەوسا جێناوێکی دەستەی یەکەم بۆ دەستنیشانکردنی کەس و ژمارەی (خۆ) و، جێناوی دووەم وەکو نیشانەی بکەر بەکاردێت. واتە یەکێکیان بۆ بەرکاری و ئەویتر بۆ بکەریی، چونکە بکەر و بەرکار هەمان کەسن.**

**نیعمەت عەلی سایە لە" ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی"دا [73]، کە تایبەتە بە زاری کەلهوڕی، کتێبێکی پوختی لە سەر ڕێزمانی زاری کەلهوڕی داناوە، لە سەرەتادا، باسی بەشەکانی ئاخاوتن کردووە و، لەباسی جێناودا، لە جێناوی خۆیی دواوە و شێوەی جێناوی خۆیی لە زاری کەلهوڕیدا دەستنیشانکردووە و، وتوویەتی: "ڕاناوی خۆیی بە پێی یاسا و دەستووری وشەسازی دروست دەبێت، ئەمەیش بەم جۆرەیە":(ل١١٣)**

**١- خو + ە + م = خوەم**

**٢- خو + ە + ( د- ت ) = خوەد، خوەت**

**٣- خو + ە + یٚ = خوەیٚ**

**٤- خو + مان = خوەمان**

**٥- خو + دان – تان = خوەتان**

**٦- خو + یان = خوەیان**

(٦٤) نیعمەت عەلی سایە (٢٠٠٤: ٢٢-١١٣،٢٤).

ئەمیش وەکو نووسەرانی دیکە لە دەستنیشانکردنی فۆرمی جێناوی خۆیی کەوتۆتە هەمان هەڵەوە. لە هەمووی سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە هیچ ئاماژەیەك بەوە ناکات بۆ دەبێ لە ڕێگای وشەسازییەوە جێناوی خۆیی دروست بکرێ، یان هۆکارەکەی چییە و، ڕوونکردنەوەیەك لەم بارەیەوە بدات. ئەی ئەگەر لای ئەو جێناوی خۆیی پێکهاتبێت لە (خۆ) و جێناوە لکاوەکان، کەواتە ئەی وشەی ( خۆ ) چ ناوێکی لێدەنێ، کە بەشداری دەکات لە سازکردنی چەندین وشەی دیکەدا. بەوپێیە دەبووایە ئەوە دیاربخات، کە بۆچی بە وشەیەکی سەربەخۆی دادەنێ یان مۆرفیم یا هەرشتێکی دیکە. نووسەر بۆ کەسی تاك (خوە) و بۆ کەسی کۆ (خو)ی داناوە، کەچی ڕوونی نەکردۆتەوە بۆ ئەم گۆڕانەی بەسەردا هاتووە.

خاڵێکی پۆزەتیڤی ئەم کتێبە ئەوەیە، نووسەر جێناوی خۆیی دابەش کردۆتە سەر دوو جۆر ( جێناوی خۆیی تەئکیدی، جێناوی خۆیی Reflexive ).

لەبارەی جێناوی خۆیی تەئکیدی، کە وتوویەتی بەدوای ناو، چ کارا، چ بەرکار، دێت، تاکو ناو دووبارە نەبێتەوە، کەوتۆتە هەڵەوەو، لەباری جەختکردندا بەدوای بەرکاردا نایەت، هەروەها مەبەست لە جەختکردنەوەش دووبارە نەکردنەوەی ناو نییە(74)

بۆ جۆری دووەمی جێناوی خۆیی ( Reflexive )یش دەڵێ ئەوە پیشان دەدات کە کەسی بکەرو بەرکار یەکێکن و، لەو ڕستانەی هێناویەتەوە لە هەندێکیاندا جێناوی خۆیی ڕۆڵی خۆبەخۆیی بینیوە، بەڵام لە ڕستەی "**شاواز خوەی وە گەورای ئاوای گریٚ**"(ل٢٤) دا جێناوی خۆیی لە باری جەختکردن دایە نەك خۆبەخۆیی.

لەبارەی ئەرکەکانی جێناوی خۆیییەوە دوو ئەرکی هێناوەتەوە و، ئاماژەی بۆ ئەرکەکانی دیکەی جێناوی خۆیی نەکردووە. لە نموونەی ئەم ئەرکانەشدا، لە ئەرکی بەرکاردا "**خوەی دەیگ وەکوشت ئەڕا فلسیٚ**"، (خۆی) بۆتە بکەر، نەك بەرکار.

---

(٤٧) بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم باسە.

**ئەلیکساندەر خۆدزکۆ لە کتێبی "چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی (دیالێکتی سلێمانی)"دا[75]، لە بارەی دەست نیشانکردنی فۆرمی جێناوی خۆییدا وتوویەتی: لە زمانی کوردیدا تەنها یەك جێناوی خۆیی هەیە ئەویش (خۆ)یە و بە هاوبەشی لە گەڵ جێناوەکانی دیکەدا گەردان دەکرێ. ئەوەی شایەنی باسە ئەمە کۆنترین لێدوانە لە سەر جێناوی خۆیی، لەوانەی کە ئێمە هەڵمان سەنگاندوون، کەچی بەشێوەیەکی زانستیانە فۆرمی جێناوەکە و، گەردان کردنی لەگەڵ بەشەکانی ڕستەدا دەستنیشانکردووە، بۆ هەرسێ کەسی تاك و کۆ و، نموونەی لە چەند دۆخێکدا بۆ هێناونەتەوە کە ئەمانەن :**

| | | |
|---|---|---|
| Nominatif | **خۆم** | **دۆخی بکەر** |
| Genitif | **هی/ ماڵی خۆم** | **دۆخی ئیزافە** |
| Datif | **بەخۆم** | **دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ** |
| Accusatif | **خۆمی** | **دۆخی بەرکاری** |
| Ablatif | **لەخۆم** | **مەفعول فیە** |
| Locatif | **لەخۆمدە** | **ئاوەڵکاری شوێن** |

**نووسەر زیاتر پشتی بە گەردانکردن بەستووە بۆ دەستنیشانکردنی بەشەکانی ئاخاوتن و، ئەو دۆخانەی کە باسی لێوە کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە درووستی کردوون[76]:**

---

(٨٤) ئەلیکساندەر خۆدزکۆ(٢٠٠٥: ٨٠).

(٩٤) هەمان سەرچاوە (٢٠٠٥: ٧٠).

**١- دۆخی ئیزافە : بە دانانی (ی) یان (ھی) لە پێش دۆخی بکەریی دروست دەبێت.**

**٢- دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ : بە دانانی پێشبەندی (بە)/(لە) لە پێش دۆخی بکەریی (بەخۆم، لەخۆم).**

**٣- دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ : بە دانانی (ی) لە کۆتایی دۆخی بکەریی، لە کاتی کۆدا ئەم (ی) یە بە پێش دوایەمین بڕگەی دۆخی بکەریی دەکەوێتەوە.**

**٤- دۆخی مەفعول فیە : هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ دۆخی بکەریی، تەنیا بە بوونی پێشبەندی (لە) نەبێت، لەپێش جێناوی خۆییدا.**

**٥- ئاوەڵکرداری شوێن: پێشبەندی (لە) لە پێش دۆخی بکەریی دێت و پاشبەندی (دە)ی بەدوادا دێت.**

**٦- دۆخی بکەریی : لە سەر شێوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ بەکارئەهێنرێ.**

**لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنج بێت نووسەر بە شێوەیەکی زانستیانە لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە. لە ڕێگای ئەحمەد پاشای بابانەوە دەقەکانی وەرگرتووەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە. توانیویەتی دۆخەکانی زمان لە سەر بەشەکانی ئاخاوتن پەیڕەو بکات بەتایبەت جێناوی خۆیی و، بەکارهێنانەکانی دەست نیشان بکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی لە جەختکردن و خۆبەخۆیی نەکردووە، بەڵکو تەنها ئەو ئەرکانەی خستۆتە ڕوو، کە جێناوی خۆیی ڕۆڵی تیا دەبینێ.**

**د. زەرێ یوسۆپۆڤا لە کتێبی "شێوەی سلێمانی زمانی کوردی"دا[77]، زۆر بە کورتی لە جێناوی خۆیی دواوە و، وتوویەتی جێناوی خۆیی کەس و ژمارەی تێدا نییە، هەروەکو نووسەرانی پێشووش ئاماژەیان بەوە کردووە،فۆرمی جێناوی خۆییشی بە لێکدانی لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا یادداشت کردووە- واتە لای ئەو بە بێ جێناوی لکاو بەکارنایەت. هەروەها وتوویەتی لەگەڵ کاردا واتای (خۆکردن) دەگەیەنێ، وەك: "خۆکوشتن،**

(٥٠) د. زەرێ یوسوپۆڤا (٢٠٠٥: ٨٤).

**خۆشاردنەوە، هاتنە سەرخۆ، خۆبێ گوناه زانین و هی دی"(ل٨٥). کەواتە بەپێی وتەی نووسەر لەسەرەوەدا، دەبێ لەم نموونانەش جێناوی لکاویان لەگەڵدا بەکاربهێنین، بەڵام نووسەر زۆر بەوردی نەچۆتە بنج و بناوانی بابەتەکە و، وەك چاولێکردنی نووسەرانی پێش خۆی، هەمان هەڵەی دووبارە کردۆتەوە و، دەرکی بەوە نەکردووە، حاڵەتی یەکەم حاڵەتێکی سینتاکسییە، نەك جێناوی خۆیی. ئەگەر ناوێکیشی لەشوێن دابنێین هەمان جێناوی لکاو وەردەگرێت، بەتایبەتی لە دۆخی بەرکاریدا.**

**سەبارەت بە ڕۆڵی جێناوی خۆیی لە ڕستەدا وتوویەتی:"دەوری بەشەکانی سەرەکی و ناسەرەکی ڕستە دەگێڕێت"(ل٨٤)، کەچی لەو نموونانەی، کە هێناویەتەوە، لە بەشی سەرەکی تەنیا نموونەی بکەری هێناوەتەوە، نممونەکانی تریش هیچی نابن بە بەرکاری ڕاستەوخۆ، کە بەشێکی سەرەکی ڕستەیە.**

**م. سەلام ناوخۆش لە کتێبی"پوختەیەك دەربارەی زمانناسی"دا[78]،لە باسی یاساکانی ڕێزمانی گوێزانەوەدا باسی لەوە کردووە یەکێك لەو یاسایەنەدا، یاسای بەکارهێنانی (جێناوی خۆیی)یە، کە ئەگەر بکەر و بەرکار ئاماژە بۆ یەك کەس بکەن بەکارهێنانی جێناوی خۆیی بە خورتی دەبێت:**

**"ئازاد ئازاد دەکوژێت.**

**ئازاد خۆی دەکوژێت."(ل٦٨)**

**لەبەرئەوەی ئەگەر جێناوی خۆیی بەکارنەیەت ڕستەکە ناڕێزمانی دەردەچێت، بەڵام ئەگەر جێناوی خۆیی بۆ جەختکردن بەکاربێت بەکارهێنانەکەی بە ئارەزووە، وەك:**

**"من خۆم چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە.**

---

(٩١) سەلام ناوخۆش(٢٠٠٥: ٦٨).

**من چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە."(ل٦٨)**

**هەروەها وتوویەتی ئەو ڕستەیەی جێناوی خۆیی تێدا پێویستییە پێی دەوترێ ڕستەی kernel( سەرەکیی – ڕستەیەکی خەبەری ئەرێی بونیاد دیارە.)**

**نووسەر لەم کتێبەدا کورتەیەکی لە یاسای بەکارهێنانی جێناوی خۆیی بەپێی ڕێزمانی گواستنەوە، نووسیوەتەوە، وەك ناساندنێکی سەرەتایی ئەم یاسایە، کە ئەمەش ناچێتە ناو خانەی لێکۆڵێینەوە.**

**بە شێوەیەکی گشتی ئەو کارانەی، کە پێشتر لە بارەی کاری جێناوی خۆیی لەزمانی کوردیدا ئەنجام دراون، ئەوا چەند دانەیەکیان نەبێت، بە شێوەیەکی زانستییانە بۆ بابەتەکە چوونە، ئەگەر نا، لایەنی کەموکوڕی زۆریان پێوە دەبینرێت، بە جۆرێك کە هەریەکەیان لەلایەنێکی ئەم جێناوە دواون، بەڵام هیچ یەکێکیان پڕ بەپێستی بابەتەکە نییە و، هەڵدەگرێ ئەم بابەتە، لێکۆڵینەوەیەکی چڕو پڕتری لەسەر بکرێت. بە هەر حاڵ لە میانەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی باس و وتارەکان ڕا و بۆچوونی خۆمان دەربڕیــوە و، لە بەشەکانی دیکەدا هەوڵ دەدەین ئەم بابەتە بە شێوەیەکی زانستییانە بخەینە ڕوو.**

# بەشی سێیەم

## دیاریکردنی بەزاندنی بنەماکان و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان

# بەشی سێیەم

## دیاریکردنی بەزاندنی بنەماکان و لێکەوتە ئاخاوتەییەکان

## ٢) جێناوی خۆیی لەڕووی وشەسازییەوە :

### ١/٢) گەردانکردنی جێناوی خۆیی:

بەشێك لە نووسەرانی پێشوو[79] جێناوە لکاوەکانیان بە بەشێك لە جێناوی خۆیی داناوە. ئەمەش بەهۆی گەردانکردنی جێناوی خۆییەوە لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا ، فۆرمی (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان)یان بۆ جێناوی خۆیی دیاریکردووە و، بە جێناوێکی لێکدراویان داناوە. وا پێ دەچێ ئەمەش ئەنجامی قوڵ نەبوونەوەبێ، یان نەبوونی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەم جێناوە برێك ڕێزماننووسیش بەهۆی ڕۆڵی جۆراوجۆری ئەم جێناوەوە گەیشتبوونە ئەو ڕایەی، کە جێناوی خۆیی بە جێناو دانەنێن[80].

جێناوی خۆیی وەکو وشەیەکی فەرهەنگیی سەربەخۆ بەشداری لە ڕۆنانە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژییەکاندا دەکات و ڕۆڵێکی ئەکتیڤی هەیە لەئاخاوتندا، بۆیە دەکرێ لەم بەکارهێنانانەدا لەگەڵ بەشێکی زۆری بەشە ئاخاوتنەکاندا گەردان بکرێ و سەربەخۆیی خۆشی بپارێزێت. چەمکی خۆی بەسەر ئەو پرۆتسیسەدا زاڵ بکات و، هەر بە جێناویش بمینێتەوە[81].

---

([79]) نووسەرانی وەك : ( سەعید صدقی، نوری عەلی ئەمین، تۆفیق وەهبی، کوردستان موکریانی، جەمال نەبەز، نیعمەت عەلی سایە، تارا عەبدوللا .... )

([80]) بە تایبەتی مامۆستا مەسعوود محەمەد: بڕوانە : مەسعوود محەمەد (١٩٧٥: ٨٢).

(٣) لەم بەشەدا کە تایبەتە بە ئاستی وشەسازی، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، هەندێ جار بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستێك، پێویستیت بە چوونە ناو ئاستێکی دیکە دەبێت، وەك بۆ نموونە: بۆ ڕوونکردنەوەی دەنگێك لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا پێویستیت بەوە دەبێ نمونەکانت لە ئاستی وشە بێت، واتە بچیتە ناو وشەسازییەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنیش لە وشەسازی پێویستیت بەوە دەبێ بچیتە ناو ئاستی ڕستەسازی، ئێمەش لەم بەشەدا، گەر جارناجارێ چووبینە ناو ئاستی ڕستەسازی، هەر بەپێی ئەم پێودانگەیە، کە ڕوونمان کردەوە.

## ٢/١-١) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا[82] :

### ٢/١-١-١) لەگەڵ جێناوە لکاوەکاندا :

جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا جگە لەدیالێکتی سەروو، وەکو جێناوەکـــانی دیکە و، وەك جێگرەوەیەکی ناو، جێناوێکی لکاوی دەستەی یەکەم (خاوەنییەتی) پێوە دەلکێ. ئەمەش بەمەبەستی دیاریکردنی کەس و ژمارەی جێناوە خۆییەکەیە، چونکە جێناوی خۆیی کەس و ژمارەی تێدا نییە و، لە ڕێگای جێناوە لکاوەکەوە کەس و ژمارەکەی بۆ دیاری دەکرێت.

هاوکات هەروەك چۆن ناو و جێناو بۆ بە خاوەنێتی کردنی ناو یان جێناوێك، جێناوی لکاوی خاوەنێتی وەردەگرێت– کە نیشانەی بکەریشی پێ دەوترێت– جێناوە لکاوەکە نابێت بە بەشێك لە ناو یان جێناوەکە. تەنانەت لە حاڵەتەکانی دیکەی وەك جەختکردن و ئەرکەکانی دیکەش بە هەمان شێوە، تەنها بۆ دیاریکردنی کەسەکەیە، ئەگەریش وا نەبێت، لە دیالێکتی سەرووددا بەهۆی نەبوونی ئەم دەستە جێناوە خاوەنێتییە لە حاڵەتی بەرکاریدا، نە جێناوی خۆیی و، نە هیچ ناوێك لە حاڵەتی بەرکاریدا، جێناوی لکاوی دەچووە سەر و، لە ڕێگای جێناوە کەسییەکاندا کەس و ژمارەکەی بۆ دیاری دەکرا. تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا لە دیالێکتی دیالێکتی ناوەڕاستیش بەبێ جێناوە لکاوەکان بەکاردێت. ئەم ڕاستیانەی سەرەوە و بەشداریکردنی جێناوی خۆیی لە ڕۆنان و سازکردنی وشەی نوێی سەر بە بەشەکانی دیکەی ئاخاوتن بەبێ ئامادەبوونی جێناوە لکاوەکان ڕاستییەکی دیکەی سەربەخۆیی جێناوی خۆیی و ئەو ڕۆڵ و ئەرکە زۆرەیە کە ئەم جێناوە لە زماندا دەیبینێت.

---

(٤) لە ناونانی دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئێمە بۆچوونی د. فوئاد حەمە خورشیدمان بە باشترین بۆچوون زانیوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الدکتور فؤاد حمە خورشید (٢٠٠٥: ١٦).

**٢/١-١-١-١) جێناوی لکاوی ( خاوەنیەتی ) دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر:**

**خۆ + م ⟵ خۆم**

**" لە خۆم مل بە کوێن و بێ وەتەنێ**

**چ بکەم میوانی منە تاقە کوڕەی براهیم پاشای یەمەنێ "**

**(تحفة مظفرية : ١٩٦)**

**خۆ + ت ⟵ خۆت**

**"...، خودا دەزانێت چەند سەعاتە بەڕێگاوەیە، تۆش بیت پێویستیت بە پشوو هەیە، ئەمشەو تێر دڵی خۆت بخەوە..."**

**(شاری مۆسیقارە سپییەکان: ١٣١)**

**خۆ + ی ⟵ خۆی**

**" ئەوی لە کیژی خۆی نەدا ، لە چۆکی خۆی دەدا. "**

**(پەندی کوردی: ١٢٢)**

**خۆ + مان ⟵ خۆمان**

**"ئەویش وتی بەخوا ڕاست ئەکەین خۆ ئەوان هەر خزمەتکاری خۆمان بون، ....."**

**(لە خەوما:٤٥)**

**خۆتان ← خۆ + تان**

**"له بەینی میللەتی خۆتان بە یاری**

**بکەن تەحقیقی شاخ و دارو باری "**

**(حاجی قادری کۆیی: ٢٥٩)**

**خۆیان ← خۆ + یان**

**"هەردووکیان ناچارکراون خۆیان بە دەستی خۆیان ئیعتراف بکەم و بێنە دەنگ! ڕۆسۆ لە بەردەم خوا دا و شێرکۆ لەبەردەم شیعردا."**

**(دنیای شتە بچوکەکان :٦١)**

**لە هەندێ ناوچەی ئەم دیالێکتەدا وێڕای ئەوەی زیاتر بەبێ جێناوی لکاو بەکاردەبرێت، لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەمیش ئەم شێوە یان ئەلەمۆرفی جێناوە لکاوەکان بەکاردێت: ( م ، ت ، ی ، ین , و ، یان )[83]، ئەمەش بەتایبەتی لە ناوچەی خۆشناوەتی و دەڤەری ڕەواندز و باڵەکایەتی و گوندی (باڵەکیان )[84]تاوەکو سنووری شێوەزاری موکری دەپەڕێتەوە.**

**لە گوندی باڵەکییانیش بەم شێوەیە بەکاردێت :**

---

(83) یادگار ڕەسول باڵەکی(٢٠٠٠: ٢٢٩).

(84) باڵەکیان : گوندێکی نزیك شارۆچکەی سۆرانە، کە خاوەنی شێوەزارێکی تایبەت بە خۆیانە و جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ⟵ | خوه | + | م | خوەم |
| ⟵ | خوه | + | ت | خوەت |
| ⟵ | خوه | + | ی | خوەی |
| ⟵ | خوه | + | ین | خوەین |
| ⟵ | خوه | + | و | خوەو |
| ⟵ | خوه | + | یان | خوەیان |

**٢/١-١-١-٢ ) جێناوی خۆیی دوو جێناوی دەستەی یەکەم پێکەوە وەردەگرێت :**

خۆ + م ⟵ + م خۆمم

**"سەیرێکی دیکەی تەنیشتی خۆمم کرد، جێگا هەمیشە بەتاڵەکەی ناتالیم بەدی کرد."**

(خەونەکانی بلوژستان: ١٢٢)

خۆ + ت ⟵ + ت خۆتت[85]

**"جەلادەت لە ناوەڕاستی یەکەم شەقامدا ڕادەوەستاو دەیگوت: ئەی شار من دەرگاکانی خۆتت بۆ دەکەمەوە و کلیلی زەمین و زەمانی ترت بۆ دەهێنم.."**

---

(٧) لە هەندێ ناوچەدا کاتێ بە بێ جێناو بەکار دەهێنرێت و جێناوی دووەمیشی دەچێتە سەر، شوێنی جێناوی یەکەم هەر بەبەتاڵی دەمینێتەوە و جێناوی دووەمیش وەردەگرێت، وەك: ترومبێلێ خۆتەدەمێ (ئۆتۆمبیلی خۆمت دەدەمێ).

(شاری مۆسیقاره سپییەکان: ٣١٨)

خۆتی ی + ت + خۆ

"بەبەر شەفاعەتی خۆتی ئەگەر نەخەی ( حاجی )

لیباسی کەعبە لەبەر کا دەبێ بچێتە جەحیم"

(حاجی قادری کۆیی:٨٢)

خۆیم م + ی + خۆ

"ئەو کاتەی بە زگەخشێ خۆم دەگەیەنمە تابووتەکەم / ئەو کاتە خواش دەرگای

دنیاکەی خۆیم لێدادەخات"

( کۆی بەرهەمە شیعرەکانی: ٢٧)

خۆمانمان مان + مان + خۆ

"تاراوگە جیهانێکە لە شووشەییبوونی خۆمانمان نزیکدەخاتەوە ، دەمانکاتە شووشە تا ساتی شکان و هەڵڕزانە خوارەوەشمان پێشخات !"

(دنیای شتە بچوکەکان:٦٠)

خۆتانمان مان + تان + خۆ

"بەلای کەمەوە ڕۆپۆشەکانتان لابدەن و خۆتانمان پێ پناسێنن ، بۆ ئەوەی لە

**داهاتوودا ، بتوانین پاداشتی مەردایەتیتان بدەینەوە."**

**(ئاوارە:٧٧)**

**خۆ + یان ← یان خۆیانیان**

**"ئەو خەڵکانەی کە ماڵەکانی خۆیانیان گواستۆتەوە ، لە ڕووی ڕەسمییەوە تەنانەت نازانن ناویشییان چییە"**

**( کاتژمێرێکی شووم: ٧٨)**

**٣-١-١-١/٢ ) جێناوێکی دەستەی یەکەم بەدوایدا جێناوێکی دەستەی دووەمی دەچێتە سەر[86]:**

**خۆ + م ← + ن خۆمن**

**خۆزگە ئەنفالچییەکان هەمان پیلانیان هەبوایە بۆ برایەتی خوازان کە زۆریشیان برادەری نزیکی خۆمن، ئەوکاتە کارمان ئاسان دەبوو، ..."**

**(دەردە ئۆمەت: ئەنتەرنێت)**

**خۆ + ت ← + یت خۆتیت**

**"کە جیهانێکی سەربەخۆیش بوویت واتە نابێتە بەشێ لە جیهانێکی تر و بەردەوام سەر بە(خۆتیت)."**

---

[86] ئەم بەدوایەکداهاتنەی دوو جێناوی دەستەی جێناوەکان بەپێی ڕێکەوتنی ڕێزمانی زمانی کوردی دەبێت، کە لە بەشی سێیەمی ئەم باسەدا باس کراوە.

(دنیای شته بچوکەکان: ٥٨)

خۆیەتی                    Ø + ــــــی ← + خۆ

"من لە ڕێگای ئەو دوو ژنەوە تێگەیشتم کە ژنان نیشتمانیان نییە، نیشتمانی ڕاستەقینەی ئەوان، نەتەوەی ڕاستەقینەی ئەوان ژیان خۆیەتی"

(شاری مۆسیقارە سپییەکان: ٤٢٩)

خۆمانین                    ین ← ـــمانـــ + خۆ

"گووتی:هەتا نۆکەری تۆم، براین. ئەگەر لە نۆکەریت چوومە دەرێ، هەر کەسە

کوڕی بابی خۆمانین."

(تحفة مظفرية: ٣٩٠)

خۆتانن                    ن ← ـــتانــ + خۆ

"گوتیان: ئێوە چۆن ئاگاداری کارەکانی خۆتانن ئاواش دەبێت حورمەتی ئێمە و خەڵکانی تر بگرن، ئێمە ڕازی نابین بە هیچ شێوەیەك ڕۆژنامەی حیزبمان بۆ بۆیاخ کردن بە کاربهێنن،..."

(یاسین بانیخێڵانی، ئەنتەرنێت)

خۆیانن                    ن ← ـــیانــ + خۆ

"هەموو شتەکان وەك خۆیانن.. باشە ئەمەیان خەونە یان ئەوانەی تا ئێستا ڕوویانداوە؟!"

(خۆری تار : ١٩٦)

**٢/١-١-١-٤ ) بە تەنیا بە کارهێنانی جێناوی خۆیی :**

جێناوی خۆیی وادەبێت بەبێ هیچ جێناوێکی لکاو وەك چۆن لە دیالێکتی سەروودا بەکاردێت، ئاواش لە دیالێکتی خواروودا بەکار بێت:

"ئەو نکارن خوە بگهینن بلنداهییێن چیاییێ جودییێ، ژلەورەژی خوە ل ناس و دوتێن خوە دجەربینن و..."

(هاوارا دیجلەییێ:٤٥)

"لەوسەری هاتنەوە ئەحمەد بە خۆ بە ژنەوە گەڕاوە. کەپوو و لێوەکەشی لەپێشی ڕووکردن..."

(هەقایەتی کوردەواری: ١١٣)

"ئەمن خۆ دەکەمە مار دەچمە بن سەر دەرێ خانی. ووکی ئەوی ملێ خۆ شۆڕکردەوە، ئەمن ڕاست بە ملی وادەم دەیکوژم..."

(هەقایەتی کوردەواری: ١٢٣)

(٧)"ژنە بەخۆ و بە پاڵتۆوە لە نێو ژووری چێشت لێناندا بەدیار کەوت."

(کاتژمێری شووم: ١٠)

لە هەندێ ناوچەدا کاتێ بە بێ جێناو بەکار دەهێنرێت و جێناوی دووەمیشی دەچێتە سەر، شوێنی جێناوی یەکەم هەر بەبەتاڵی دەمینێتەوە و جێناوی دووەمیش وەردەگرێت، وەك:

"ئێجا گۆتی:((بگرە ئەمن حەیوانێ <u>خۆ</u>تەدەمێ، ئەتووش خەونێ خۆ بدەمن، تەقە بەرە من کە))."

(هەقایەتی کوردەواری:٥٦)

**٢/١-١-٢ ) لەگەڵ مۆرفیمی ( ش ، یش ) دا :**

لە سەرجەم دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بۆ زیاتر جەختکردن، مۆرفیمی ( ش ، یش ) دەچێتە دوای جێناوە خۆییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە گەردان دەکرێت :

**٢/١-١-٢-١ ) هەردوو مۆرفیمی ( ش ، یش ) بەدوای جێناوی خۆییەوە دێن :**

خۆ + ش + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم

خۆ + ش + م خۆشم

"من زنجیری زۆر کەسم شکاندووە، هەتا زنجیرەکانی ناو ڕۆحی <u>خۆشم</u> هەر خۆم شکاندوومن"

(شاری مۆسیقارە سپییەکان: ٣٢٨)

**خۆشت                  ت + ش + خۆ**

**"ماڵێکە ئەگەر بدا بە نەقدی دڵ و جان**

**خۆشت لەسەری نەبی جەهەننەم بکڕە"**

**(حاجی قادری کۆیی: ٢٦٨)**

**خۆشی                  ی + ش + خۆ**

**"...خۆشی نەیئەزانی بۆچی بۆ جاری دووەم ئەم ڕۆمانە دەخوێنێتەوە؟"**

**( ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم: ١٢٢)**

**خۆشمان                  مان + ش + خۆ**

**"هەرچەندە بە دوای خۆماندا نەگەڕاین، بەڵام ونبوونی خۆشمان نەدۆزییەوە"**

**(کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی :١٥٦)**

**خۆشتان                  تان + ش + خۆ**

**" فەرموو تۆیان ئەویٚ و لە بەختی خۆشتان هەرچییەك ئەڵێن ئێمە تێی ناگەین، منیش کە گوێم لە دەنگی ئەبوو هەر ئەوە نەبوو نەئەتوامەوە"**

**(ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم : ١١٦)**

**خۆشیان                  یان + ش + خۆ**

**"چونکە هەردەم بە هۆی ئەو حەکایەتانەی لەسەر ژیانی خۆیان دروستی دەکەن بوارێك بۆ خۆشاردنەوەی خۆشیان دابین دەکەن."**

**(دنیای شتە بچوکەکان:٦٥)**

**خۆ + یش + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم**

**خۆ + یش + م خۆیشم**

**"جگە لە تۆ لە سەرتاپای ئەم جیهانەدا کەس شك نابەم.. کەوتوومەتە نێو....... گوناهی خۆیشمی تێدابوو.."**

**(خۆری تار: ١٦٠)**

**خۆ + یش + ت خۆیشت**

**"-مامە. کە تۆ ئێستا بەم کردەوەیە هەڵساویت هێشتا خۆیشت قسەمان پێدەکەیت!؟ پێمان ناڵێیت کە خەڵکی لەپاشەملەماندا چیمان پێدەڵێن و لەبارەی تۆیشەوە چۆن قسەو باس دەکەن!؟"**

**(موعتەسەم ساڵەیی، ئەنتەرنێت)**

**خۆ + یش + ی خۆیشی**

**"زۆرباش و بەدڵی خۆیشی بەڕێ خراوە بۆیە بە پێکەنین و کەیف خۆشی گەڕاوەتەوە."**

**(له خەوما:٣٩)**

**خۆ + یش + مان → خویشمان**

**"ئەوە سیاسەتێکە و تورکیا بە ویست و ئاگایی و خواستی خۆی، ئەنجامی دەدات و نەخشەی بۆ دادەنێت، کەچی کوردەکەی لەمەڕ خۆیشمان، هەر بە خەیاڵیشیدا نایەت."**

**(ئەمجەد شاکەلی، ئەنتەرنێت)**

**خۆ + یش + تان → خۆیشتان**

**"نە یارانی کوردهە مان نە یارانی ئازادی وناحە زانی مرۆفایە تین، کە وە ك خۆیشتان ئاگە دارن ودە زانن"**

**(موحەمەدی کەریمی، ئەنتەرنێت)**

**خۆ + یش + یان → خۆیشیان**

**"زێرابی نێو کاسەسەریان، سەردار بێ سەر دەکات.. ماڵ و منداڵەکانی خۆیشیان ئەمە دەزانن.."**

**(خۆری تار:٣٦)**

**٢-١/٢-١-٢ ) لەدوای جێناوە لکاوەکەدا :**

**ئەگەر بەدوای جێناوە خۆییەکەوە نەبێت و بکەوێتە دوای جێناوە لکاوەکەی کە بە جێناوە خۆییەکەوە لکاوە، تەنیا دەتوانێت مۆرفیمی(یش) وەربگرێت، ئەمەش زۆر بەکەمی**

**بەکاردێت، کە دەشێت بە هۆی کاریگەری بەکارهێنانی ئەم حاڵەتە لە دیالێکتی خوارووەوە گواسترابێتەوە بۆ ناوەڕاست، بەتایبەتیش ئەم بەکارهێنانە بەزۆری لە نێو ئاخێوەران و ئەدەبیاتی ناوچەی گەرمیان و کەرکوکدا بەرچاو دەکەوێت، کە هاوسنوورە لەگەڵ دیالێکتی خواروودا.**

**خۆ + جێناوی لکاو + یش**

**خۆ + م ← + یش خۆمیش**

**"بۆیە داوات لێدەکەم نەتۆو نەکەسێکی دی بەرهەڵستیم نەکەن. <u>خۆمیش</u> هێشتا تاقەتو توانای ئیشکردنم هەیە تاوەکو بتوانم گوزەرانی خۆمان بەڕێوەبەرم.."**

**(موعتەسەم ساڵەیی، ئەنتەرنێت)**

**خۆ + ت ← + یش خۆتیش**

**"من دەزانم تۆ لە کلاوفشنەیەکی پەڕوباڵ کراو، تەنیاتری وتۆش دەزانی من فرسەخێك لەودیو بیٚ کەسییەوەپەرت پەرت بووم و <u>خۆتیش</u> نەبی کەس ناتوانیٚ دڵنەواییم بکا"**

**(تەها سلێمان، ئەنتەرنێت)**

**خۆ + ی ← + یش خۆییش**

**"نامۆی دژمنان بژوێنە و <u>خۆییش</u> دژوین و دژ داماو**
**داگیرکەر خاوەن سامانە و خێویش داماو و لیٚ قەوماو"**

**(مەلاخدری عەباسی: ئەنتەرنێت)**

خۆ + مان + یش خۆمانیش

"دەکرێ وەك گرفت و خەسارێکی گەورەی بڵاڤۆکەکانی خۆمانیش لەم بەشەی کوردستان‌دا سەیری بکرێ"

(دیمۆکراسی خەساو، ئەنتەرنێت)

خۆ + تان + یش خۆتانیش

"خۆتانیش و ئێمەش دەزانین کە قەلەم و لاپەڕە نەما ووشەونوسین نەما گفتوگۆ و ڕوونکردنەوە نەما ڕیسوایی کردن وتوانج نەما لەناو کوردوستاندا..."

(شوان کۆژە، ئەنتەرنێت)

خۆ + یان + یش خۆیانیش

"خەڵکەکە ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو کەوا لە چەند ڕۆژێکی داهاتوودا نۆرە بگاتە سەری خۆیانیش..."

(دواپێچ :٥٤)

**٢/١-١-٢- ٣ ) لەنێوان دوو جێناوی دەستەی یەکەم :**

مۆرفیمی (یش) دەکەوێتە نێوان دوو جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم کە بەدوای جێناوی خۆییەکەوە دێن، یان بەدوای هەردوو دەستە جێناوەکەوە دێن. ئەم جۆرە بەکارهێنانەش زۆر کەم بەکاردێت هەر بۆیەش لە ئەدەبیاتدا بەرچاومان نەکەوت، بۆیە تەنیا گەردان کردنەکەیان دەنووسینەوە.

**جێناوی خۆیی + جێناوی لکاو + یش + جێناوی لکاو**

خۆمیشتان خۆ + م + یش + ← تان

خۆتیشمان خۆ + ت + یش + ← مان

خۆییشمان خۆ + ی + یش + ← مان

خۆمانیشتان خۆ + مان + یش + ← تان

خۆتانیشمان خۆ + تان + یش + ← مان

خۆیانیشمان خۆ + یان + یش + ← مان

**جێناوی خۆیی + جێناوی لکاو + جێناوی لکاو + یش**

خۆ + م + تان + یش ← خۆمتانیش

خۆ + ت + مان + یش ← خۆتمانیش

خۆ + ی + مان + یش ← خۆیمانیش

خۆ + مان + تان + یش ← خۆمانتیش

خۆ + تان + مان + یش ← خۆتانمانیش

خۆ + یان + مان + یش ← خۆیانمانیش

**هەروەها كاتێ جێناوی خۆیی بەتەنیا و بێ جێناوە لكاوەكان بەكاردێت، دیسان مۆرفیمی(ش) وەردەگرێت و دەچێتە دوای جێناوە خۆییەكە، وەك :**

**"هەرەستی خارێ خۆ دەكاتە پاشا لەوێ و بەخۆش دەبتە خورامێ خارێ خۆ"**

**(هەقایەتی كوردەواری: ١٢٨)**

**٢/١-١-٣ ) لەگەڵ كاردا :**

**٢/١-١-٣-١ ) لەگەڵ جێناویكی دەستەی یەكەم:**

**ئەگەر جیێناوێكی لكاوی دەستەی یەكەمی وەرگرتبێت، بەم شێوەیە لەگەڵ كارەكان گەردان دەكرێت :**

| لەگەڵ كاری تێپەڕ | لەگەڵ كاری تێنەپەڕ |
|---|---|
| خۆم فرۆشتم | خۆم چووم |
| خۆت فرۆشتت | خۆت چوویت |
| خۆی فرۆشتی | خۆی چوو |
| خۆمان فرۆشتمان | خۆمان چووین |
| خۆتان فرۆشتتان | خۆتان چوون |
| خۆیان فرۆشتیان | خۆیان چوون |

**٢/١-١-٣-٢ ) لەگەڵ دوو جێناوی دەستەی یەکەم:**

ئەگەر دوو جێناوی دەستەی یەکەمی چوو بووە سەر تەنیا لەگەڵ کاری تێپەڕدا بەکاردێت:

خۆمم فرۆشت.

خۆتت فرۆشت.

خۆی فرۆشت.

خۆمانمان فرۆشت.

خۆتانتان فرۆشت.

خۆیانیان فرۆشت.

هەر لەگەڵ کاری تێپەڕدا کە بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ وەردەگرێت بەم شێوەیە بەکاردێت.

خۆیانمان لێ دەشارنەوە.

خۆتانمان لێ دەشارنەوە.

خۆتمان لێ دەشاریتەوە.

خۆیمان لێ دەشارێتەوە.

خۆممان لێ دەشارمەوە[87].

---

([87]) هەرچەندە بەپێی یاسای ڕستەکانی دیکە بێت، دەبێت(خۆممان)بێت، بەڵام ئەم جۆرە بەکارهێنانە شیاو نییە، بەڵکو دەبێت بڵێین (خۆتان) چونکە ئەو بەشەی ئێمە(من)ی لێدەرکەیت، دەبێت بە ئێوە.

خۆیانمان لێ دەشارنەوە.

**٢/١-١-٣-٣ ) لەگەڵ جێناوێکی دەستەی یەکەم و یەکێکی دەستەی دووەم:**

ئەگەر جێناوێکی دەستەی یەکەم بە دوایدا جێناوێکی دەستەی دووەم هاتبوو، ئەوا تەنیا لەگەڵ کاری ناتەواو بەکاردێت:

| | |
|---|---|
| ئەو برادەری خۆیەتی. | ئەو برادەری خۆمە. |
| ئەوان برادەری خۆیانن. | ئەو برادەری خۆمانە. |
| من برادەری خۆمم. | ئەو برادەری خۆتە. |
| ئێمە برادەری خۆمانین. | ئەو برادەری خۆتانە. |
| تۆ برادەری خۆتیت. | ئەو برادەری خۆیەتی. |
| ئێوە برادەری خۆتانن. | ئەو برادەری خۆیانە. |

**٢/١-٢ ) لە دیالێکتی خواروودا :**

**٢/١-٢-١ ) لەگەڵ جێناوی لکاودا:**

**٢/١-٢-١-١ ) جێناوی لکاوی ( خاوەنیەتی ) دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر:**

**هەروەك باسمان كرد جێناوی خۆیی لەم دیالێكتەدا بە شێوەی (خوە) بەكاردەبرێت و لەگەڵ جێناوە لكاوەكانی دەستەی یەكەم (خاوەنییەتی):( م، ت، ی، مان، دان/تان، یان ) گەردان دەكرێت[88]:**

**خوەم     م  +  خوە ←**

**"بیل شان بیەم وەشان خوەد! بیوشی توەزان خوەد! وە گیان خوەم وە گیان خوەد! سفرەی دلم لە لادخە مەو!"**

**(رەزا جەمشیدی: ئەنتەرنێت)**

**خوەد     د  +  خوە ←**

**"وەقەد بەڕەگەی خوەد پا درویژە و بكە ."**

**(فۆلكلۆر )**

**خوەی     ی  +  خوە ←**

**"لە ناو ئالەم ناود جویر گوڵ دەرچوگ لە دەم**

**نەزانستم**

**گورگ لە پووس خوەی دەر نیە چووگ"**

**( گوڵ سوو(٣):٣٢)**

---

([88]) تارا عەبدوللا سەعید:(١٩٩٨: ٤٦).

خوەمان ——◄خوە + مان

"ئەی بەرزترین ناو، وە زوانی منالآنە ئیمڕوو خوەمان شکنیمن و لە دەریای پای بەزەیید کەیمنە قوربانی تا بەڵکم لەی شەوەزەنگە دەنگ زەنگووڵە کاروان ڕێ وەرقاپید نیشانمان بیاد."

( گوڵ سوو(١):٢٥)

خوەدان ——◄خوە + دان

(( ... یا لە زکر شمشیر لە خوەدان بووەشنن ، ناخوازێ بچنە بان کویە و وەل خوەدانا خەڵوەت بکەن ، ... ))

( گوڵ سوو(٢):٢٥)

خوەیان ——◄ خوە + یان

"تالەی هنازە تیەیدە بان! خەوەر ڕەسیدە ئاسمان مانگ وخوەر و هسارەگان چن تا خوەیان بشارنە و!"

(ڕەزا جەمشیدی: ئەنتەرنێت)

٢-١-٢-١/٢ ) دوو جێناوی دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر:

خوەمم ——◄ خوە + م + م

خوەم وە خوەمم کرد.

| | |
|---|---|
| خوە + ت + ت | خوەتت |

خوەت وە خوەتت کرد.

| | |
|---|---|
| خوە + ی + ی | خوەیم |

خوەی وە خوەیی کرد.

| | |
|---|---|
| خوە + مان + تان | خوەمانتان |

خوەمان وە خوەمانمان کرد.

| | |
|---|---|
| خوە + تان + مان | خوەتانمان |

خوەدان وە خوەداندان کرد.

| | |
|---|---|
| خوە + یان + یان | خوەیانیان |

خوەیان وە خوەیانیان کرد.

**١/٢-٢-١-٣ ) جێناوێکی لکاوی دەستەی یەکەم بەدوایدا جێناوێکی دەستەی دووەمی دەچێتە سەر:**

| | |
|---|---|
| خوە + م + ن | خوەمن |

**ئەوان برادەری نزیکی خوەمن.**

**خوەدید ←── + یدد + خوە**

**"تو نەماری.. تو نەداری.. نە بیماری**

**یە هەر خوەدید ڕیگە نایدە**

**دڵنگ بیماری پوشایدە"**

(گوڵ سوو(٣):٣٢)

**خوەی ←── + Ø ی + خوە**

**ئەو برادەر خوەیەتی.**

**خوەمانیمن ←── + یمن مان + خوە**

**"...، وەلی بایەسە ئەوەیش لە هویرمان بووگ ئیمە خاوەن کەسایەتی و خوو و سروشت یا تەبیعەت تایبەتی خوەمانیمن و بایەدمتمانەمان وە خوەمان بەرز بووگ..."**

( گوڵ سوو (٢): ٤٨)

**خوەدانن ←── + ن دان + خوە**

**ئیوە خاوەن ڕیز و کەسایەتی خوەدانن.**

**خوەیانن ←── + ن یان + خوە**

**"...خاوەن ڕیز و خاوەن کەسایەتی خوەیانن نەك دایم هەر زەلیل و زوڵم لی کریاگ و ترسنووگ بوون و دی لە ئایندە ڕفتاری وەل ژن و دویەتەیلی ئەوەز بووگ وە هەمان شیوە."**

**( گوڵ سوو(٢):١١)**

**٢-٢-١/٢ ) لەگەڵ مۆرفیمی( یش )[89] :**

**خوە + م + یش ← خوە**

**خوەمیش لەورە بوویم.**

**خوە + د + یش ← خوەدیش**

**"لە ئاوەیل وەیل وڵات خەیاڵ بخنکن و**
**لە ئیکەش سیەێگ خوەدیش بخنکیە!"**

**(جلیل ئاهەنگ نژاد: ئەنتەرنێت)**

**خوە + ی + یش ← خوەییش**

**"شایر ئی دەورە هەم لە ناو قالبەیل کلاسیك و هەمیش لە ناو قالبەیل شیعر ئازاد فکر و خەیاڵی بالەو دا و خوەییش بالەوازی کرد و وە مەردم وڵاتمان جامەك رووزنایگ نیشان دا."**

---

(89) لەم دیالیکتەدا تەنیا مۆرفیمی (یش)ی دەچێتە سەر، هەرچەندە هەندێ جار مۆرفیمی(ش) بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەبێ بەکاریگەری دیالێکتی ناوەڕاستەوە بێت، هەروەك چۆن لە دیالێکتی ناوەڕاستیش، مۆرفیمی (یش) بە کاریگەری خواروو بەکاردێت.

(جلیل ئاهەنگ نژاد: ئەنتەرنێت)

خوە + مان + یش ← خوەمانیش

"ناچاریمن گل گلیٚ خوەمانیش لە هویرە و بوەیم، تەنیا دووس داشتن ئیوەت بکەیم، بایەد وەرەو نوا بچیم"

(گولٚ سوو(١):٢٥)

خوە + دان + یش ← خوەدانیش

خوەدانیش هاتن.

خوە + یان + یش ← خوەیانیش

"وەلی ئەو ئافرەتەیلە ك لەتی کارکردن گشتیان لە دام ودەزگای ئەمن و موخابەرات بوین و خوەیانیش لە تەعریب و کوشتن ژنەیل عیراق بەشداری کردنگ"

(گولٚ سوو(٣):٤٧)

## ٢/١-٣ ) لە دیالێکتی گۆراندا :

بە هۆی دابەشبوونی ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتەیە بۆ چەند ناوچەیەکی جیاواز دوورکەوتنەوەی هەندێکیان لە سەنتەری دیالێکتەکەوە چەندین شێوەزاری لیٚ بۆتەوە و بەهۆی دوورییان لەیەکترییەوە جیاوازییەکی زۆر کەوتۆتە نێوان شێوەزارەکان، کە ئەوانیش

شێوەزارەکانی(ماچۆ، شەبەك، هەورامی، ئاخێوەرانی گوندی(سفەیە)[90] زازا)[91]ن. جێناوی خۆییش لەم شێوەزارانەدا شێوەی جیاوازی وەرگرتووە، (یۆ) لە شێوەزاری ماچۆ و (هیۆ) لە شەبەك و (ویۆ) لە هەورامی و (هوو) لە باجەلان و سفەیە بەکاردەبرێت[92]. کەبەم شێوەیەی خوارەوە بەکاردێت[93]:

- ماچۆ: ئێمە یۆما مەوینی.(ئێمە خۆمان دەبینین.)
- شەبەك: ئەمن هیۆم مەتی.(من خۆم دەبینم.)
- باجەلان و سفەیە: من هۆم/هووم مەوینی. (من خۆم دەبینم.)
- هەورامی: من ویۆم وینویۆ. (من خۆم دەبینم.)

### ١/٢-٣-١) لەگەڵ جێناوەلکاوەکاندا:

### ١/٢-٣-١-١) جێناوی لکاوی (خاوەنیەتی) دەستەی یەکەمی دەچێتە سەر:

---

([90]) سفەیە ـ گوندێکی سەر زێی گەورەیە نزیك ئەسکی کەڵەك، دانیشتوانەکەی کاکەیین و شێوەزاری تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بەشێکە لە دیالێکتی گۆران، بە بڕوای هەندێ زمانناسان شێوەزارەکەیان لە نێوان شەبەك و ماچۆدایە، بڕوانە: ٣١ ). میشێل لیزنبیێرگ(٢٠٠٤:

([91]) Dr. Michiel Leezenberg: Enternet).

([92]) ئێمە تەنیا شێوەزاری هەورامیمان وەرگرتووە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم شێوەزارە سەنتەری دیالێکتەکەیە و بۆ لێکۆڵینەوە دەقی زیاتر لەبەر دەستدایە ، هەروەها شێوەی سەرەکی دیالێکتەکەشە. هەرچی شێوەزارەکانی دیکەیە بەهۆی پەرت بوونیان بە ناوچەی دیالێکتەکانی دیکەدا کاریگەری زیاتر و تێکەڵبوونێکی زۆریان تێدا بەدی دەکرێت، تا ڕادەیەك هەندێك لە ئاخێوەرانی بە دیالێکتەکانی دیکەی وەك دیالێکتی ناوەڕاست و دیالێکتی سەروو دەدوێن، بەتایبەتی زازا لە دیالێکتی سەروو و، کاکەییەکانیش لە دیالێکتی ناوەڕاست دا. بەتایبەتیش کاکەییەکانی سفەیە، تەنیا بە تەمەنەکان دەتوانن بە تەواوی بەم شێوەزارە بئاخێون، هەروەها شێوەی ماچۆش کە کاکەییەکانی گەرمیان پێی دەدوێن ئەوانیش بەهۆی ڕاگواستنەوە ئاخێوەرانی بەرەو کەم بوون چوون.

(١٥)Dr. Michiel Leezenberg: Enternet)

لە دیالێکتی گۆرانیش، هەروەك دیالێکتی ناوەڕاست جێناوە لکاوەکانی خاوەنیەتی(م، ت، ش، ما، تا، شا)ی دەچێتە سەر، ئەوەی جێگای سەرنجە جێناوە لکاوەکانی خاوەنیەتی بۆ کەسی کۆ لە ئاخاوتن و ئەدەبیاتدا جیاوازە ئەویش ئەوەیە لە ئەدەبیاتدا، بەشێوەی دیالێکتی ناوەڕاست و خواروو (ن)ی کۆیان پێوە دەلکێت، بەڵام لە ئاخاوتندا ئەم(ن)ی کۆیە گۆناکرێت.

وێ + م ⟵ وێم

"دەیسا هورێزە ، خەمیارەکەی وێم

بۆ شاد بەر وە دین دیدارەکەی وێم"

(مەولەوەی : ٣٨)

وێ + ت ⟵ وێت

"تۆ تیرەکەی وێت ، وە زامداریی وێم

تۆ بێ باکیی وێت ، بوردە باریی وێم"

(مەولەوی :٣٨)

وێ + ش ⟵ وێش

"مەر وە حوکم وێش باڕۆش وە حساب

زەحمەت نەجات بین جەی دام و دۆڵاب"

(مەلا عەباسی کاکەیی : ٢٩١)

ویمان[94] وێ + مان ←

" واتشان مامە گیان <u>وێمان</u> بە فیدا

مەگێرمێ نەگوش دەرست جێگەولا"

(گوڵزاری هەورامان :٤٠٧)

وێتان وێ + تان ←

"عەبدولموتەلیب مەعلومە لێتان

یەکسەر، گرد <u>وێتان</u>، وەدیدەی وێشان"

( گوڵزاری هەورامان :٣٩٩)

وێشان وێ + شان ←

"یا عەلی جەمن بکیانۆن پێشان

فارغ کەن وەسواس نە قەلب <u>وێشان</u>"

(مەلا عەباسی کاکەیی : ٣٥٢)

**٢/١-٣-١-٢ ) جێناوی خۆیی دوو جێناوی دەستەی یەکەم پێکەوە وەردەگرێت[95] :**

---

(٦[١]) ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە ئەدەبیات و ئاخاوتندا جیاوازیان هەیە، لە ئاخاوتندا لە کەسە کۆیەکاندا ، ئەم(ن)ەی دواوە وەرناگرن، بەلاّم لە ئەدەبیاتدا ، ئەم(ن)ەیان بەکارهێناوە کە لە شێوەی دیالێکتەکانی دیکە دەچێت.

ویٚم ⟵ م + + م + وێ

ویٚتت ⟵ ت + ت + وێ

ویٚشش ⟵ ش + ش + وێ

ویٚمانمان/ ویٚماما ⟵ مان + مان + وێ

ویٚتانتان/ ویٚتاتا ⟵ تان + تان + وێ

ویٚشانشان/ ویٚشاشا ⟵ شان + شان + وێ

**٣-١-٣-١/٢ ) جیٚناویٚکی لکاوی دەستەی یەکەم بەدوایدا جیٚناویٚکی دەستەی دووەمی دەچیٚتە سەر:**

**ئەم دیالیٚکتەش بە هەمان شیٚوەی دیالیٚکتی ناوەڕاست هەردوو جیٚناوەکە بەیەکەوە وەردەگریٚت(96)، لەم بەکارهیٚنانەدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ناوەڕاستدا نییە، بەڵام ئەوەندە**

---

(٧[١]) لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە گەردانکردنە لە ئەدەبیاتدا بەرچاومان نەکەوت، بۆیە نموونەمان بۆ نەهیٚناوەتەوە. بەڵام ئەوەندە هەیە هەم بەپیٚی یاسای زمانی کوردی و، ئەم دیالیٚکتە خۆشی، دەتوانریٚت بەم شیٚوەیە بەکاربهیٚنریٚت، هەروەها بەڕای مامۆستایان(ئەکرم عەنەبی و عیرفان مستەفا) کە دوو پسپۆڕی ئەم شیٚوەزارەن، لەگەڵ ئەو ڕایەی مندان.

(٨[١]) لیٚرەشدا ئەم جیٚناوە لە ئەدەبیات و ئاخاوتندا جیاوازە، ویٚڕای ئەوەش زۆر بەکەمی لە ئەدەبیاتدا بەرچاو دەکەویٚت، شایەنی باسیشە ئیٚمە بەناو دەقە شیعریەکاندا تەنیا ئەم دوو نموونەیەی خوارەومان دۆزیەوە کە هەردوو جیٚناوەکەی تیٚدابیٚت لەگەڵ جیٚناوی خۆییدا، ئەویش بەم جیاوازییەی کەباسمانکرد، هەربۆیەش تەنیا نموونەی گەردانکردنەکەمان هیٚناوەتەوە، ئەویش بەهۆی کەمی دەقی پەخشانی بەردەستی نووسراو لەم دیالیٚکتەدا.

"ئەی یانەی ویٚتەن، ساحیب یانەنیم

خدمەتکاری تۆم، خـــۆ بیٚگانە نیم"

**هەیە جێناوەکانی دەستەی دووەمی ئەم دیالێکتە بەپێی کارەکە گۆڕانی بەسەردادێت و ڕێزماننوسان چەند جۆرێکیان جیاکردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ جێناوی خۆیی دەستەی (نی/نا، نی، Ø، نمی،ندی، نی)[97]، گەردان دەکرێت:**

**وێ + م + ەن/ەنا ← وێمەنی/وێمەنا**

**ئادیشا ڕەفیقو نزیکو وێمەنی**

**وێ + ت + ەن ← وێتەنی**

**تو دایم سەر بە وێتەنی**

**وێ + ش + ەن ← وێشەنی**

**ئادی وێشەنی**

**وێ + مان + نمێ ← وێمانمێ**

---

**(گولزاری هەورامان(٢): ٧٠)**

**تا بدۆ صەفای بێگانەو خوێشەن**

**هەر وەختێ بەرۆ باز ماڵ وێشەن** [96]

**(مەولەوی:٥٨)**

**تێبینی: ماڵ وێشەن : واتە ماڵی خۆیەتی، بڕوانە : دیوانی مەولەوی(٢٠٠٦ :٥٨).**

**(٩٠) فەرەیدون عەبدول (١٩٩٨: ١٤).**

ئێمه ویمانمێ.

وێ + تان + یدێ ← وێتاندێ

شمه وێتاندێ.

وێ + شان + نێ ← وێشانێ

ئادێشا وێشانێ.

**٢-٣-١/٢ ) لەگەڵ مۆرفیمی( چ، یچ )دا :**

لەم دیالێکتەدا جێناوی خۆیی لەگەڵ مۆرفیمی (چ، یچ) کە بەرامبەر بە مۆرفیمی (ش، یش)ی دیالێکتی ناوەڕاستدایە بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ئەدەبیاتدا زیاتر مۆرفیمی(یچ) بەکارهێنراوە[98]:

وێ + چ + م ← وێچم

وێ + چ + ت ← وێچت

وێ + چ + ش ← وێچش

وێ + چ + ما ← وێچما

---

(٢٠) لە ئەدەبییاتدا گەردانکرنی مۆرفیمی(یچ) لەگەڵ جێناوە کەسییەکاندا زۆر بەکارهاتووە، بەڵام لەگەڵ جێناوی خۆییدا بەرچاومان نەکەوت، بۆیە تەنیا گەردانییەکەمان لە گەڵ جێناوەکەدا هیناوەتەوە.

ویٚ + چ + تا ← ویٚچتا

ویٚ + چ + شا ← ویٚچشا

بەلاٚم ئەگەر بەدوای جیٚناوە لکاوەکەوە بیٚت دەبیٚتە (یچ) وەك ئەمانەی خوارەوە:

ویٚ + م + یچ ← ویٚمیچ

ویٚ + ت + یچ ← ویٚتیچ

ویٚ + ش + یچ ← ویٚشیچ

ویٚ + مان + یچ ← ویٚمانیچ

ویٚ + تان + یچ ← ویٚتانیچ

ویٚ + شان + یچ ← ویٚشانیچ

### ٤-١/٢) لە دیالیٚکتی سەروودا :

#### ٤-١/٢-١) لەگەلٚ جیٚناوە لکاوەکاندا:

چۆن لە دیالیٚکتەکانی دیکەدا، ئەم جیٚناوە، جیٚناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم وەردەگریٚت. بە هەمان چەشن لە دیالیٚکتی سەرووشدا خۆی دەنویٚنیٚ... هەرچی فۆرمەکەشیەتی لە شیٚوەی (خوە)دا دەردەکەویٚ... هیٚندە هەیە بەهۆی ئەوەی ئەم دەستە جیٚناوە بەرکارییە لە شیٚوەی لکاودا لە دیالیٚکتی سەروودا بوونی نییە، جیٚناوە کەسییە سەربەخۆکان ئەم ئەرکە دەبینن، کە لکاوەکان لە دیالیٚکتەکانی دیکەی زمانی کوردیدا

دەیبینن. بەپێچەوانەوەش ئەم دەستە جێناوە کەسییە لە دیالێکتەکانی دیکەدا نییە، بۆیە جێناوی خۆیی هیچ پاشگرێکی پێوە نالکێت و بەتەنیا بەکاردێت. بۆ نموونە لەم ڕستەیە:

وی خوە کوشت.

جێناوی (خوە) بۆتە بەرکار و هیچ جێناوێکی لکاوی پێوە نەلکاوە وەك ئەوەی لە دیالێکتەکانی دیکەدا بەرچاومان کەوت بۆ بەخاوەنیەتی کردنی بەرکارەکە، هاوکات ئەگەر لە شوێنی جێناوە خۆییەکە، جێناوێك یان ناوێکی دیکە دابنێین، بە هەمان شێوە هیچ جێناوێکی ناچێتە سەر وەك:

وی  ئازاد کوشت.

تە ئەز دیت.

ئەمەش مانای وایە نەك هەر جێناوی خۆیی بەڵکو هیچ ناوێك ئەم جۆرە جێناوە وەرناگرێت. کەچی ئەم ڕستەیەی سەرەوە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا دەبێتـە:

ئەو ئازادی کوشت.

ئەم(ی)یەی دوای ناوی(ئازاد)یش جێناوی لکاوی دەستەی یەکەمی(خاوەنیەتی)یە بۆ بە خاوەن کردنی ئازاد هاتووە و، لە هەمان کاتدا نیشانەی بکەریشی پیٚ دەوتریٚ چونکە لەگەڵ بکەرەکەدا ڕێکدەکەوێت.

**ئەمانەی باسمانکرد تایبەتمەندی ئەم دیالێکتەیە. هاوکات بۆ ئێمە بەڵگەیەکی دیکەی سەلماندنی سەربەخۆیی جێناوەکەیە و ڕەتکردنەوەی بۆچوونی هەندێك لە نووسەرانی پێشووشە، کە ئەم جێناوەیان بە جێناوێکی پاشکۆ و ناسەربەخۆ و لێکدراو داناوە و لە گرنگیی ئەم جێناوەیان کەمکردۆتەوە.**

### ٢/١-٤-٢ ) لەگەڵ مۆرفیمی( ژی ):

**لە دیالێکتی سەروودا لەجیاتی مۆرفیمی(ش، یش) کە بۆ جەختکردنە، مۆرفیمی (ژی) بەکاردێت، کەهەمان ئەرکی جەختکردن دەبینێت:**

**ئەم ژی لەوێ بووم.**

**بەخۆ ژی لەوێ بووم.**

**"ب دووڤێ گۆتنا بێدەنگ رە، من دەنگێ خوە ژی بلند کر و ئیجار، ڕاستە ڕاست، ژ کەچا کۆ نکاریبوو لمن گوهداری بکرا،..."**

**(هاوارا دیجلەیێ:٢٠)**

### ٢/١-٤-٣ ) لەگەڵ کاردا[99]:

**أ- لەگەڵ کاری تێنەپەڕ:**

**ئەز ب خو چوم.**

**ب- لەگەڵ کاری تێپەڕ:**

**من ب خو دیت.**

---

(٢) بڕوانە: صادق بەهائەدین( ١٩٨٧: ٢٤٩).

**تو ب خو چوی.** **ته ب خو دیت.**

**ئەو ب خو چو.** **وی/ویّ ب خو دیت.**

**ئەم ب خو چوین.** **مه ب خو دیت.**

**هوین ب خو چون** **وه ب خو دیت.**

**ئەو ب خو چون.** **وان ب خو دیت.**

## ٢/٢ : بەشداریکردنی جێناوی خۆیی لە سازکردنی وشەدا :

جێناوی خۆیی وێڕای ئەو ڕۆڵە فراوانەی لە ئاخاوتندا هەیەتی، لە سازکردنی وشەشدا، هەروەك بەشەكانی دیكەی ئاخاوتن بەشدارییەكی كاریگەری هەیە لە دروستكردنی وشەی نوێدا و، ڕۆلی هەیە لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردیدا. لەڕووی واتا و دێنێت و لە بەشێكی ئاخاوتنەوە دەیگۆڕێت بۆ ئەركەوە گۆڕانی سەرەكی بەسەر وشەدا بەشێكی دیكەی ئاخاوتن.

وێڕای بەكارهێنانی جێناوی خۆیی وەك وشەیەكی سەربەخۆ، بەبێ لێكدانی لەگەڵ بەشەكانی دیكەی ئاخاوتن و– وەك لەتەوەرەی پێشوو ڕوونمان كردەوە– نواندنی ڕۆلێكی گرنگ لەبواری سینتاكسدا، دەتوانین لە ڕێگای لێكدانی جێناوی خۆییەوە لە گەڵ بەشەكانی دیكەی ئاخاوتندا بەسەدان وشەی نوێ دروست بكەین. هەروەك چۆن لەزمانەكانی دیكەی جیهانیشدا، ئەم جێناوە ڕۆلێكی گەورە لە بواری وشەسازیدا دەبینێت، بەتایبەتیش لە زمانی ئینگلیزیدا بەسەدان وشەی نوێ بەشداری لە ڕۆنانی ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكار، ناوی كارا، ناوی بەركار) دەكات. لەزمانی كوردیشدا بە هەمان شێوە چەندین جۆری وشەی جیای سەر بە بەشەكانی ئاخاوتن دروست دەكات. ئەمەش تایبەتمەندییەكی دیكەی جێناوی خۆییە، كە لە جێناوەكانی دیكەی جیا دەكاتەوە، بە تایبەتیش جێناوە كەسییەكان كە ناتوانن بەشداری لە ڕۆنانی وشەدا بكەن. كەچی جێناوی خۆیی لە ڕۆنانی ئەم وشانەدا( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكار، ناوی كارا، ناوی بەركار، چاوگ)، چ بە داڕشتن یان بە لێكدان بەشداری دەكات(100).

---

([٢]) هەرچی سەبارەت بە كاری لێكدراوە، چەند نووسەرێك ئاماژەی بە بەشداری كردنی ئەم جێناوە كردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانین بڵێین بەشداری دەكات چونكە لەو كارانەی كە جێناوی خۆیی بەشداری كردووە، تیایدا جێناوی خۆیی دەبێتە بەركاری ڕستەكە، نەك بەشێك لە ڕستەكەدا، بۆ نموونە (خۆ كوشتن) وەكو چاوگ كە ناوی ڕوودان یان ناوی كردارەكەیە، كەلە لایەن كەسێكەوە ئەنجام دەدرێت. لەم ئەنجامدانەشدا، حەتمەن شتێك یان كەسێك دەكەوێتە بەر كارەكە، واتە كارەكەی بەسەردا دێت، لە چاوگی خۆ كوشتنیشدا دیارە تێكەڵییەكە لە نێوان (خۆ) و (كاری كوشتن)دایە، واتە ئەو كەسەی كارەكەی بەسەردا دێت (خۆ)یە و ئەوكەسەش كە ئەنجامی دەدات هەر (خۆ)یە– واتە كارا و بەركار هەمان كەسن.

## ٢/٢-١ ) لە سازكردنی وشەی داڕێژراودا :

---

كەواتە (خۆ) لەم ڕستەیەدا بۆتە بەركار، نەك بەشێك بێت لە كارەكەدا. بەم شێوەیە دەتوانین هەموو بەركارێك لەگەڵ كارەكەدا لێك بدەین و چاوگێكی لێكدراویان لێ پێك بهێنین. ئەگەر لە جیاتی جێناوی خۆییش ناوێك دابنێین بە هەمان شێوە ناوەكە دەبێتە بەركار، ئەگەر لەگەڵ كارەكەش لێكیان بدەین چاوگێكی لییكدراو پێك دێنن، بەلام ئایا دەتوانین بە فڕێدانی (ن)ی چاوگ، ئەم چاوگە لێكدراوە بكەین بە كرداری لێكدراو، لە وەلامدا دەڵێین: نەخێر. لەبەرئەوەی ئەو ناوەی كە لەگەڵ چاوگەكە لێكمان دابوو، تایبەتە بە ڕستە و لە ڕستەدا ئەركی خۆی دەبینێت. چاوگیش، كە هیچ دۆخێكی تیا نییە،ئەو ناوەش كە بەر لە لێكدانی لەگەڵ چاوگەكەدا لە دۆخی بەركاری دابوو، هیچ دۆخێكی نامینێت. بەلام بە فڕێدانی (ن)ی چاوگەكەو گەڕاندنەوەی چاوگەكە بۆ ناو ڕستە و دۆخدا، ناوەكەش دەچێتەوە دۆخی خۆی كە بەركاربوو. هاوكات پەیوەندیشی لەگەڵ بەشەكانی دیكەی ڕستەدا دروست دەكاتەوە و ڕێكەوتنی لەگەڵ بكەردا ڕێك دەخات و، جێناوێكی لكاوی سەر بە هەمان كەسی بكەر وەردەگرێت– كە نیشانەی بكەریشی پێ دەوترێت. جێگای سەرنجە ئەم كێشەیە لە كاتی لێكدانی بەركارەكە لەگە ڵ كارەكەدا سەرهەڵئەدات، كە ئەویش زیاتر لەگەڵ ناوە گشتییەكان ڕوودەدات. بەلام سەبارەت بە ناوە ئەبستراكتەكان، كە لەگەڵ كار لێكیان ئەدەین تاڕادەیەك دەتوانن خۆیان جیا بكەنەوە لە دۆخی بەركاریدا، شایەنی باسیشە ئەم كێشەیە تائێستا یەكلایی نەكراوەتەوە، لەوبارەوە م. یوسف شەریف لە نامەی دكتۆراكەیدا، تیشكی خستۆتە سەر ئەم لایەنە، هەرچەندە ئەویش نەگەیشتۆتە چارەسەرێكی بنەڕەتی زانستی بۆ ئەم دیاردەیە و بە ناچاری وەك خۆی باسی كردووە، پەنای بردۆتە بەر حاڵەتی واتایی و پاساوی ئەوەی هێناوەتەوە كە لە زمانی كوردیدا هیچ كارێك دوو بەركار وەرناگرێت بۆیە ئەو ناوەی دەكەوێتە پێش پێكهێنەرەكانی كارەكە یەكسەر دەبێتە كارا، بەلام خۆ ئەمە شتێكی ڕوونە ئەو ناوە بكەرە و بە هیچ شێوەیەكیش ناتوانین ئەركی بكەر بدەین  بە بەركار و بڵێین ئەمە بەركارە، بەلام كردوومانەتە بە بكەر. ئێمە قسەمان لەسەر بەركارەكەیە، هەرچەندە پاسامان هەیە بۆ شاردنەوەی بكەر بەلام بە چ پاسایەك ئەمە بەكاربهێنین بۆ شاردنەوەی بەركار و بڵێین ئەمە بەركارە.. بەلام بەشێكی كارەكەیە. ئەمەش تەنانەت لە ڕووی ژێربێژی و واتاییشەوە ناتوانین ئەو ڕۆڵە لە بەركارەكە بسێنینەوە، چونكە ئەنجامدانی كارێكی واقیعی بۆ نموونە لە چاوگی (نان خواردن) كاریگەری كارەكە بەسەر نانەكەوەیە، نانەكە بۆتە بەركاری ئەم كردەوەیەی، كە ئەنجام دراوە، جا چۆن دەتوانین بڵێین (نان) بەركار نییە و بەشێكە لە كاری خواردن، ئەی كەواتە كێ كارەكەی بەسەرداهاتووە، سەبارەت بەم جۆرە كارەش د.یوسف شەریف، جەخت دەكاتەوە كە نان بەركارە، نەك بەشێكی كارەكە، وەك هەندێك لە نووسەران ڕایان وایە، بەلام دیسان سەبارەت بە هەندێ كاری لێكدراوی دیكە د. یوسف شەریف ئەو مەرجانەی كە دایناون بەسەر پارچە پێكهێنەرەكەی كاری لێكدراو و دابڕانیان لە دۆخی بەركاریدا بنەمایەكی پتەوی نییە و ناتوانرێت بەسەرهەر هەموویان دا پەیڕەو بكرێت. بڕوانە:یوسف شەریف(١٩٩٨ : ٣٢). هەرچەندە پێش ئەویش مهاباد كامل لە نامەی ماجستێرەكەیدا ئاماژەیەكی كورتی بەم لایەنە كردووە و هۆی ئەمەی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەوەی ناوەكە تایبەتیەكانی خۆی پارستووە، لە كۆتایی لێدوانەكەشیدا بێئەوەی ئاماژە بە هیچ هۆیەك بكات دووپاتی دەكاتەوە بە هیچ شێوەیەك ئەم كەرتەی كارە لێكدراوەكە نابێت بە بەركار، بڕوانە: مهاباد كامل(١٩٩٦: ٤٠).

## ٢/٢-١-١ ) ناوی داڕێژراو :

جێناوی خۆیی + پاشگری ناوی ئەبستراکت[101]

خۆیەتی[102] ⟵ خۆ + یەتی

جێناوی خۆیی + پاشگری ناوی ئەبستراکت + پاشگر

خۆییاتی[103] ⟵ خۆ + یی + اتی

---

([٢٣]) ناوی ئەبستراکتی ڕۆنراو لە زمانی کوردیدا بە مۆرفیمی(ی) دروست دەبێت. بڕوانە: ئازاد ئەحمەد(٢٠٠١: ٣٣).

[24]) (خۆیەتی) لە جێناوی خۆیی و پاشگری (یەتی) دروست بووە و، بۆتە ناوێکی ئەبستراکت. هاوشێوەی (برایەتی) داڕێژراوە، کە ناوێکی ئەبستراکتە.

لە ڕووی دروستکردنیشەوە هەرچەندەی زۆربەی نووسەران کە لەم پاشگرە دواون و باسییان لە ڕۆڵی ئەو پاشگرە کردبێت لە ڕۆنانی وشەدا، بەتایبەتی لە ڕۆنانی ناوی ئەبستراکتدا، نموونەیان بۆ هێناوەتەوە. بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئاماژەیان بە جێناوی خۆیی نەکردووە لە دروستکردنی ناوی ئەبستراکتدا. بۆ نموونە م. ئەوڕەحمان لە "د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٠٠)"دا، باسی لە دروستکردنی ناوی ئەبستراکتی ڕۆنراو کردووە و پاشگری (ی، ەتی/ێتی، ایەتی، ێنی) دیاریکردووە. لە ڕێگای ئاوەڵناویشەوە پاشگرەکانی (ی، ەتی/ێتی، ایەتی، ایی) دیاریکردووە. کەچی باسی لە وشەی (خۆیەتی) هاوشێوەی (خۆشناوەتی، باڵەکایەتی) نەکردووە. م. نوری عەلی ئەمینیش، لە "گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردیدا" باسی لە دروستکردنی ناوی ئەبستراکت لە ڕێگای ناودا کردووە، لەگەڵ پاشگری (ەتی) دا، وەك لە ناوەکانی(پیاوەتی، خۆشناوەتی،.....)دا، بەڵام باسی لە وشەی(خۆیەتی) نەکردووە کە لە ڕێگای جێناوی خۆیی و پاشگرەوە دروست دەکرێت، وێڕای نزیکی ئەم ناوە لەم وشانەی، کە ناومان بردن. بڕوانە: نوری علی ئەمین:(١٩٥٨: ٣٤).

م. ئازاد ئەحمەدیش لە نامەی ماجستێرەکەیدا کەبەشێکی تایبەتە بە مۆرفیمی (ی) پاشگری ناوی ئەبستراکتە، چ ئەو و، چ ئەو نووسەرانەی باسمان کردن باسیان لە دروستکردنی ناوی ئەبستراکت لە ڕێگای جێناوی خۆیی و پاشگری ناوی ئەبستراکت نەکردووە.

([٢٥]) وشەی (خۆییاتی)، کە ناوێکی ئەبستراکتە لە جێناوێکی خۆیی و پاشگری(اتی) ئەلۆمۆرفی (ی) دروست بووە، هەموو نیشانەکانی ناو وەردەگرێت وەك:(خۆییاتیەکی توند دەکات)، (هەر خەریکی خۆییاتییە)، لە ڕووی واتاشەوە هاوشێوەی وشەی (دایکایەتی)یە، ئەم وشەیە هەرچەندە لەگەڵ وشەی (خۆیەتی) زۆر لە یەك نزیکن، بەڵام چەمکی جیاواز دەگەیەنن و،

جێناوی خۆیی + پاشگر

خۆوەند[105] ⟵ خۆ + وەند[104]

خودان[106] ⟵ خود + دان

پێشگر + جێناوی خۆیی + پاشگر

بێ خودان[107] ⟵ بێ + خود + دان

بە خودان[108] ⟵ بە + خود + دان

## ٢/٢-١-٢) ئاوەڵناوی دارێژراو :

جێناوی خۆیی + پاشگر

---

ڕێگای دروستکردنەکەشیان، جیاواز بۆتەوە، ئەوەی دووەم دوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. وشەی یەکەم لە جێناوێك و پاشگرێك دروست بووە، بەڵام ئەوەی دووەم لە ئاوەڵناوێکی نیسبی و پاشگرێك دروست بووە.

(٢٦) ئەم پاشگرە لە ڕۆنانی وشەی دیکەش بەشداری دەکات، وەك:(زەماوەند، خواوەند، دەماوەند.... هتد) بڕوانە : چەمکێکی دیکە لە ڕێزمانی کوردیدا(٢٠٠٠: ١٥٩).

(٢٧) وشەی ( خۆوەند) گۆڕاوە بۆ خاوەند، بە گۆڕینی ڤاولی (ۆ) بۆ ڤاولی (ا)، بە واتای (خاوەن، یا خاوەنییەتی) دێت، (خاوەنییەتی)یش هاوواتای خۆیەتی و بەخۆکردنە – واتە شتێك بکەیتە هی خۆت.

(٢٨) ئەم وشەیە زیاتر لە دیالێکتی سەروودا بەکاردێت بۆ نموونە ئەحمەدی خانی (١٩٦٨: ١٤) دەڵێت:

کرمانج نەپڕ دەبێ کەمالن ئەما دە یتیم و بێ مەجالن

فیلجوملە نەجاهل و نەزانن بەلکی دەسفیل و بێ خودانن

(٢٩) وشەی بێ خاوەن، کە لە پێشگری (بێ) و وشەی خاوەن دروست بووە، پێشگری (بێ) پێشگرێکی چالاکە لە زمانی کوردیدا و بەمانای نەرێ دێت. بڕوانە: د. ئەورەحمان حاجی مارف(١٩٩٢: ١١٩).

(٣٠) هەمان واتای (بە خودان)ی هەیە، بەڵام ئەمە لە دیالێکتی ناوەڕاست بەکاردێت، ئەم پێشگرەش بەخۆی و هاوواتاکانی لە هەموو دیالێکتەکانی کوردیدا چالاکە و لە دیالێکتی سەروودا بەشێوەی (ب) دەردەکەوێت و لە خوارووشدا بە شێوەی (وە) و لە گۆرانیش هەر (بە)یە، بڕوانە: د. ئەورەحمان حاجی مارف(١٩٩٢: ٧٧).

خۆیی (109) ← خۆ + یی

پێشبەند + جێناوی خۆیی

بەخۆ (110) ← بە + خۆ

وەخۆ (111) ← وە + خۆ

بخوە (112) ← ب + خوە

بێخود (113) ← بێ + خود

بێخۆ (114) ← بێ + خۆ

پێشبەند + جێناوی خۆیی + پاشبەند

---

(١٣) ئەم ئاوەڵناوە داڕێژراوە لە جێناوی خۆیی و مۆرفیمی(ی) پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی، ئاوەڵناوێکی نیسبی دروست کردووە، هەرچەندە م. ئازاد ئەحمەد لە نامەی ماجستێرەکەیدا باسی لە دروستکردنی ئاوەڵناوی نیسبی لە زمانی کوردیدا کردووە، بەڵام باسی دروستکردنی ئاوەڵناوی نیسبی لە ڕێگای جێناوی خۆییەوە نەکردووە، بڕوانە :ئازاد ئەحمەد(٢٠٠١: ٥١–٥٥).

(٢٣) هاوواتای (بە خۆوە)یە،وەك لە "پیاوێکی بە خۆوەیە"، ئەم پێشگرە دەچێتە سەر ناوی سادەش، وەك (بەهێز، بەجەرگ.... )، هەرچەندە د. ئەوڕەحمان باسی لەو پێشگرە کردووە بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە بچێتە سەر جێناوی خۆیی و ئاوەڵناو دروست بکات.

(٣٣) هەمان واتای وشەی سەرەوەی هەیە بەڵام ئەمە لە دیالێکتی خواروودا بەکاردێت.

(٤٣) لە دیالێکتی سەروودا بەکاردێت.

(٥٣) بێ خاوەن.

(٦٣) بێ خاوەن.

بە + خۆ + وە ← بەخۆوە[115]

ب + خوە + ڤە ← ب خوەڤە[116]

وە + خوە + وە ← وەخوەوە[117]

**پێشبەند + جێناوی خۆیی + پاشبەند + پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی**

بە + خۆ + ڕا + یی ← بە خۆڕایی[118]

**جێناوی خۆیی + پاشگر**

خۆ + ئاسا ← خۆئاسا[119]

خۆ + ڕا ← خۆڕا[120]

---

(٣٧) ئەم ئاوەڵناوە داڕێژراوە، زیاتر بەدوای ئاوەڵناوێکی دیکەدا دێت، وەك لە (پیاوێکی قەڵەوی بەخۆوەم دیت).

(٣٨) لە دیالێکتی سەرووەدا بەکاردێت.

(٣٩) لە گەرمیان و دیالێکتی خوارووەدا بەکاردێت.

(٤٠) ئەم وشە یە دەبێتە ئاوەڵناو و ئاوەڵکرداریش، ئەگەر وەکو ئاوەڵناو بێت، مانای (بەلاش ) یان (بیٚ پارە ) و واتای (مجانی) لە عەرەبیدا دەدات. ئەگەر وەکو ئاوەڵکرداریش لە ڕستەدا بەکار هات واتای (بە بیٚ سوود) دەگەیەنێت.

(٤١) واتای (وەك خۆم) دەگەیەنێت، پاشگری (ئاسا) یەکێکە لە ئامرازەکانی لەیەکچواندن– وەکیەکی). نووسەرانی وەك ( م. نوری عەلی ئەمین و، نووسەرانی دیکە لە چەمکێکی دیکە لە ڕێزمانی کوردی، دا باسیان لێوە کردووە و بە پاشگریان داناوە، بڕوانە: چەمکێکی دیکە لە ڕێزمانی کوردی(٢٠٠٠: ١٤١).

(٤٢) لێرەدا مۆرفیمی (ڕا) وەکو پاشگر بەکارهاتووە، هەرچەندە ئەم مۆرفیمە بەزۆری وەکو پاشگر لە شێوەی (بە… ڕا، لە…. ڕا) دەبینرێت، بەڵام زۆرجار وادەبێت پێشبەندەکە لادەچییێت و پاشبەندەکە بە تەنیا دەمینێتەوە ( بە خۆڕایی–

**جێناوی خۆیی + پاشگر + پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی**

**خۆ + پڕا + یی خۆڕایی**(121)

**خۆ + دار + ی خۆداری**(122)

**خود + دار + ی خودداری**(123)

**پێشگر + جێناوی خۆیی + پاشگری نیسبی**

**نا + خۆ + یی ناخۆیی**(124)

**جێناوی خۆیی + پاشگری نیسبی + پاشگر**

---

خۆڕایی )، ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە لێرەدا (ڕا) بۆتە پاشگر، بەڵام ئەگەر وەکو وشەیەکی سەربەخۆ بەکارهات ئەوا ماناکەی دەبێتە (رأی)ی عەرەبی. لە ڕووی واتاوەش (خۆڕا) بە مانای بەرەڵا دێت.

(٣[٤]) ئەم ئاوەڵناوە هەرچەندە بەبێ پێشبەندی (بە)ش بەکاردێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ (بە) بەکارهات بەزۆری وەکو ئاوەڵکار بەکاردێت لە ڕووی واتاشەوە وەك وشەی پێشوو بە مانای بەرەڵاکردن دێت. وەك لەم بەیتەدا هاتووە :

دەڵێن : "بابە چ بکەین ئەوە پاپەی گرتووە،

مەڕەکەی بە خۆڕایی کردووە".

یان بەمانای بەلاشیش دێ بەڵام دەبێت، پێشبەندی (بە)ی لەگەڵ بێت.

(٤[٤]) بەمانای خۆڕاگری، پشوودرێژ، بە حەوسەڵە، دێت. بڕوانە: فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(٢٠٠٢ : ٢٥٠).

(٥[٤]) بڕوانە پەراوێزی پێشوو.

(٦[٤]) هەرچەندە ئەم ئاوەڵناوە کەم بەکاردێت بەڵام لە ڕووی واتاو ڕۆنانەوە دروستەو بەکارهێنانی هیچ جۆرە لەنگییەك دروست ناکات.

خۆییانه(125)    انه + یی ← + خۆ

خۆییانی(126)    انی ← یی + خۆ

جێناوی خۆ + پاشگر

خوددار(127)    دار + خود ←

خۆدار(128)    دار + خۆ ←

### ٢/٢-١-٣ )ئاوەڵکاری دارێژراو :

پێشبەند + جێناوی خۆیی + پاشبەند

له خۆوه    وه + خۆ + له ←

له خۆڕا    ڕا + خۆ + له ←

ژخوه ڕا    ڕا + خوه + ژ ←

ژخوەڤه    ڤه + خوه + ژ ←

---

(٤٧) ئەم ئاوەڵناوە لە ئاوەڵناوێکی نیسبی و پاشگرێك بۆتە ئاوەڵناوێکی چۆنیەتی، پاشگری (انه)ش لە زمانی کوردیدا پاشگرێکی چالاکە و لە وشەکانی(ژنانە، شێرانە پیاوانە.... هتد ) دەبینرێت.

(٤٨) ئەك ئاوەڵناوە لە ئاوەڵناوێکی نیسبی و پاشگری (انی) دروست بووە. پاشگری (انی)یش لە زمانی کوردیدا پاشگرێکی چالاکە لە ڕۆنانی ئاوەڵناودا وەك : ( ژنانی، کوڕانی، کچانی،.... هتد ).

(٤٩) خۆڕاگرتن، بڕوانە : فەرهەنگی خاڵ، لا ١٦٣.

(٥٠) خۆداری، بڕوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە لا ٢٥٠.

## ٢/٢-٢ ) لە وشەی لێکدراودا :

### ٢/٢-٢-١ ) ناوی لێکدراو :

**جێناوی خۆیی + ناو**

← خۆ + ناو خۆ ناو[129]

← خۆ + جێ خۆ جێ[130]

← خۆ + مل خۆمل[131]

← خوە + ماڵ خوەماڵ[132]

**جێناوی خۆیی+ ڕەگی کار**

← خۆ + بەست خۆبەست[133]

**ناو+ جێناوی خۆیی**

← ناو + خۆ ناوخۆ[134]

← ناڤ + خۆ ناڤخۆ[135]

---

(١) واتە ناسناو ( نازناو )، بڕوانە: صالح حسین پشدەری (١٩٨٥: ٣٤)

(٢) واتە : دانیشتوانی قەدیمی لە گوند. بڕوانە : فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(٢٠٠٢ : ٢٥٠).

(٣) بەمانای (داخلی) واتە (ناوخۆ) هاتووە.بڕوانە: فەرهەنگی مەهاباد(١٩٧٢: ٢٣٥).

(٤) خاوەن ماڵ، بڕوانە: فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(٢٠٠٢ : ٢٥٨).

(٥) وەکو ناوی ئامێر بەکاردێت.

(٦) وەکو ناو بەکاردێت بۆنموونە ( شەڕی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆ ).

**(136) ماڵخۆ(ماخۆ)           خۆ  +  ماڵ ←**

**ناو  +  ناوبەند  +  جێناوی خۆیی**

**(137) دەرەخۆ           خۆ  +  ە  +  دەر ←**

**جێناوی خۆیی  +  چاوگ**

**(138) خۆنیشاندان           نیشاندان  +  خۆ ←**

## ٢/٢-٢-٢ ) ناوەڵناوی لێکدراو :

**جێناوی خۆیی+ ناو**

**(139) خۆبەش           بەش  +  خۆ ←**

**(140) خوەسەر           سەر  +  خوە ←**

---

(٥٧) لە دیالێکتی سەروودا.

(٥٩) وەك لە پەندی کوردیدا بەدەردەکەوێت : ( ماڵ بە ماخۆ نەچێت حەرامە ). گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەر داهاتووە، دەنگی ( ڵ ) تیاچووە

(٥٩) پێچەوانەی (ناوخۆ)یە، هەرچەندە کەم بەکاردێت، بەڵام بەکارهێنانی لە ڕووی ڕۆنان و واتاشەوە دروستە و دەبێتە هاوواتای وشەی (دەرەکی) و، تا ڕادەیەك لە وشەی (دەرەکی) باشتربێت، بەتایبەتی ئەگەر بمانەوێ وشەی (دەرەکی) دژەکەی بنووسین، دەبێتە ( ناوەکی )، ئەك وشەیەش واتای ناوخۆ ناگەیەنێ، بۆیە ئەگەر بڵێین (دەرەخۆ) شیاو ترە.

(٦٠) خۆ پیشاندانیشی پێدەوترێت.

(٦١) بۆ نموونە (ژمارەی خۆبەش) وانە ئەو ژمارانەی کە بەسەر خۆیان دابەش دەبن.

خود + سەر ← خودسەر[141]

خوە + کار ← خوەکار[142]

خۆ + ڕەنگ ← خۆڕەنگ[143]

خۆ + خوا ← خۆخوا[144]

خۆ + دەر ← خۆدەر[145]

خۆ + ناز ← خۆناز[146]

خۆ + سەر ← خۆڕا[147]

---

(٦٢) لە دیالێکتی سەروودا بەمانای (سەربەخۆ) دێت، بڕوانە : جگەرخوێن (١٩٨٦: ٢١).

(٦٣) بڕوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(٢٠٠٢ : ٢٥٠).

فەرهەنگی گۆڤەند و زنار لا٤٤٠، (٦٤) وشەی ( خودکار ) و ( خۆکار )یش بەکاردەهێنرێت، بەمانای ( ئۆتۆماتیکی )، بڕوانە: واتە : ئامرازێ کە سەربەخۆ کاردەکاو کاری دەست ئەنجام دەدات، بڕوانە: فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە لا ٢٥١. وشەی خودکار بەمانای کارناس و شارەزاش دێت، بڕوانە: فەرهەنگی لەك و لوڕ، ل ٨٥.

(٦٥) خۆبین، خۆ بەند. بڕوانە: فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(٢٠٠٢ : ٢٥٠).

(٦٦) خۆڕسك : شتێك کە لە خۆیەوە سەردەربێنێ، بڕوانە: فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(٢٠٠٢ : ٢٥١).

(٦٧) لە شێوەزاری ئەردەلانی بەکەسێ دەوترێ قسەی کەس نەچێتە گوێچکەیەوە، بڕوانە: فەرهەنگی خاڵ(٢٠٠٥: ١٦٤).

(٦٨) بە خۆ نازین.

(٦٩) لێرەدا مۆرفیمی (ڕا) وەکو وشەیەکی سەربەخۆ هاتووە . نەك وەکو پاشگر، بۆیە دەبێتە ئاوەڵناوی لێکدراو، (ڕا) ش بە مانای(رأی) عەرەبی هاتووە، کەتێکڕای وشەکە بە مانای ئەو کەسە دێت کە سووربێ لەسەر ڕای خۆی و، تەنیا ڕای خۆی پێ پەسەندبێت.

جێناوی خۆیی + ڕەگی کردار + پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی[148]

خۆ + کوژ + ی خۆ کوژی[149]

خود + گیر + ی خودگیری[150]

خۆ + پارێز + ی خۆپارێزی[151]

خۆ + بین + ی خۆ بینی[152]

خۆ + پەرست + ی خۆپەرستی

خۆ + نما + ی خۆنمایی

جێناوی خۆیی + ڕەگی کردار + پاشگر

خۆ + خلاف + کێ خۆخلافکێ[153]

---

(٧٠) وێڕای ئەوەی ( خۆ + ڕەگی کردار ) دەبن بە ناوی بکەر بەڵام بە زیادکردنی مۆرفیمی(ی) پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی دەبێتە ئاوەڵناوی نیسبی، بڕوانە: ئازاد ئەحمەد(٢٠٠١: ٤٥)، جێگای ئاماژی بۆکردنیشە لێك نزیکییەکی زۆر لە نێوان ئاوەڵناوی نیسبی و ناوی ئەبستراکت هەیە، بەڵام ئەم گروپە پرانسیپەکانی ناوی ئەبستراکتیان بەسەردا ناسەپێت بۆیە بە ئاوەڵناومان داناون، وەك لە (کردەوەی خۆکوژی) ڕۆڵی ئاوەڵناوی بینیوە، هەرچەندە لە زمانی کوردیدا ناو لە دۆخی ئیزافەدا دەوری دیارخەر ببینێت ئەوە ئەرکی ئاوەڵناوی نیسبی بەجێدێنێت، بڕوانە: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٢: ٦٨).

(٧١) بڕوانە پەراوێزی پێشوو.

(٧٢) بە واتای خۆڕاگرتن و دان بە خۆ داگرتن دێت، بڕوانە: فەرهەنگی خاڵ (٢٠٠٥ : ١٦٣).

(٧٣) خۆ پاراستن یان دووره پەرێز.

(٧٤) خۆ پەسەندی، انانی

(٧٥) وەکو ئاوەڵناو بەکاردێت، بۆ نموونە (ئەمە ئیشێکی خۆخلافکێیە)، لە (غافل)ی عەرەبییەوە هاتووە.

**جێناوی خۆیی + ناو + پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی**

خود + سەر + ی ← خود سەری[154]

خۆ + ماڵ + ی ← خۆماڵی[155]

خۆ + جێ + ی ← خۆجێیی[156]

خۆ + جێ + ەتی ← خۆجێیەتی[157]

خۆ + مل + ی ← خۆملی[158]

خۆ + وڵات + ی ← خۆ وڵاتی[159]

**جێناوی خۆیی + ڕەگی کردار + پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی**

خۆ + خۆر + ی ← خۆ خۆری[160]

**جێناوی خۆیی + جێناوی خۆیی + پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی**

---

(٧٦) تێهەڵچوون لە ئیش و کار بێ پرس و لێکدانەوە، بڕوانە : فەرهەنگی خاڵ (٢٠٠٥: ١٦٣). بەمانای سەربەخۆییش دێت.

(٧٧) نایبەت بە خۆ، خۆمانە، ماڵی خۆت.

(٧٨) بە مانای (مقیم، اقامە) دێت، بڕوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (٢٠٠٢ : ٢٢١). هەروەها بەمانای (محلی) واتە (ناوخۆیی)یش دێت وەك لە (کارگێڕی خۆجێیەتی) کە پاچڤەی (الادارە المحلیە) ی عەرەبییە.

(٧٩) هەمان واتای وشەی پێشووی هەیە، بڕوانە پەراوێزی پێشوو.

(٨٠) عائدیە، داخلیە، بڕوانە: فەرهەنگی مەهاباد(١٩٧٢: ٢٣٥).

(٨١) هاوڵاتی، خەڵکی وڵاتی خۆ، بەرانبەر بە (المواطن) ی عەرەبییە، جوانترە لە هاوڵاتی.

(٨٢) لە ناوێکی بکەرو پاشگری ئاوەڵناوی نیسبی دروست بووە بۆتە ئاوەڵناوی نیسبی.

(161) خۆ خۆیی ← خۆ + خۆ + ی

جێناوی خۆیی + جێناوی لکاو + پاشبەند

(162) خۆمانە ← خۆ + مان + ە

(163) خۆمانی ← خۆ + مان + ی

(164) خۆیانی ← خۆ + یان + نی

(165) خۆمئاسایی ← خۆ + م + ئاسایی

ناو + جێناوی خۆیی + پاشگر

(166) ناوخۆیی ← ناو + خۆ + ی

---

(٨٣) بە واتای خزم خزمێنەو خۆمانە خۆمانە دێت، ئاوەڵناوی نیسبییە بۆ ئەو کەسانەی خزم خزمێنە دەکەن.

(٨٤) پێچەوانەی بێگانەیە.

(٨٥) هەمان واتای خۆمانەی هەیە، پێچەوانەی بێگانە، بڕوانە فەرهەنگی باشوور(٢٠٠٥: ٢٦٩).

(٨٦) لە خۆیان، بڕوانە فەرهەنگی باشوور (٢٠٠٥: ٢٦٩)، بە مانای ناسیاو و ئاشناش دێت بەشێوەزاری بادینی، بڕوانە: فەرهەنگی خاڵ (٢٠٠٥: ١٦٧).

(٨٧) م. نوری عەلی ئەمین(١٩٥٨: ٣٥) ئەم وشەیەی بە داڕێژراو داناوە، هەرچەندە ئاسایی پاشگرە، بەڵام جێناوی لکاوی(م) کە بەشداری دەکات لە ڕۆنانی ئەم وشەیەدا، مۆرفیمێکی سەربەخۆیە بۆیە بەپێی تیۆری مۆرفیم (خۆم ئاسایی) مان بە وشەیەکی لێکدراو داناوە.

(٨٨) ئەم دوو وشەیە ئاوەڵناوی نیسبین، بە مانای شتێك کە تایبەت بێت بە کاروباری ناوخۆ، وەك لە ( بەشی ناوخۆیی خوێندکاران.

ناڤ + خۆ + ی ← ناڤخۆیی(167)

پێشبەند + جێناوی خۆیی + ئاوەڵناو

لە + خۆ + بایی ← لەخۆبایی(168)

ناو + ناوبەند + جێناوی خۆیی

سەر + بە + خۆ ← سەربەخۆ

سەر + وە + خوە ← سەروەخوە

خوێن + ە + خۆ ← خوێنەخۆ(169)

جێناوی خۆ + ئاوەڵناو

خۆ + پەسەند ← خۆپەسەند(170)

جێناوی خۆیی + ژمارە + پاشگر

خۆ + یەك + ی ← خۆیەکی

---

(٨٩) لە دیالێکتی سەرروودا هەمان مانای وشەی پێشەوەی هەیە.

(٩٠) (بایی) وشەیەکی سەربەخۆیە بەمانای (فیز) دێت (لەوەتەی دەوڵەمەند بووە بایی بووە)، بڕوانە: فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(٢٠٠٢: ٤٩).

(٩١) خاوەن خوێن.

(٩٢) لە هەمان کاتدا دەبێتە ناوی بکەریش.

**٢/٢-٢-٣ ) ئاوەڵکاری لێکدراو :**

**جێناوی خۆیی بەشداری لە ڕۆنانی ئاوەڵکرداری لێکدراویش[171] دەکات و لە هەردوو دەستەکەی ئاوەڵکرداریش[172] بەرچاو دەکەوێت .**

**لە ئاوەڵکرداری دیارخەردا ، بەم شێوەیەی خوارەوە بەشداری لە ڕۆنانی ئاوەڵکرداری چۆنیەتی دەکات و وەڵامی پرسیاری (چۆن) دەداتەوە و ڕوودان لە ڕووی چۆنیەتییەوە ڕوون دەکاتەوە[173]**

**پێشبەند + جێناوی خۆیی + پاشگر + پاشگر**

**بە + خۆ + یی + انە ← بەخۆییانە[174]**

---

(٩٣) هەرچەندە د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە ڕووی ڕۆنانەوە ئاوەڵکرداری کردۆتە چوار بەش (سادە، داڕێژراو، لێکدراو، دەستەواژەیی)، بەڵام ئێمە بە پێویستمان نەزانی لێکدراو و دەستەواژەیی لێکجیا بکەینەوە، چونکە زۆر جار ئاوەڵکرداری لێکدراویش وەکوو دەستەواژەیەك خۆی دەنوێنێت، دەشتەواژەش بەرانبەر زاراوەی فرێز بەکاردێت کە دەتوانین ناوی بنێین (فرێزی ئاوەڵکاری)، لە لایەکی دیکەوە ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە بۆیە بە پێویستمان نەزانی لێرە لێی بدوێین. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: د. ئەوڕەحمانی حاجی ماف (١٩٩٨: ١٦٢).

(٩٤) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ئاوەڵکرداری لە ڕووی واتاوە بۆ سەر دوو گروپ دابەش کردووە کە ئەوانیش (دیارخەر و بارودۆخ)ن. هەریەك لەم دووانەشی بۆ چەند لقێکی دیکە دابەش کردووە. لە ئاوەڵکرداری دیارخەردا (چۆنیەتی و چەندێتــی و شێوەی جێبەجێکردن )ی دەستنیشان کردووە. لە ئاوەڵکرداری دیارخەریش (کاتی و شوێنی و هۆو مەبەست و تەئکیدیی و دووبارەکردنەوە)ی دەست نیشانکردووە. ئێمەش لە سەر ڕۆشنایی ئەم دابەشکردنەی ناوبراودا ڕۆیشتووین.بڕوانە: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ڕێزمانی (١٩٩٨: ١٤٠-١٥١).

(٩٥)سەرچاوەی پێشوو( ١٩٩٨ : ١٤٠).

(٩٦) بۆ نموونە : (بە خۆییانە ئیشەکەیان بۆ جێبەجێ کردم) بەهۆی پێشبەندی (بە)وە لە ئاوەڵناوی نیسبییەوە بووە بە ئاوەڵکردار.

پێشبەند + ناو + جێناوی خۆیی

لە + سەر + خۆ

جێناوی خۆیی + ناوبەند + ناو

خۆ + و + بەخت ← خۆوبەخت

ئاوەڵناو + ناوبەند + جێناوی خۆیی

ڕاست + ەو + خۆ ← ڕاستەوخۆ

پێشبەند + جێناوی خۆیی + چاوگ

بە + خۆ + بادان ← بەخۆبادان

بە + خۆ + کەوتن ← بەخۆکەوتن

پێشبەند + ناو + ناوبەند + جێناوی خۆیی

بە + کاو + ـەـ + خۆ ← بەکاوەخۆ(175)

(٩٧) واتای بە ئارەزووی خۆت دەدات، (کاو) لە (کام)ەوە هاتووە، (کام)یش، بەمانای (ئارەزوو) دێت. وەك لە (بەکامی دڵ) یان لە (بە کامی خۆ)، دوایی بۆتە (کاو)، ( کامەخۆ ) ش هەر هەمان واتا دەدات، بۆ نموونە لە شێوەزاری هەولێر (م) دەبێتە (و)، واتە گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەردادێت، وەك ئەم ڕستەیە (بەکاوەخۆ وەرن بۆلامان). هەروەها لە شێوەزاری هەولێر گۆڕانی دیش هەیە بەم شێوەیە، وەك لە (ئەمە) دەبێتە (ئەوە)، هەموو جێناوە نیشانەکانی نزیکی دەبێتە (ئەو، ئەوە ) بۆ دووریش، دەبن بە ( ئەوێهێ ).

ئاوەڵکرداری شێوەو جۆری جێبەجێکردن کە جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ ئاوەڵکرداری چۆنیەتی دا هەیە [176] وەڵامی پرسیاری ( چۆن ؟ ) ، ( بە چ شێوەیەك ؟ ) ، ( بەچ چەشنێك ؟ ) دەداتەوە [177]. لە ڕێگای جێناوی خۆییشەوە دەتوانین چەند ئاوەڵکردارێك ڕۆبنێین.

جێناوی خۆیی + پاشگر + پاشگر

خۆ + یی + انە خۆییانە [178]

جێناوی خۆیی + جێناوی لکاو + پاشگر

خۆ + م + ئاسایی [179]

دووبارە کردنەوەی وشەی (خۆمانە) [180]

خۆمانە خۆمانە.

ئامرازی (وەك) لەگەڵ جێناوی خۆیی و جێناوە لکاوەکان ئاوەڵکردار دروست دەکەن.

---

(٩٨) هەمان سەرچاوە(١٩٩٨: ١٤٣).

(٩٩) لە هەردووکیاندا وەڵامی پرسیاری (چۆن) دەداتەوە، چۆنییەتی ڕوودان یان ئەنجامدانی کردارەکە دیاردەخات. ئەم جۆرە ئاوەڵکردارەش لە زمانی کوردیدا لەلایەن د.ئەوڕەحمانەوە جیاکراوەتەوە، بڕوانە هەمان سەرچاوە(١٩٩٨: ١٤٣).

(١٠٠) ئەمە چۆنییەتی ڕوودانیش دیاردەخات، بەڵام لەوێ بەهۆی پێشبەندی (بە)وە ئەو واتایەی دەبەخشێ.

(١٠١) ئەم وشەیە وەکو ئاوەڵناویش بەکارمان هێنا، بەڵام لە ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵکرداریش دەبینێت، لە ڕووی ڕۆنانیشەوە هەرچەندە د. ئەوڕەحمان و چەند نووسەرێکی دیکەش بە داڕێژراویان داناوە، بەڵام ئێمە بە لێکدراومان داناوە، وەك لە پەراوێزی ژمارە (٨٤) ڕوونمان کردەوە.

(١٠٢) بۆ نموونە دەتوانین بڵێین (خۆمانە خۆمانە هەڵیانخەڵەتاندین) یانیش دەتوانین پێشبەندی (بە)ی لە پێش دابنێین، شێوەی هەڵخەڵەتاندنەکە ڕوون دەکاتەوە چۆن بووە.

وەك + خۆ + م ←—— وەك خۆم[181]

جۆری دووەمیش کە ئاوەڵکرداری بارودۆخە، دەتوانین لە ڕێی جێناوی خۆییەوە ئاوەڵکرداری شوێنی و کاتی و هۆو مەبەست و تەئکیدی دروست بکەین.

لە ئاوەڵکرداری کاتیدا دەتوانین بەم جۆرە لە جێناوی خۆیی ئاوەڵکرداری لێکدراو دروست بکەین .

"لە کاتی خۆی ئەنجامەکان ڕائەگەیەنین."

لێرەدا (لە کاتی خۆی) وەڵامی پرسیاری ( کەی) دەداتەوە، (خۆ)ش بۆتە بەشێکی سەرەکی لە ئاوەڵکارەکە و، ناتوانین لای ببەین و، بڵێین:(لەکاتی ئەنجامەکان ڕائەگەیەنین)، هەرچەندە (خۆی) بۆتە تەواوکەر بەڵام لەهەمان کاتدا بۆتە بەشێکی سەرەکی لە ئاوەڵکارەکە و بە بوونی ئەوەوە واتای تەواو نابەخشێت .

لە ئاوەڵکرداری شوێنیشدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانین چەندین ئاوەڵکرداری لێکدراو دروست بکەین .

لە ژێرخۆ ←—— ئەم کتێبانە لەژێرخۆت دابنێ .

---

(١٠٣) هەمان واتای ( خۆمئاسایی ) هەیە، بۆ نموونە کە دەڵێین (کتێبەکە وەك خۆی بلاۆودەکەینەوە) چەشنی بڵاوکردنەوەکە دەردەخات.

لەبن خۆ ← ئەم كتێبانە لەبنە خۆت دابنێ .

لەسەرەوەی خۆ ← ئەم كتێبانە لەسەرەوەی خۆت دابنێ .

لەپاڵ خۆ ← ئەم كتێبانە لە پاڵ خۆت دابنێ .

لەخوار خۆ ← ئەم كتێبانە لەخوار خۆت دابنێ .

لەپێشەخۆ ← ئەم كتێبانە لەپێشە خۆت دابنێ .

لەكنەخۆ ← ئەم كتێبانە لەكنە خۆت دابنێ .

لەڕاستەخۆ ← ئەم كتێبانە لەڕاستە خۆت دابنێ .

لەلای خۆ ← ئەم كتێبانە لەلای خۆت دابنێ .

لە ئاوەڵكرداری هۆو مەبەستیش بەم شێوەیەی خوارەوە بەشداری دەكات :

بەخوت و خۆڕایی ← بەخوت و خۆڕایی_منیان كردە ژوورەوە.

لەبەرخۆوە ← لەبەرخۆوە گۆرانیم دەوت.

خۆی لە خۆیدا:

"نەبوونی جیهانبوونی خۆی لە خۆیدا نەبوونی پرنسیبە ئەخلاقییەكانە".

(دنیای شتەبچووكەكان :١٧)

لە ڕۆنانی ئاوەڵكرداری تەئكیدیش بەم شێوە دەبینرێت:

بێ خۆ هێنان و بردن

بێ خۆ بادان

بێ خۆ خوراندن

**٢/٢-٢-٤ ) ناوی بکەری لێکدراو :**

**جێناوی خۆیی لەگەڵ ڕەگی ئەو کردارانەی کە تێپەڕن یان تێپەڕێنراون[182] بەشداری لە ڕۆنانی ناوی بکەردا دەکات. ئەویش تەنیا لەگەڵ ئەو کردارانەی کە (خۆ) دەبێتە بەرکاریان، بەواتایەکی دی لەو ڕستانەی کە کارا و بەرکار هەمان کەسن، بەم جۆرە کردارانەش دەوترێت کاری کەسی[183]، لە عەرەبیشدا پێیان دەوترێت (فعل العاکس)[184]لـــە**

**)ی پێ دەوترێت[185]. ناوی بکەریش "واتای ڕووداوێك** VERBE REFLEXIVE **ئینگلیزیش ( لە لایەن ئیشکەرەوە دەگەیەنن و توانستە تایبەتەکەیان سیفەتێکی بەردەوام و هەمیشەیی یان پێ دەبەخشێت"[186]. ناوی بکەری لێکدراویش بە چەند ڕێگایەك دروست دەکرێت، یەکێك لەم ڕێگایانەش لە ڕێی جێناوی خۆییەوە[187]دەبێت و ژمارەیەکی زۆر ناوی بکەری لێ دروست دەکرێت. وەکو ئەم شێوانەی خوارەوە:**

---

(٠٤) بۆ نموونە چاوگی :پسان ← پساندن؛ خنکان ← خنکاندن؛ ڕەگی ئەم جۆرە کردارەش دەبێتە (پسێن، خنکێن).

(٠٥) صادق بەهائەدین (١٩٨٧: ٣٥٩-٣٦٠).

(٠٦) جورج نعمە سعد( ١٩٨٢: ١٢).

(٠٧) هەمان سەرچاوە (١٩٨٢: ١١٣).

(٠٨) ڕەفیق محەمەد شوانی( ١٩٨٨: ١٢٨).

(٠٩) هەرچەندە زۆر لە نووسەران باسیان لە ڕۆنانی ناوی بکەر کردووە، بەڵام باسیان لە ڕۆڵی جێناوی خۆیی لە ڕۆنانی ناوی بکەر نەکردووە.

| ناوی بکەر | جێناوی خۆیی + ڕەگی کردار |
|---|---|
| خۆئەنگێو | خۆ + ئەنگێو |
| خۆبەخش | خۆ + بەخش |
| خۆبەست | خۆ + بەست |
| خۆبین | خۆ + بین |
| خۆبەزێن | خۆ + بەزێن |
| خۆپاڵێو | خۆ + پاڵێو |
| خۆپشکووت | خۆ + پشکووت |
| خۆپۆش | خۆ + پۆش |
| خۆپەڕ | خۆ + پەڕ |
| خۆپێو | خۆ + پێو |
| خۆپس | خۆ + پس |
| خۆپسێ | خۆ + پسێ |
| خۆخواز | خۆ + خواز |
| خۆپسێ | خۆ + پسێ |
| خۆخواز | خۆ + خواز |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خۆ | + | خوێن | ← خۆخوێن |
| خۆ | + | دۆز | ← خۆدۆز |
| خۆ | + | دۆش | ← خۆدۆش |
| خۆ | + | دێر | ← خۆدێر |
| خۆ | + | ڕاگر | ← خۆڕاگر |
| خۆ | + | ڕێژ | ← خۆ ڕێژ |
| خۆ | + | ڕی | ← خۆڕی |
| خۆ | + | ڕێس | ← خۆڕێس |
| خۆ | + | زان | ← خۆزان |
| خۆ | + | ژەن | ← خۆژەن |
| خۆ | + | ژی | ← خۆژی |
| خۆ | + | ژێن | ← خۆ ژێن |
| خۆ | + | فرۆش | ← خۆفرۆش |
| خۆ | + | کرۆژ | ← خۆکرۆژ |
| خۆ | + | کوژ | ← خۆکوژ |
| خۆ | + | کێش | ← خۆکێش |
| خۆ | + | گەڕ | ← خۆگەڕ |
| خۆ | + | گەز | ← خۆگەز |

خۆ + گیر ← خۆگیر

خۆ + گێڕ ← خۆگێڕ

خۆ + ماڵ ← خۆماڵ

خۆ + مژ ← خۆمژ

خۆ + مەش ← خۆمەش

خۆ + ناس ← خۆناس

خۆ + هەڵکێش ← خۆهەڵکێش

خۆ + هەڵبەست ← خۆهەڵبەست

خۆ + نما ← خۆنما

خۆ + نووس ← خۆنووس

خۆ + ترِێن ← خۆ ترِێن

خۆ + وەڕ ← خۆوەڕ

خۆ + شۆر ← خۆشۆر[188]

خۆ + خۆر ← خۆخۆر[189]

---

(١٠) بەڕای من (شۆر) خۆی ڕەگی کارەکە بێت، نەك پێکهاتبێت لە (خۆ+ ەر)، کە ڕێزماننووسان ئەم جۆرە پاشگرە بە پاشگرێکی کوردی نازانن و وا لێکیان داوەتەوە لە ئینگلیزییەوە هاتبێتە ناو زمانی کوردی، ئەگەر وابێت دەبێ مێژووی ئەم هاتنە زۆر کۆن نەبێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم وشەیە لە کوردیدا زۆرکۆنە و بە لێکدراوی لە وشەکانی وەك (دەستشۆر، سەرشۆرك–بەمانای شوێنی خۆشوشتن دێت ) هاتووە، جگە لەمەش ڕەگەکە خۆی(شۆر)ە نەك (شۆ) چونکە لە چاوگی (شۆردن)ەوە هاتووە، کە لە چەند ناوچەیەکی جیاواز بەکاردێت بەتایبەتیش لە ناوچەی گەرمیان ، نەك شووشتن. پێدەچێت (شووتن )و (شتن)ەکەش کە لە شێوەزاریسلێمانی بەکاردێت، لە (شۆردن)ەوە هاتبن، نەك بە پێچەوانەوە.

ناوی بکەر خۆ + ناوی بکەر

خۆدەرخەر خۆ + دەرخەر

خۆدیدە خۆ + دیدە

## ٢/٢-٢-٤: ناوی بەرکار :

جێناوی خۆیی هەروەك چۆن بەشداری دەکات لە ڕۆنانی ناوی بکەردا بەهەمان شێوە لە ڕۆنانی ناوی بەرکاریشدا بەشداری دەکات. بەڵام بە هیچ شێوەیەك نووسەران[190] باسیان لێوە نەکردووە و ئاماژەیان پێنەداوە . هەرچەندە ئەم جێناوە زیاتر بەشداری لە ڕۆنانی ناوی بکەر دەکات وەك لەوەی ناوی بەرکار، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕێگاکانی ڕۆنانی بەرکار بەرتەسکترەو، هەروەها ناوی بکەر ئەو کەسەیە کە بەکارەکە هەڵدەستێت ، لەکاتێکدا جێناوی خۆییش ڕەنگدانەوەی بکەرو بەرکارە لە هەمان کەسدا لەگەڵ کارە تێپەڕەکاندا، بۆیە ناتوانین ناوی بەرکار لەگەڵ کارەتێپەڕەکان بە لێکدراوی لەگەڵ جێناوی خۆیی دروست بکەین، بەڵام ئەگەر جێناوی خۆیی شوێنی بکەری گرتبۆوە مانای وشە لێکدراوەکە دەبێتە ناوی بەرکار[191].

(١١) ئەم وشەیەش بەهەمان شێوەی وشەی پێشوو دەبێ لە ڕەگی (خۆر) وەرگیرابێت،کە لە کۆنەوە لە وشەکانی وەك (پێخۆر، خۆخۆر، گۆشتخۆر،...) بەکارهاتووە .هەروەها لە ئاڤێستاش ئەم وشەیە بە (خڤەر) هاتووە ، بڕوانە: حەمە ئەمین هەورامانی(٢٠٠٥: ٢١٨)، کە زۆر نزیکە لە ڕەگی(خۆر) کە دەشێت ڕەگی کارەکەبێت و ن ئێستا بووبێت بە (خۆ).

(١٢) هەرچەندە نووسەرانی وەك د. ئەوڕەحمان و لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری و چەند نووسەرێکی دیکە، بەتایبەتیش د. ڕەفیق شوانی لە نامەی ماجستێرەکەیدا، کە بە شێوەیەکی زانستیانە ئەم بابەتەی شرۆڤە کردووە و هەموو لایەنەکانی باسکردووە، کەچی باسی لە ڕۆلی جێناوی خۆیی لە ڕۆنانی ناوی بەرکاردا نەکردووە. بڕوانە :ڕەفیق محەمەد شوانی (١٩٨٨: ١٢٩)

(١٣) د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٠: ١٢٠).

جێناوی خۆیی + قەدی کردار ← ناوی بەرکار

خۆ + کرد ← خۆکرد[192]

جێناوی خۆیی + ڕەگی کردار + پاشگر ← ناوی بەرکار[193]

خۆ + کە + راو ← خۆ کراو

جێناوی خۆ + قەدی کردار + پاشگر[194]

خۆ + کوشت + وو ← خۆکوشتوو

خۆ + کرد + وو[195] ← خۆکردوو

---

(١٤) ئەم ڕێگایە لەگەڵ هەموو قەدێکی کردار بەکار نایەت، بەڵکو تەنیا لەگەڵ کاری (کردن) بەکاردێت، چونکە ئەم کردارە لەم جۆرە کردارانەیە کە ناتوانین لە ڕستەدا جێناوی خۆیی لەگەڵدا بەکاربێنین و ببێتە بەرکار، بۆ نموونە ناتوانین بڵێین (من خۆم کرد) یان (من خۆم خۆم کرد) لە ڕووی سینتاکسییەوە تەواوە بەڵام لە ڕووی واتاوە تەواو نییە. بۆیە وەك ڕوونمان کردەوە کە لەبەرئەوەی (خۆ) هەمیشە بەرکارە، ناتوانین بەڕێژەیەکی فراوان ناوی بەرکاریان لێ پێك بهێنین، ئا لێرەدا بە پێچەوانەوە چونکە (خۆ) لە (خۆکرد) بەرکار نییە دەتوانێت ببێتە ناوی بەرکار.

(١٥) ئەم ڕێگایەش بەهەما شێوەی خاڵی پێشووە، کە ڕوونمان کردەوە چونکە پێکهاتووە لە ڕەگی کاری (کردن)، بۆیە دەتوانین ئەم شێوە ڕۆنانەی لێ پێك بهێنین، بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١١١ ).

(١٦) ئەم ڕێگایەش زۆر سنووردارە و لەگەڵ هەموو کردارێك پێکنایەت. ئەگەر بە هۆی ناوێکەوە دروست بکرێت، جارێك دەبێتە ناوی بکەر و جارێکیش ناوی بەرکار ئەویش بە هۆی ئەو پارچە پێکهێنەرەی پێشەوەیە، ئەگەر پارچەکە لە دۆخی بکەری دابوو، دەبێتە ناوی بەرکار، گەر لە دۆخی بەرکاریش دابوو دەبێتە ناوی بکەر، بەڵام لەگەڵ جێناوی خۆیی هەردوو بار دەبینێت واتە هەم ناوی بکەرە و هەم ناوی بەرکاریشە چونکە ئەگەر جێناوی (خۆ) لەگەڵ کارێکی تێپەڕ بەکار هات، ئەم کارە دەکاتە کارێکی کەسی و هەردوو دۆخیش وەردەگرێت هەم بکەر و هەك بەرکار.

(١٧) ئەوەی لە پەراوێزی (١١٣) باسمان کرد ئەم ناوی بەرکارە ناگرێتەوە، واتە ئەمەیان تەنیا ناوی بەرکارە، ئەویش بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە لە پەراوێزی(١١١)دا ڕوونمان کردەوە.

خۆ ـــ+ـــ کرد + ی [196] خۆکردی

**٢/٢-٢-٥: کاری لێکدراو :**

کاری لێکدراو "بریتیی‌یە لەو ڕۆنانەی کە مەرجە کارێکی داڕێژراو بەشداری لە پێکهێنانی بکات و بەلای کەمەوە کەرەسەیەکی زمانیشی لەگەڵدابێت"[197]. یەکێك لەم کەرەستە زمانیانەی کە بە تەنیا یان لەگەڵ کەرەسەیەکی دیکەدا بەشداری لە ڕۆنانی کاری لێکدراودا دەکەن جێناوی خۆیی یە [198].

هەروەك چۆن جێناوی خۆیی لە بەشەکانی دیکەی ئاخاوتندا بەشداری یەکی بەرچاوی هەبوو ، لە کاری لێکدراویشدا کەرەسەیەکی دیکەی دەوڵەمەندکردنی کردارە لە زمانی کوردیدا [199]

---

(١٨) ئەمەش تەنیا لە شێوەزاری هەولێرو دیالێکتی سەروودا بەکاردێت، بڕوانە: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ١١٣).

(١٩) یوسف شەریف سەعید( ١٩٩٨: ١٧).

(٢٠) بەشی زۆری ئەو نووسەرانەی کە باسیان لە ڕۆنانی کاری لێکدراودا کردووە، ئاماژەیان بە ڕۆڵی جێناوی خۆیی لە ڕۆنانی کاری لێکدراودا نەکردووە. لەوانەش( سەعید صدقی، تۆفیق وەهبی، مەکەنزی، مەکارۆس، نوری عەلی ئەمین، جگەرخوین، جەمال نەبەز، محەمەد ئەمین هەورامانی، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، کوردۆییڤ، محەمەد مەعروف، مەحموود فەتحوللا، مەهاباد کامل.....). تەنیا مستەفا زەنگەنە (١٩٨٩: ١٢) نەبێت لە نامەی ماجستێرەکەیدا (کار و ئەرکی لە سینتاکسدا) بە تەنیا ڕێگایەك باسی لە ڕۆنانی کاری لێکدراودا کردووە لە ڕێگای جێناوی خۆییدا. باشترین سەرچاوەش باسی لە ڕۆنانی کاری لێکدراودا کردبێت، نامەی دکتۆراکەی مامۆستا یوسف شەریفە بەناوی (کاری لێکدراو لە کوردی و فارسی دا). تیایدا ئەو کەرەسە زمانیانەی دەست نیشانکردووە کە بەشداری لە ڕۆنانی کاری لێکدراودا دەکەن، کە ئەوانیش (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، جێناوی خۆیی، پریپۆزیشن )ن.

(٢١) دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین هەندێ لەو نووسەرانەی باسیان لە ڕۆنانی کاری لێکدراودا کردووە، دەستەواژەی کاریان بە کاری لێکدراو لە قەڵەم داوە، کە بە هیچ شێوەیەك سیمای کاری لێکدراویان بەسەر دا ناسەپێنرێت، وەك: (نان خواردن، نامە نووسین، جل شوشتن، چرا داگیرسان)، بڕوانە: د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٠: ٩٨)، ئەم ناوانەی کە

جێناوی خۆیی + چاوگ ← چاوگی لێکدراو

خۆ + برژاندن ← خۆبرژاندن

خۆ + بڕینەوە ← خۆبڕینەوە

خۆ + بواردن ← خۆبواردن

خۆ + بردنەپێش ← خۆبردنەپێش

خۆ + بادان ← خۆبادان

---

کەرەستەی پێکهێنەری کرداری لێکدراون بوونەتە بەرکاری ڕستەکە نەك بەشێك لە کردارە لێکدراوەکە. بۆ نموونە ( نان خواردن ) دەبێتە (نانی خوارد) واتە ( نان ) لەم رستەیەدا بۆتە بەرکار و پەیوەندی لەگەڵ وشەکانی دیکەی ڕستەکەدا نەبڕاوە نەك لەگەڵ کارەکەدا. کەئەویش تەنیا گروپی ناو دەگرێتەوە، نەك ئاوەڵکار و کەرەستە زمانییەکانی دیکە. ئەمەش گرفتێکی دروست کردووە لە جیاکردنەوەی دەستەواژەی کرداری و کرداری لێکدراو کە پێکهێنەرەکانیان ناون، بۆ ئەو مەبەستەش م. یوسف شەریف لە نامەی دکتۆراکەیدا زۆر بە تێرو تەسەلی لەم گرفتە دواوەو چەند مەرجێکی داناوە بۆ جیاکردنەوەی دەستەواژەی کاری و کاری لێکدراو، بڕوانە :یوسف شەریف(١٩٩٨: ٣٢). وێڕای ئەوەی ئەو مەرجانە کە دایناون هێشتا چەند گفتێکی دیکە ماون لە بەردەم بوونی هەندێ دەستەواژەی کاری بە کاری لێکدراو، بە تایبەتی ئەوانەی کە پێکهێنەرەکەیان بریتییە لە ناو، وەك ( شەڕکردن، گوێگرتن، ئاگر بەردان ) ناوەکان ئەرکی بەرکار دەبینن و جیا دەبنەوە لە کارەکەدا تەنبا ئەوەیە بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ یارمەتی ڕوونکردنەوەی واتای رستەکە دەدات.هەروەها م. یوسف بە جۆرە پۆلکردنێکی دیکەی کاری لێکدراو بۆ کاری ڕووداو گەیەن و بارگەیەن دەیەوێت ئەم گرفتەیە چارەسەر بکات و دەڵێت کەرەسەی یەکەمی کاری ڕوداوگەیەن لە شێوەی بەرکارێکی ڕاستەوخۆ یات ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، بۆیە هەرناوێکی دیکە بکەوێتە پێش ئەو کارە لێکدراوە ڕۆڵی بکەر دەبینێت نەك بەرکاری ڕاستەوخۆ، چونکە لە زمانی کوردیدا، کار دوو بەرکار وەرناگرێت، وەك ئەم کارانە ( شەڕکردن، گوێ گرتن، لە باوەش گرتن، ئاهەنگ گێڕان، باڵگرتن، سوێند خواردن ). شایەنی باسیشە ناوبراو بە هیچ شێوەیەك جێناوی خۆیی نەخستۆتە ئەو کێشەیە وەکو پێکهێنەری کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو، کە بە ڕای ئێمە تووشی هەمان گرفت دەبینەوە.

← خۆ + بەستن          خۆ بەستن

← خۆ + برژاندن          خۆبرژاندن

← خۆ + بەردانەوە          خۆبەردانەوە

← خۆ + پەرستن          خۆپەرستن

← خۆ + پێوەکردن          خۆ پێوەکردن

← خۆ + پۆشین          خۆ پۆشین

← خۆ + پشکنین          خۆ پشکنین

← خۆ + پاراستن          خۆپاراستن

← خۆ + پالأوتن          خۆ پالأوتن

← خۆ + ترِاندن          خۆترِاندن

← خۆ + تێوەگلاندن          خۆتێوەگلاندن

← خۆ + تێهەڵقورتاندن          خۆ تێهەڵقورتاندن

← خۆ + تاشین          خۆتاشین

← خۆ + خوراندن          خۆ  خوراندن

← خۆ + خواردن          خۆخواردن

← خۆ + خواردنەوە          خۆ خواردنەوە

← خۆ + خواستن          خۆخواستن

← خۆ + خەواندن          خۆخەواندن

خۆ + خلافاندن ← خۆ خلافاندن

خۆ + خواردنەوە ← خۆخواردنەوە

خۆ + خستن ← خۆخستن

خۆ + دۆشین ← خۆدۆشین

خۆ + دۆزینەوە ← خۆدۆزینەوە

خۆ + دزینەوە ← خۆدزینەوە

خۆ + گەستن ← خۆگەستن

خۆ + گرتن ← خۆگرتن

خۆ + کوشتن ← خۆکوشتن

خۆ + ڕستن ← خۆڕستن

خۆ + سووتاندن ← خۆسووتاندن

خۆ + سڕینەوە ← خۆسڕینەوە

خۆ + شێلان ← خۆ شێلان

خۆ + فرۆشتن ← خۆفرۆشتن

خۆ + فڕێدان ← خۆفڕێدان

خۆ + فریودان ← خۆفریودان

خۆ + لەرزاندن ← خۆلەرزاندن

خۆ + سپاردن خۆ سپاردن

خۆ + مراندن ← خۆمراندن

خۆ + نووسین ← خۆنووسین[200]

خۆ + ناشتن ← خۆناشتن

خۆ + هەڵکێشان ← خۆهەڵکێشان

خۆ + هاڕین ← خۆهاڕین

خوەیٚ + پارێزانن ← خوەیٚ پارێزانن

جێناوی خۆیی + ئاوەڵناو + چاوگ

خۆ + پەسەند + کردن ← خۆ پەسەندکردن

خۆ + پەست + کردن ← خۆ پەستکردن

خۆ + کەڕ + کردن ← خۆکەڕکردن

خۆ + گێلٚ + کردن ← خۆگێلکردن

خوەیٚ + پەسەن + کرن ← خوەیٚ پەسەنکرن

جێناوی خۆیی + ناو + چاوگ

خۆ + دەرباز + کردن ← خۆ دەربازکردن

خوەیٚ + قەس + کرن ← خوەیٚ قەسکرن[201]

---

(٢٢) وەك لە (( مافی چارەی خۆ نووسین )).

(٢٣) لە ( فەرهەنگی خاڵ ) دا بە مانای ( خۆ کوشتن ) هاتووە.

پێشبەند + جێناوی خۆیی + چاوگ

| | |
|---|---|
| بە + خۆ + کردن | بەخۆکردن |
| بە + خۆ + هاتنەوە | بەخۆهاتنەوە |
| بە + خۆ + داچوونەوە | بەخۆداچوونەوە |
| بە + خۆ + زانین | بەخۆزانین |
| بە + خۆ + دادان | بەخۆدادان |
| بە + خۆ + هەڵگوتن | بەخۆهەڵگوتن |
| بە + خۆ + نازین (202) | بەخۆنازین |

ناو + پێشبەند + جێناوی خۆیی + چاوگ

| | |
|---|---|
| دان + بە + خۆ + داگرتن | دان بەخۆ داگرتن |

پیشبەند + جێناوی خۆیی + چاوگ

| | |
|---|---|
| لە + خۆ + ڕامان | لەخۆڕامان |
| لە + خۆ + گەڕانەوە | لەخۆگەڕانەوە |

(٢٤[1]) نازین ئەو چاوگەیە، کە بە شێوەی (نازکردن) ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لە بەکارهێنانی دا لەگەڵ جێناوی خۆییدا بەشێوە ڕەسەنەکەی خۆی بەکاردێت،، ڕەگەکەشی وەکو ناوێکی ئەبستراکت بەکاردێت.

له + خۆ + ڕادیتن ← لەخۆڕادیتن

له + خۆ + ڕاپسکان ← لەخۆڕاپسکان

له + خۆ + ڕازی بوون ← لەخۆڕازی بوون

له + خۆ + ڕاپەڕین ← لەخۆڕاپەڕین

جێناوی خۆیی + پێشبەند + ئاوەڵناو + چاوگ

خۆ + به + زل + زانین ← خۆ بە زل زانین

خۆ + له + گێڵی + دان ← خۆ لە گێڵی دان

جێناوی خۆیی + چاوگ + پاشبەند + ئاوەڵکار

خۆ + دان + ه + پاش ← خۆدانەپاش

خۆ + دان + ه + پێش ← خۆدانەپاش

خۆ + دان + ه + بەر ← خۆدانەبەر

جێناوی خۆیی + پێشبەند + ئاوەڵکار + چاوگ

خۆ + به + کەم + زانین ← خۆ بەکەم زانین

ناو + جێناوی خۆیی + چاوگ

سەر + خوه + بوون ← سەرخوەبوون

جێناوی خۆیی + پێشبەند + ناو + چاوگ

خۆ + بە + ژن ← زانین خۆبەژن زانین

خۆ + بە + پیاو ← دانان خۆبە پیاودانان

پێشبەند + جێناوی خۆیی + پاشبەند + چاوگ

لە + خۆ ← ڕا + دیتن لەخۆڕادیتن

جێناوی خۆیی + پاشگر + چاوگ

خۆ + یی + بوون خۆیی بوون

پێشبەند + جێناوی خۆیی + ڕەگی کار

لە + خۆ + ڕیان(203) لەخۆڕیان

(١٢٥) (ڕیان) چاوگێکە بۆ نموونە لە ڕستەی (دەخوا و دەڕی ) لە پەندی کرردیدا، واتە ( دەخوا و دەکات ) زیاتر بۆ پیسایی کردنی ئاژەڵیش دێت، بەتایبەتی سەگ.

# ئه نجام

# ئه نجام

## ٣) جێناوی خۆیی لەڕووی ڕستەسازییەوە :

### ١/٣) جێناوی خۆیی لە باری خۆبەخۆیی [٢٠٤](Reflexive)دا:

هەرچەندە لە کارەکانی پێشووی ڕێزماننووسانی کورددا [٢٠٥]، باسی خۆبەخۆیی وەك دیاردەیەکی سینتاکسی کراوە، بەڵام بە تێر و تەسەلی باس لە هەموو لایەنەکانی نەکراوە مافی خۆی نەدراوەتیٚ [٢٠٦].

ڕیفلێکسیڤ (Reflexive) وەکو زاراوە لە زمانی کوردیدا بە واتای "تەکدانەوە" [٢٠٧]یان ڕەنگدانەوە دێت، کەدەتوانین بڵێین ئەو حاڵەتەیە کە لە ڕستەدا بکەر و بەرکار لە یەك کەسدا کۆ دەبنەوە یان سەر بە هەمان قەوارەنە و، پەیوەندییەکی نیشانەیی لە نێوانیاندا هەیە [٢٠٨]. لەوبارەیەوە دیڤید کریستەل بەم شێوەیە پێناسەی کردووە **"ریفلێکسیڤ چەمکێکە لە ڕێزمانی وەسفی بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەو کارو پێکهاتانەی کە تیایدا بکەر و بەرکار پەیوەستن بە هەمان قەوارەوە."** [٢٠٩]

---

([١]) بەرانبەر بە زاراوەی (Reflexive) و ( وەکو چــەمك وشەکانی (ڕەنگدانەوە، تەکدانەوە، بەرپەردانەوە)مان هەیە، بەڵام وەکو چــەمك و ) پاچڤەی سەر زمانی کوردی بکەین، reflexiveدیاردە، زاراوەی (خۆبەخۆیی)مان بەکارهێنا، کە هەرچەندە، گەر وشەی ( واتای ڕەنگدانەوە دەگەیەنێت، کە لە عەرەبیدا بە (الانعکاسي) ڕۆیشتووە. بەڵام بەهۆی ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکە لە زاراوەی (خۆبەخۆیی) و تائێستاش ئەم زاراوەیە لەکوردیدا ناونەنراوە، بە پێویستمان زانی ناوێکی کوردی پڕ بە پێستی دیاردەکە، دابنێین، نەك پاچڤەی وشەیی زاراوەکە بکەین.

([٢]) نووسەرانی وەك (تۆفیق وەهبی، نوری عەلی ئەمین، د.نەسرین فەخری، د.زەریٚ یوسۆپۆڤا، صادق بەهائەدین، جەلادەت بەدرخان، د.کوردستان موکریانی، نیعمەت عەلی سایە ... چەند نووسەرێکی دیکە) باسیان لەم دیاردەیە کردووە.

([٣]) بۆ نموونە ئەم نووسەرانەی لەسەرەوە ناومان بردن. هەریەکەیان بەکورتی لەم دیاردەیە دواون، بەڵام تەنیا ئاماژەیان بەو ئەرکە کردووە کە جێناوی خۆیی لەم بارەدا دەینوێنیٚ، ئەویش ئەرکی بەرکار و تەواوکەری ڕاستەوخۆیە، باسیان لە لایەنەکانی دیکەی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لەم بارەدا نەکردووە.

([٤]) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤ :١١٠).

(٥) Quirk, R and etal (1988:357).

(٦) Crystal, David (2003:392).

**جێناوی خۆیی بە پێی چەند یاسایەکی ڕستەسازی بەشداری لە ڕستەدا دەکات، کە ئەوانیش یاسای (بەخورتەکی و بەئارەزوو)ن [210]. لە زمانی کوردیدا، کە ئەو یاسایە پەیڕەودەکرێت، بەسەر جێناوی خۆییش دەسەپێنرێت [211].**

**ئەم یاسایە وەکو پێویستی ڕستەسازی هاتۆتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێك ئەگەر زیاتر لە ناوێك پەیوەندییان لە دروستەی قوڵی ڕستەدا لەسەر بناغەی هەیی دابێت و هەریەکەیان کەوتبنە فریزێکەوە، ئەوا ناوە دووبارەکراوەکان بە یاسایەك (خۆ) جێگایان دەگرێتەوە [212]. بەواتایەکی دیکە کاتێ کە بکەر لەگەڵ دانە ڕێزمانییەکانی (بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بەرکاری پریپۆزیشنی داواکراو [213]، دەرخەر لە فریزی خۆیەتی) [214]دا، هاوئاماژە دەبێت، جێناوی خۆیی وەك پێویستی بەخورتی بەشداری لە ڕستەکەدا دەکات و شوێنی ناوێك یان جێناوێك دەگرنەوە، بەمەش دیاردەی ڕەنگدانەوەی بکەر و بەرکار لە هەمان کەسدا دێتە کایەوە بەم حاڵەتەش دەوترێ خۆبەخۆیی(Reflexive) .**

## ٣/١-١) بنەڕەتی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لە باری خۆبەخۆیی:

**بەرکاری ڕێزمانییەکانی (بەرکار، کاتێ لە ڕستەدا ناوێك یان جێناوێك ئەرکی دانە ناڕاستەوخۆ، دەرخەر لە فرێزی ناویدا، بەرکاری ناڕاستەوخۆی داواکراو) دەبینن و،**

---

(٧) ئەم دوو یاسایە بەشێکن لە یاسا تایبەتییەکانی گوێزانەوە، کە لە زمانی کوردیدا پیادە دەکرێن .

أ- یاسا بەخورتیەکان : ئەو یاسایانەن کە بە خورتی لە ڕستەدا پیادە دەکرێ و پێویستیە، ڕستە لە دروستەی ڕووکەشدا بەبێ پیادەکردنیان بەرهەم نایەت.

ب- یاسا بە ئارەزوییەکان : پیادەکردن و نەکردنیان ، کاریگەری بەسەر بەرهەمهێنانی ڕستە لە دروستەی ڕووکەشەوە نییە ، بە پیادەکردنیشیان ڕستەکە دەبێتە داڕێژراو .

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: دیار علی کمال (٢٠٠٢ :٥٩).

(٨) سەلام ناوخۆش : (٢٠٠٥: ٦٨).

(٩) وریا عومەر ئەمین (١٩٩٨ :٧).

(١٠) محەمەد مەحوی (٢٠٠١ :١١٥).

(١١) Quirk, R and etal(1988:357).

**هاوئامازە دەبن لەگەڵ بکەرەکانیان و چەمکی ڕیفلێکسڤیان تێدا ڕەنگ دەداتەوە، پێویستە جێناوی خۆیی جێگایان بگرێتەوە، پەیوەندی نێوان ئەم دیاردەیە دەربڕن.** [215]

**لە هەندێ زماندا ئەم پەیوەندییە بەبێ ئامادە بوونی جێناوی خۆیی دەردەبڕێت. لە ڕێگای چەند شێوازێکی جیاوازەوە، وەك بەکارهێنانی مۆرفیمە بەندەکان (پاشگر و پێشگر) و نیشانەی دۆخ، هەمان مانای گوتەیی دەردەبڕن و چەمکی خۆبەخۆیی دەگەیەنن** [216].

**ئێستا سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:**

**(١) أ- ئەو ئەوی لە ئاوێنەدا دیت.**

**ب- ئەو <u>خۆی</u> لە ئاوێنەدا دیت.**

---

(٢[١]) ئەم دیاردەیە بەپێی قوتابخانەو تیۆرە جیاوازەکان لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت . بەپێی ڕێزمانی گێزانەوە بەکارهێنانی جێناوی خۆبەخۆیی ئامازە بەیاسایەك دەکات کە ڕاناوە خۆبەخۆییەکە لە ڕستەدا دەینوێنێت. لەفۆرمەلەکردنێکدا بە گۆڕینی خەسڵەتی سینتاکسی بەرکاری جێناوە کەسییەکان لە (ـ ڕیفلێکسیڤ) بۆ (+ڕیفلێکسیڤ) کاتێك کە هاوئامازە دەبێت لەگەڵ بکەرەکەدا.

بنەڕەتی بەرهەمهێنانی ئەنافەرن _ کە پۆلێکە PRO)یشدا خۆبەخۆییەکان لەگەڵ شوێنپێی فرێزی ناوی و GBلە تیۆری ( Crystal , David (2003:392) لە لە فرێزی ناوی .بڕوانە:

ئەنافەریش بریتییە لەو بەکارهێنانەی جێناوەکان کە ئامازەن بۆ پێش خۆیان. بڕوانە: هۆگر مەحمود فرج(٢٠٠٣: ٥٨).

هەروەها بەپێی ئەم تیۆرە جێناوی خۆیی بە جێناو دانانێ و بەیەکێك لە ئەنافەرەکانی زمانی کوردی دادەنێ لەبەرئەوەی لەناو دانە ڕێزمانییە حوکمکەرەکەیدا بەستراوە بەو وشەیەی کەبۆی دەگەڕێتەوە (وەچەبەستێنەر) هاوئامازەیە لەگەڵی، وەچە ئاراستە دەکرێن و، لەڕووی کەس و ژمارەوە هاونیشانەن.

ئەم ئەنافەرانەش وەك دانەیەکی ڕێزمانی DP- باریش جۆرێکە لە فرێزی ناوی ، بەڵام بەپێی گریمانەیX بەپێی تیۆری بە دەرخەر دانراون، لەبەرئەوەی مانایەکی وەسفی دیاریان نییە، دەبنە سەرەی فرێزی دەرخەری. بڕوانە : تارا موحسن قادر وشە دەرخەرەکە دەبێتە سەرە ی فرێزە کە، بۆیەش بە فرێزی ناوی دەوترێت فرێزی GB(٢٠٠٤: ١٢٠) ."بەپێی تیۆری دەرخەر". بڕوانە : هەمان سەرچاوە (٢٠٠٤: ١٠١) .

(٣[١]) هەروەك کریستەل دەڵێ: لە زمانی ئینگلیزیدا ، بەبێ بوونی ئەم جێناوە چەمکی خۆبەخۆیی دەردەبڕێت اوەك shaved myself) ( بڕوانە: Crystal, David (2003:392).

لەزمانی کوردیشدا هەرچەندە ئەم جۆرە بەکارهێنانە نییە بەڵام لە شێوەزاری هەولێردا لە دروستەی ڕووکەشدا ئەم جۆرە ڕۆنانە بەرچاو دەکەوێت وەك : هەمان ڕستە ئینگلیزییەکە لە جیاتی (خۆم تراش دەکەم ) دەبێتە (تراش دەبم).

لە (١أ)دا، ئەگەر (ئەو)ی بەرکار لەگەڵ (ئەو)ی بکەردا دوو کەسی جیاواز بن، ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی ئاساییە، ئەگەریش هاوئاماژەبێت لەگەڵ بکەر، ئەوا دەبێت وەکو (١ب) بە جێناوی خۆیی جێگیر بکرێت. لە ڕستەی (١پ)دا بکەرو بەرکار هاوئاماژە نین، بۆیە ناتوانین، بەرکار بە جێناوی خۆیی جێگیر بکەین، ئەگەرنا وەکو (١ت) ڕستەکە ناڕێزمانی دەردەچێت.

(٢) أ- ئەو کتێبەکەی بۆ <u>خۆی</u> کڕی.

ب- ئەو کتێبەکەی بۆ من کڕی.

پ- من ئێوە بەمن دەزانم.

ت- من ئێوە <u>بەخۆم</u> ئەزانم.

لە (٢أ)دا بەرکاری ناڕاستەوخۆ هاوئاماژەیە لەگەڵ بکەر بۆیە بەجێناوی خۆیی جێگیر کراوە، چونکە چەمکی خۆبەخۆیی لە نێوان بکەر و بەرکاری ناڕاستەوخۆ هاتۆتە کایەوە و، هەردووکیان هاوئامازەن. لە (٢ب)دا بکەر و بەرکار سەربە هەمان قەوارە نین، بۆیە ناکرێت، بە جێناوی خۆیی جێگیر بکرێت. لە (٢پ)دا بەرکاری ناڕاستەوخۆ کە بە یاریدەی پێشبەندی (بە) دروست بووە هاوئاماژەیە لەگەڵ بکەر بۆیە بە جێناوی خۆیی جێگیر کراوە لە (٢ت)دا.

(٣) أ- نەسرین کتێبەکانی نەسرینی هەڵگرت.

ب- نەسرین کتێبەکانی <u>خۆی</u> هەڵگرت.

لە ڕستەی (٣أ)دا دەرخەری فرێزی ناوی لەگەڵ بکەردا هاوئامازەیە بۆیە دەکرێت ڕستەکە وەکو (٣ب) بە جێناوێکی خۆیی جێگیر بکرێت.

لەو کارانەی کە چەمکی گوێزانەوەیان تێدایە [217]، بەرکارەکانیان، بەرکاری ناڕاستەوخۆن و کار داوایان دەکات، وەکو پێویستیەك یان کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستە خۆیان دەنوێنن [218]. ئەگەر هاوئامازەبن لەگەڵ بکەری ڕستەدا بە جێناوی خۆیی جێگیر دەکرێن، چونکە چەمکی ڕیفلێکسیان تێدایە و دەگەڕێنەوە بۆ بکەرەکە.

(٤) أ- تۆگرنگی <u>بەخۆت</u> بدە.

- تو گرنگی بە وێت بدە.

ب- ئەو بڕوای <u>بەخۆی</u> کرد/هێنا.

پ- من ماف <u>بەخۆم</u> دەدەم.

ت- کتێبەکەم <u>بەخۆم</u> دا.

ج- ڕزگار شانازی بەخۆی دەکات.

لەم ڕستانەی سەرەوە کارەکان جگە لە بەرکاری ڕاستەوخۆ داوای بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ دەکەن و، لەگەڵ بکەردا هاوئامازە دەبن، بۆیە بە جێناوی خۆیی جێگیرکراون.

(٥) أ- ئەم کتێبە هی خوێنکارە زیرەکەکەیە.

ب- ئەم کتێبە هی منە.

بەئارەزوون

---

(٤) وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦: ١٨٢).

(٥) محەمەد مەحوی (٢٠٠١: ١١٥).

پ_ ئەم کتێبە هی خۆمە.

ت- منی زیرەك.

ج- خۆمی زیرەك G.

چ- ئازادی زیرەك.

ح- خۆی زیرەك G.

ڕستەکانی (٥) ئەوە نیشان دەدەن ئەگەر فریزێکی ناوی بە وشەیەکی دیکەی وەك ئاوەڵناوێك دیارخرابوو، یان فریزێکی ناوی تەواوکەری کارێکی (بوون) بوو، ناتوانیٚ شوێنی سەرەی فریزەکە بگرێتەوە، بەڵکو شوێنی فریزەکە بەتەواوی دەگرێتەوە .

لە رستەی ئالۆزدا مەرج نییە لەگەڵ بکەردا هاوئامازە بێت ، بەڵکو بکەری ڕستەی سەرەکی لەگەڵ بکەری پاڕستەکە، یان بەرکاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ بکەر یان بەرکاری پاڕستەکە هاوئامازە دەبێت، ئەوسا هاوئامازەکان لە پاڕستەکەدا، لە دروستەی ڕووکەشدا بە کەرەستەیەکی بەتاڵ جێگیر دەکرێن، یان بە جێناوی خۆیی. کەرەستە بەتاڵەکەش ئەگەر هاوئامازەنەبێت لەگەڵ بکەری ڕستەی سەرەکی،ناتوانرێت بکرێتە کەرەستەیەکی بەتاڵ.

(٦) أ- هێرش وادەزانێت، هێرش بەیەکەم دەردەچێت.

ب- هێرش وادەزانێت،خۆی بەیەکەم دەردەچێت.

پ- هێرش وادەزانێت، بەیەکەم دەردەچێت.

ت- هێرش وادەزانێت، من بەیەکەم دەردەچم.

ڕستەی (٦أ)چونکە بکەری ڕستەی سەرەکی هاوئاماژەیە لەگەڵ بکەری پاڕستە بۆیە دەبێت وەك (٦ب) بە جێناوی خۆیی جێگیر بکرێت، یان بکرێت بە کەرەستەیەکی بەتاڵ وەك (٦پ)، بەلاٚم لە ڕستەی (٦ت) چونکە بکەری پاڕستە هاوئاماژە نییە لەگەڵ بکەری ڕستەی سەرەکی بۆیە ناتوانین هیچ لەو یاسایانەی بەسەردا بسەپێنین.

(٧) أ- ئەو داوای لە هێرۆ کرد، کە هێرۆ داوەت بێت.

ب- ئەو داوای لە هێرۆ کرد، کە داوەت بێت.

پ- ئەو داوای لە هێرۆ کرد، کە خۆی داوەت بێت.

لە ڕستەی (٧أ)دا بەرکاری ناڕاستەوخۆ ، هاوئاماژەیە لەگەڵ بکەری پاڕستەکە، بۆیە دەکرێت وەکو ڕستەی (٧ب) بکرێتە کەرەستەیەکی بەتاڵ یان بە جێناوێکی خۆیی جێگیر بکرێت وەکو (٧پ).

(٨) أ- ئازاد بەرەو دەرگاکە ڕای کرد، بۆ ئەوەی ئازاد لە ئاگرەکە ڕزگار بکات.

ب- ئازاد بەرەو دەرگاکە ڕای کرد، بۆ ئەوەی خۆی لە ئاگرەکە ڕزگار بکات.

پ- ئازاد بەرەو دەرگاکە ڕای کرد، بۆ ئەوەی لە ئاگرەکە ڕزگار بکات.*

بکەری ڕستەی سەرەکی لە (٨أ) هاوئاماژەیە لەگەڵ بەرکاری ڕاستەوخۆی پاڕستەکە، بۆیە دەکرێت وەکو (٨ب) بە جێناوێکی خۆیی جێگیر بکرێت، بەلاٚم ناشێ بکرێت بە

کەرەستەیەکی بەتاڵ وەك ڕستەی (٨پ) ناڕێزمانی دەردەچێت، چونکە لە هیچ زمانێکدا ڕێگا نادرێت بەرکار بکرێت بە کەرەسەیەکی بەتاڵ (219).

(٩) أ- دارا بەوە ناسراوە، کە دارا موعجیبی خۆیەتی.

ب- دارا بەوە ناسراوە، کە موعجیبی دارایە.*/ناهاوئاماژە

پ- دارا بەوە ناسراوە، کە موعجیبی خۆیەتی.

ت- دارا بەوە ناسراوە، کە خۆی موعجیبی خۆیەتی.

لە (٩أ) بکەری ڕستەی سەرەکی هاوئاماژەیە لەگەڵ نیهادی پاڕستەکە و تەواوکەری کاری (بوون) لە پاڕستەکەدا، بۆیە دەشێت یان وەکو (٩پ) نیهادی پاڕستە بکرێت بە کەرەستەی بەتاڵ و تەواوکەرەکەش بە جێناوی خۆیی جێگیر بکرێت، یان نیهادەکەش بە جێناوی خۆیی جێگیربکرێت وەك (٩ت)، بەڵام (٩ب) ناهاوئاماژە دەبێت، یان ناڕێزمانی.

(١٠) أ- کە باوکی دلێر نەما، دلێر کارەکانی بەڕێوە دەبرد.

ب- کە باوکی دلێر نەما، خۆی کارەکانی بەڕێوە دەبرد.

پ- کە باوکی نەما، خۆی کارەکانی بەڕێوەدەبرد.

لە ڕستەی (١٠أ)دا بکەری ڕستەی سەرەکی و دەرخەری بکەری پاڕستەکە، هاوئاماژەن، بۆیە لە (١٠ب)دا بکەری ڕستەی سەرەکی بە جێناوی خۆیی جێگیر کراوە، یان دەشێت وەك (١٠پ) دەرخەرەکە بە کەرەستەیەکی بەتاڵ و بکەرەکە بە جێناوی خۆیی جێگیر بکرێت.

---

([١]٦) تارا موحسن قادر (٢٠٠٤ :٥٧).

(١١) أ- كوڕەكەی تۆ لەگەڵ من بوو.

ب- كوڕەكەی من لەگەڵ خۆم بوو.

پ- كوڕەكەی خۆم لەگەڵ خۆم بوو.

ت- كوڕەكەم لەگەڵ خۆم بوو.

ج- كوڕەكەی خۆم لەگەڵ/لەلای خۆمە.

لە ڕستەی (١١أ) دەرخەری فرێزی ناوی لە ئەركی نیهاددا سەر بەهەمان كەس و ژمارەی فرێزی ناوی لە ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆی كاری بوون نییە. بۆیە پێویست ناكات هیچ یەكێك لە جێناوە كەسییەكان بە جێناوی خۆیی جێگیر بكرێت، بەڵام لە (١١ب)دا دوو جێناوە كەسییەكە هاوئامازەن بۆیە ڕستەكە گونجاو نییە و بەخورتی دەبێت یان وەكو (١١پ) هەردووكیان بەجێناوی خۆیی جێگیر بكرێن، یان وكو (١١ت) فرێزە ناویەكەی نیهاد بە جێناو بكرێت. لە (١١ج)دا هەردوو هاوئامازەكە بە جێناوی خۆیی جێگیر كراون،هاوشێوەی (١١پ)ە، بەڵام كاتی كارەكە جیاوازە.

(١٢)أ- ئۆتۆمۆبێلەكەی من هی خۆمە.

ب- ئەم ئۆتۆمۆبێلە هی خۆمە.

پ- ئۆتۆمۆبێلەكەی خۆم هی خۆمە.*

لە (١٢أ)دا فرێزی ناوی لە ئەركی نیهاد و فرێزی ناوی سەر بە فرێزە كاریەكە، هەردوكیان فرێزی خۆیەتین بۆ یەك ناو، بۆیە ڕستەكە ناڕێزمانی دەردەچێت.دەشێت وەكو

(١٢ب)ی لێبکرێت، کە زیاتر بۆ جەخت کردن بەکاردێت، بەڵام نابێت وەکو (١٢پ) فرێزە ناوییەکەی ئەرکی نیهاد بە جێناوی خۆیی جێگیر بکرێت.

### ٢-١/٣ ) بەخورتی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی:

بەخورتی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی واتە وەك پێویستی لە ڕستەدا دێت و وشەیەکی دیکە شوێنی ناگرێتەوە، بەڵکو خۆی بەخورتی شوێنی ناو/جێناوێك دەگرێتەوە. ئەمەش بەو مەرجەیە کە لەگەڵ بکەردا هاوئاماژە بێت[220].

#### لە دۆخی بەرکاریدا: ٣/١-٢-١ )

جێناوی خۆیی لەگەڵ چەند جۆرە کارێکدا بە خورتی بەکاردێت، کاتێك دەبێتە بەرکار لەگەڵ بکەردا هاوئاماژە دەبێت، هەمیشە دۆخی بەرکاری وەردەگرێت.

أ- لەگەڵ کاری هەمیشە خۆبەخۆیی[٢٢١]:

ئەو کارانەن کە هەمیشە خۆبەخۆیین و پێویستیان بە جێناوی خۆیی هەیە بۆ دەربڕینی بەرکارەکە، چونکە کارەکە لەلایەن هەمان کەسی بەرکار ئەنجام دەدرێت و هەرخۆشی بەبەر کارەکە دەکەوێت، بە واتایەکی دیکە ئەو کارانەی پێویستیان بە کەسێکی دیکە نییە بۆ

---

(١٧) Quirk , R and etal (1988:359).

(١٨) مەبەست لە هەمیشە خۆبەخۆیی ئەوەیە کە هەردەم هاوئاماژەیە لەگەڵ بکەرەکەیدا و ناتوانین بۆ کەسێکی دیکەیدا بەکاربهێنین، کە سەربە هەمان قەوارەی بکەرەکە نەبێت. بۆنموونە: ناتوانین بڵێین:

*ئەو منی بەختکرد.

ئەو من لە گێلی دەدات. *

من لە قەرەی ئەوانە مەدە. *

تۆ خۆش دەکات بێتە جێگای من. *

**ئەنجام دانی پرۆسەیەك، ناتوانرێت بەرکارەکە بکرێت بە کەسێکی دیکە هاونیشانە نەبێت لەگەڵ کەسی بکەرەکە.**

**ئەو خۆی لە پێناو وڵاتەکەی بەخت کرد.**

**ئەو خۆی لە گێلی دەدات.**

**خۆت لە قەرەی ئەوانە مەدە.**

**بەدەم ئازارەوە خۆی ئەخواتەوە**(222).

**خۆی خۆش دەکات بێتە جێگای من.**

**ب–لەگەڵ کاری نیمچە خۆبەخۆیی :**

**ئەو کارانەی کە دەکرێت جێناوی خۆیی لابدرێت و واتاکەی نەگۆڕێت و، کارنەکاتە سەر واتاکەی. وەك ئەم کارانەی خوارەوە:**

**هێندە دڵتەڕە، ڕۆژێ دوو جار خۆی تراش دەکات.**

**هێندە دڵتەڕە، ڕۆژێ دوو جار تراش دەکات.**

**ئەم کارانەش هەمان مەبەستیان هەیە: (خۆی دڵخۆشکرد، خۆی ونکرد، خۆی ئامادەکرد، خۆی شوشت، خۆی لەبەرکرد، خۆی جیاکردەوە، خۆی جێگیرکرد، خۆی دوودڵ کرد).**

---

**([١]) ئەم ڕستەیە جیاوازە لەگەڵ ئاو ئەخواتەوە ، ناتوانین لە شوێنی (خۆ) وشەیەکی تر بەکاربهێنین، ئەگەرنا چەمکی ئەم کارە گۆڕانی بەسەرەدادێت. بەدەم ئازارەوە من /ئاو دەخواتەوە– واتاکەی گۆڕاوە ،بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم کارە هەمیش خۆبەخۆییەو تایبەتە بە (خۆ) و ناتوانین کەسێکی دیکە بکەینە بەرکار.**

پ- لەگەڵ کاری ناخۆبەخۆیی:

ئەو کارە خۆبەخۆییانەی کە تێپەڕن، بەڵام بە جێناوی خۆییەوە نەبەستراونەتەوە.

وەك:

ئازاد لە هەمبەر ڕووداوەکەی دوێنێ لۆمەی خۆی کرد.

هیچ کەس لە ڕووداوەکەی دوێنێ لۆمەی خۆی نەکرد.

ئازاد لە هەمبەر ڕووداوەکەی دوێنێ خۆی تاوانبارکرد.

هیچ کەس لە ڕووداوەکەی دوێنێ ئازادی تاوانبار نەکرد.

دایکی نەسرین پێش کاتژمێر "٨" خۆی لە خەو هەڵدەستێنێت.

ئازاد ڕێزی خۆی دەگرێت/ ئازاد ڕێزی باوکی دەگرێت.

ئازاد ڕقی لە خۆی دەبێتەوە/ ئازاد ڕقی لە من دەبێتەوە.

خۆی ئیقناع دەکات/ئەو ئیقناع دەکات.

خۆی لەبەر دەکات.

**لە دۆخی تیاندا: ٣/١-٢-٢ )**

أ- کاتێ جێناوی خۆیی بە یارمەتی پێشبەندێك دەبێتە تەواوکەری واتای ڕستەکە و- پێی دەوترێت بەرکاری ناڕاستەوخۆ- لەگەڵ بکەرەکەدا هاوئاماژە دەبێت، جێگیرکردنەکەی بە جێناوی خۆیی بە خورتی دەبێت و ناشێت جێناوێکی کەسی یان

ناوێك جێگای بگرێتەوە، بە تایبەتیش لەو کارانەی کە چەمکی گوێزانەوەیان تێدایەو پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەو و کارەکەدا هەیە، کە ئەوانیش دوو جۆرن، هەندێکیان هەمیشە خۆبەخۆیین، وەك:

خەوی لە خۆی خستووە.

ئەو دان بەخۆی دادەگرێت.

ئەوان بە خۆیان کەوتن.

لە شەرمان سەری لەبەر خۆی نا.

هەرچی ئەم ڕستانەی خوارەوەیە هەمیشە خۆبەخۆیی نین، بەڵام ئەگەر هاوئاماژەبن لەگەڵ بکەرەکەیان بەخورتی بەکاردێن.

چاوی لە هەڵەکانی خۆی پۆشی.

ناوێکی خۆشی لە خۆی ناوە.

هەست بە خۆی دەکات.

ئەو نازانێت چی بەخۆی دەکات.

شەرم لە خۆی دەکات.

حەق بە خۆم دەدەم.

تۆش لەگەڵ خۆم دەبەم.

چیرۆکەکەی لەسەر خۆی داناوە.

**ڕاپۆرتێکم لەبارەی خۆم نووسی.**

**ئەم کراسە بۆخۆمە.**

**ب- کاتێك جێناوی خۆیی لە باری خۆیەتیدا بێت و، لەگەڵ بکەرەکەدا هاوئامازەبێت، بە هەمان شێوە بەخورتی دەبێت. ئەوانیش هەندێکیان هەمیشە خۆبەخۆیی دەبن، چونکە ناکرێت ئەو شتەی کە ئەو بۆتە خاوەنی، لەم فرێزە خۆیەتییەدا، بۆکەسێکی دیکەی جگە لە خاوەنەکەی بگەڕێتەوە.**

**بەپێی من هاتم بۆ لات.***

**بەپێی خۆم هاتم بۆ لات.**

**بەپێی خۆم هات بۆ لام. ***

**بە ئوتۆمبیلەکەی من هات بۆلام** [223].

**بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆم هات بۆلام.**

**پ- لەگەڵ فرێزی بەندا، کاتێك جێناوی خۆیی لە چوارچێوەی فرێزێکی بەندایەو دەبێتە گوزارەی کاری بوون و، هاوئامازە دەبێت لەگەڵ فرێزێکی ناوی لەباری خۆیەتیدا، کە جێناوی خۆیی دەرخەری فرێزەکە بێت، لە ئەرکی نیهادی ڕستەکەدا، جێگیرکردنەکەی بەخورتی دەبێت.**

**کوڕەکەی خۆم لەگەڵ خۆم بوو.**

---

(٢٠) ئەم ڕستەیە ئاساییە و نامۆ نییە، بەڵام کەم بەکاردێت.

کتێبەکەی خۆم لە لای خۆمە.

کوڕەکەی من لەگەڵ خۆم بوو.*

## ٣-١/٣ ) بەئارەزوو بەکارهێنانی جێناوی خۆیی:

جێناوی خۆیی وەکو هەر بەکارهێنانێکی دیکە دەشێت بەکارهێنانەکەی بەئارەزوو بێت، ئەگەر لەگەڵ بکەردا هاوئامازە نەبوو. یان لە دۆخی بکەری یان باسلێکراودا بوو.

خۆم پێی ئەڵێم [٢٢٤]. ⟵ من پێی ئەڵێم.

خۆم دێم بۆ لاتان. ⟵ من دێم بۆلاتان.

کاتێك جێناوی خۆیی دەبێتە تەواوکەری کارێکی (بوون)، ئەگەر نیهادی ڕستەکە فرێزێکی خۆیەتی نەبێت، بەکارهێنانەکەی بە ئارەزوو دەبێت.

ئێرە وڵاتی خۆمانە. ⟵ ئێرە وڵاتی ئێمەیە.

ئەم ئوتۆمۆبێلە هی خۆمە. ⟵ ئەم ئوتۆمۆبێلە هی منە.

ئەو فرێزە ناویانەی کە بەیاریدەی جێناوی خۆیی پێکهاتوون [٢٢٥] وەك: (لەگەڵ خۆم، لە بارەی خۆم، هەر خۆم، وەك خۆم، یاخۆم یاخۆت) دەشێت جێناوە خۆییەکە لابرێت و، کار لەواتای ڕستەکە نەکات.هەروەها لە فرێزی ناوی (خۆم وخۆت) [٢٢٦]دەشێت بەئارەزوو بکرێت بە جێناوێکی کەسی.

هەرخۆم دێم بۆلات. ⟵ هەر من دێم بۆلات.

چەند کەسێکی وەك خۆم. ⟵ چەند کەسێکی وەك من.

یاخۆم یاخۆت. ⟵ یامن یاتۆ.

خۆم و خۆت. ⟵ من و تۆ.

---

([١]) هەرچەند ئەم ڕستەیە ڕووکەشانە (خۆ) وا خۆی نیشان دەدات، کە واتای جەختکردن دەدات. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە ئەو جێناوەی، کە شوێنی گیراوەتەوە، کە (من)ە، نیمچە چەمکێکی جەختکردنەوەی تێدایە.

([٢]) ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی (١٩٩٦: ٢٩).

([٣]) هەمان سەرچاوە (١٩٩٦: ٢٤)

## ٢/٣) جێناوی خۆیی لە باری جەختکردندا :

### ٢/٣-١ ) پێناسەی جەختکردن:

بۆ نەهێشتن و لابردنی گومان و دوودڵییە، لەسەر قسە (الحدیث) یان قسە لەسەرکراو (المحدث عنە) [٢٢٧]. کاتێك لە ئاخاوتندا قسەکەر/ گوێگر گومانی لە قسەیەکدا لا دروست دەبێت، ئەوکاتە جەختکردن (پێداگرتن) دێتە ناو ئاخاوتنەوە، ئەو گومان و دڵەڕاوکێ نادیارە لەسەر قسەلەسەرکراو یان قسەکەر خۆیدا دەڕەوێنێتەوە [٢٢٨]، یان بۆ دڵنیاکردنەوە لە ڕوودان و ڕوونەدانی کارو کردەوەیەك لە ئاخاوتندا لەلایەن قسەکەر بەکادەهێنرێت [٢٢٩].

ئەم جەختکردن کردنە لە ڕێگای ڕستەو ئامرازی تایبەت بە جەختکردنەوە ئەنجام دەدرێت، یان لە ڕێگای هێزو ئاوازەوە دەبێت [٢٣٠]، کە دەخرێتە سەر ئەو بەشەی ڕستەکە، کە گومانی لەسەرە، یانیش لە ڕێگای سوێندخواردنەوە ئەو گومانە دەڕەوێنرێتەوە و بەرامبەرەکەی دڵنیا دەکرێت.

جەختکردنکردن دوو جۆری هەیە، یەکەمیان بە دووبارەکردنەوەی وشەیەك یان ڕستەیەك دەبێت [٢٣١] [٢٣٢]، یان لە ڕێگای ئەو وشە و ڕستانە دەبێت، کە واتای جەختکردن دەگەیەنن [٢٣٣]. هەروەها پەیوەندی بە لایەنی پراگماتیکی ئاخاوتنەوەش هەیە [٢٣٤].

---

([٢]٤) أ.د.هادي نهر ( ٢٠٠٤: ٩٤).

([٢]٥) احمد زكي صفوت (١٩٦٣: ١٢٦).

([٢]٦) ڕەفیق شوانی (٢٠٠١: ١٩١).

([٢]٧) طالب حسين علی (١٩٩٨: ٤٣).

([٢]٨) ئەم جۆرە جەختکردن کردنە لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی وشە یان ڕستەوە دەبێت. وەك: بەڵێ بەڵێ ... ، نا نا ... ، منم من ... ، باشە باش ... ، ئێ ئێ ... هتد. بڕوانە: نوری عەلی ئەمین (١٩٥٦: ٩٧).

زۆرجار ئەم دووبارە کردنەوەیە بۆ بەئاگا هێنانەوەی گوێگر بەکاردێت، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە جەختکردنە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نییە، بۆیە بە پێویستی نازانین زیاتری لەسەر بدوێین.

([٢]٩) لە زمانی ئینگلیزیدا زیاتر پشت بە هێز و ئاواز دەبەسترێت، بەڵام لە عەرەبیدا پشت بە دانەی فەرهەنگی دەبەسترێت. بڕوانە: Muhammad .B . Ahmmed (1990:1,50)

([٣]٠) لە زمانی کوردیدا چەند وشە و ئامرازێك هەیە، کە لە بەکارهێناندا، دەتوانن واتای جەختکردنیش بدەن، کە ئەویش بەپێی گونجان و چەند مەرجێکی دیاریکراوەوە دەبێت، کە ئەو واتایەی لێبوەشێتەوە. لەوانەش وشەی (خۆ) کە چەند ئەرك و ڕۆڵ وباری دیکەش دەنوێنێت، یەکێك لەو بارانەش ئەوەیە لە ئاخاوتندا واتای جەختکردن دەگەیەنن، کەئەمش کرۆکی باسەکەمانە، هەروەها هەندێ ئامرازی دیکەی وەك: (با، دەبا، دە، دەی، کە، هەر، وا ، دەسا، ها) بە مەبەستی جەختکردن بەکاردێن. بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: ڕەفیق شوانی (٢٠٠١: ١٩٢).

هەندێ جار جەختکردن کردن لە ڕێگای ئاوەڵکارێکەوە دەبێت بۆ دڵنیایی کردنی ڕوودانی کارێك، وەك: بڕیارەکە پەسەند کرا.

## ٢/٣-٢ ) جێناوی خۆیی لەجەختکردندا [٢٣٥] :

لە زمانی کوردیدا، جێناوی خۆیی بەشێکی زۆری پرۆسەی جەختکردنی ئاخاوتنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. پەیوەندی بە ناو و جێناوەوە هەیە، تەنیا جەختکردن لە کەس و شت دەکاتەوە، نەك لە ئەنجام دانی کردەوەدا. واتە ئەرکی جێناوی خۆیی لە باری جەختکردندا نەهێشتنی گومان و دوودڵییە لەسەر قسەکەر/قسە لەسەرکراو[٢٣٦]ە بۆ "هەڵگرتنی مەجاز لەسەر خود" [٢٣٧]. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین:

(١) پاشا هات.

گومان لای گوێگر دروست دەبێت، کە ئایا (پاشا) بە خۆی هاتووە یان کەسێکی دیکەی لە جێی خۆی ناردووە. ئەوکاتە بۆ نەهێشتنی نادڵنیایی لە هاتنی خودی پاشادا دەڵێین:

---

گوێگر گومانی هەیە لە چۆنییەتی پەسەندکردنی بڕیارەکە، ئەوکاتە دەڵێین:

بڕیارەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئەم جۆرە ڕستەیە جۆرە دڵنیاییەك دەداتە گوێگر، یانیش کاتێ دەپرسێت: کارەکەت جێبەجێ کرد؟ لە وەڵامدا دەڵێیت:

بەڵێ، گەر هەر دڵنیا نەبێت ئنجا دەڵێت: بەخوا جێبەجێم کرد.

واتە سوێندخواردن، ئەرکی دڵنیایی کردنەوە دەبینێت. هەندێ جاریش لە ڕێگای ئاوەڵناو یا جێناوی نادیارەوە ئەنجام دەدرێت:

- ئیشەکەت کرد.
- بەڵێ هەمووم تەواوکرد.

هەرچەندە ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا، ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، بەڵام بەگوێرەی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و لایەنە شاراوەکانی ئاشکرا نەکراون. ئێمەش بەگوێرەی باسەکەمان ئاوڕ لەو لایەنانە دەدەینەوە و ئەوەی پەیوەندی بە جێناوی خۆییەوە هەیە لێی دەدوێین.

([١]) واتە بە پێی دەقەکە و بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەرەوە گۆڕانکاری بەسەر دەقەکە دێت و گومان یان جەختکردنی دەکەوێتەناوێ.

([٢]) وشەی (خۆ) لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا، هەمان ڕۆڵ دەبینن، بەتایبەتیش لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیدا. لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر (نفس) دەوەستێت، بەشێکە لە جەختکردنی واتایی و لێکۆڵینەوەی ورد و پوختی لەسەر کراوە. ی پێدەوترێت. زاراوەی باری جەختکردن و (Assertive pronoun) یان (Emphatic pronoun)لە زمانی ئینگلیزیشدا خۆبەخۆییان بۆ جێناوی خۆیی جیاکردۆتەوە.

هادي النهر (٢٠٠٣ : ٢١٣). ([٣]) أ.د

احمد زكی صفوت (١٩٦٣: ١٢٦). ([٤])

(٢) پاشا خۆی هات[٢٣٨].

یان بۆ لابردنی گومان لای گوێگر، کە قسەکەر لە ئاخاوتنەکەیدا هەڵەی نەکردووە لە ناوهێنانی کەسەکەدا دەوترێت:

(٣) ئازاد خۆی هات.

کەواتە جێناوی خۆیی لە باری جەختکردندا لە ئەرکدا نەبێت، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ باری بەکارهێنانی خۆبەخۆیی‌دا نییە. لە زمانی ئینگلیزیدا گەر جێناوی خۆیی بۆ مەبەستی خۆبەخۆیی بەکار نەهات پێی دەوترێت (non-reflexively) لەباری جەختکردنیش بە (Emphatic pronoun)جێناوی جەختکردن ناودەبرێ[٢٣٩].

جێناوی جەختکردنیش بۆ چڕکردنەوەی جەختکردنە لە لایەنێکی دیاریکراو، کە دەمانەوێ جەختی لەسەر بکەین و دووپاتی بکەینەوە. ئەوسا هێز لەسەر جێناوەکە دادەنێین و، هەوڵی ئەوە دەدەین جیاوازی لە نێوان شتێك و ئەوانی دیکە بخەینە ڕوو، وەك:

(٤) تۆ خۆت نەخۆش بوویت.

لە (٤)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، کە تۆ خۆت نەخۆش بوویت نەك یەکێکی دیکە[٢٤٠].

لە باری جەختکردنیدا دەبێت هەمیشە جێناوی جەختکردن ، جەختکراوەکەی لە پێش بێت، ئەگەر نا نابێتە جەختکردن. واتە ئەو ناو یان جێناوەی، کە جێناوی خۆیی جەختی لێدەکاتەوە، دەبێت بکەوێتە پێش جێناوە خۆییەکە و نابێت لە ڕستەدا لابرێت[٢٤١].وەك:

(٥) أ- من خۆم هاتم.

ب- ئازاد خۆی هات.

---

([٣]٥)هەمان سەرچاوە (١٩٦٣: ١٢٦).

(٣٦) Muhammad . B. Ahmed (1990: 29).

ئەم زاراوەیە بەرانبەر بەو بارەی جێناوی خۆیی دەوترێت کە جەختکردن لە ناوێك یان جێناوێك دەکرێتەوە، کە هەمان جێناوی خۆبەخۆییە بەڵام باری بەکارهێنانەکەی جیاوازە.

([٣]٧) خلود السامرائي (٢٠٠٢: ٧٢).

([٣]٨) محمد سعيد اسير و بلال جنيدي (١٩٨١: ٩٨٦).

(٦) أ- خۆم هاتم.

ب- خۆی هات.

له ڕستەی (٥أ و ب)دا (خۆم، خۆی) ڕۆڵی جەختكردنیان بینیوه، بەڵام له (٦أ و ب) ڕۆڵی جەختكردنیان نەبینیوه، چونكه شوێنی بكەریان گرتۆتەوه و ئەركی بكەر دەبینن [٢٤٢]. كەسێكیش نییه جەختی لێبكەنەوه.

(٧) خۆم من هاتم.*

له زمانی كوردیدا ئەو ناو یا جێناوەی كه جەختی لێدەكرێتەوه، دەكەوێته پێش جێناوه خۆییەكە، بەواتایەكی دیكه (خۆ) تەكید له ناوێكی دوای خۆی ناكاتەوه [٢٤٣]. بۆیه ڕستەی (٧) ڕستەیەكی ناڕێزمانییه ، واتاكەشی تەواو نییه.

كەواته دەبێت جیاوازی بكرێت له نێوان به كارهێنانی جێناوی خۆیی وەكو جەختكردن و نواندنی ئەركی بكەر و نیهاددا. ئەویش جگه لەوەی كه له ئەركی بكەریدا ناوەكه لادەچێت و، (خۆ) شوێنی ئەو ناوه دەگرێتەوه، كه ئەركی بكەر یا نیهاد دەبینێت، له ڕووی واتاشەوه جیاوازیان هەیه و له جەختكردن كردندا هێز دەخرێته سەر جێناوه خۆییەكه بەڵام له ئەركی بكەردا ئەو هێزەی لەسەر نییه.

(٨) أ- خۆم نانم خوارد.

ب- من خۆم نانم خوارد.

له (٨أ)دا جێناوی خۆیی جەختی له بكەرەكه كردۆتەوه، بەڵام له (٨ب)دا كاتێ بكەرەكه لاچووه، جەختكردنەكه نەماوه و جێناوه خۆییەكه شوێنی بكەرەكەی گرتۆتەوه.

---

(٣٩) بڕوانه پەراوێزی (٢١).

(٤٠) له زمانی عەرەبیشدا كه وشەی (نفس)بەرامبەر به (خۆ) دەوەستێت به هەمان شێوه (مؤكد) دەكەوێته پێش (نفس): جا و الملك نفسه.

بەڵام له ئینگلیزیدا دوو جۆری هەیه یان دەكەوێته دواوەی ڕستەكه، یانیش بەدوای جەختكراوەكەوه دەبێت.

You your self was ill.

We carried our book our selves.

لەگەڵ بەکارهێنانی باری خۆیەتیش جیا دەبێتەوە، بەوەی لە خۆیەتیدا پەیوەندییەکی ڕێزمانی هەیە لەگەڵ ئەو وشەیەی کە خۆیەتی بۆ دەردەبڕێت، بە ئامرازێك دەبەسترێتەوە، بەڵام لە جەختکردندا، پەیوەندییەکە ڕێزمانی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە واتاییە.

جێناوی خۆیەتی کە لە ئاخاوتن و ڕستەدا ڕۆڵی جەختکردن دەبینێت، تەنیا لەو کاتەدا کە ئەرکی بکەر یان نیهادی پێدەسپێررێت، ( واتە قسە لەسەر کراو).

ئێستا سەیری ئەم ڕستانە بکە:

(٩) أ- من تۆم دیت. (١٠) أ- من تۆ خۆتم دیت.

ب- من بە تۆم وت. ب- من بە تۆ خۆتم وت.

پ- کتێبەکانی من کۆنن. پ- کتێبەکانی من خۆم کۆنن.

ت- ئەم کتێبە هی منە. ت- ئەم کتێبە هی من خۆمە .

لە ڕستەکانی (٩)دا (تۆ، بەتۆ، من، من) ئەرکی (بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، دیارخەر، تەواکەری کاری "بوون") یان بینیوە، بەڵام لە ڕستەکانی (١٠)دا جێناوی خۆیی

| دیالێکتی سەروو ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕ و ڕابردووی تێپەڕ | دیالێکتی سەروو ڕابردووی تێپەڕ | دیالێکتی ناوەڕاست | دیالێکتی خواروو | دیالێکتی گۆرانی |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

نەیتوانیوە جەخت بکات، لەو وشانەی کە باسمان کردن، بۆیە ڕستەکان ناڕێزمانی یا نالۆجیکین.

کەواتە (خۆ) لە باری جەختکردندا جگە لە واتای جەختکردن هیچ واتایەکی دیکە ناگەیەنن و هیچ ئەرکێکی دیکەش نابینن. هەروەها جێناوی خۆیی جگە لە دیالێکتی سەروو) بەپێی کەسەکان بەدوای ناو یان جێناوە کەسییەکاندا دێت.

خشتەی بەکارهێنانی جەختکردن لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بە پێی کەسەکان

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەز ب خوە | من ب خوە | من خۆم | من خوەم | ئانە ویٚم |
| تو ب خوە | تە ب خوە | تۆ خۆت | تو خوەت | ئاد ویٚت |
| ئەو بخوە | وی/ویٚ ب خوە | ئەو خۆی | ئەو خوەی | ئاد ویٚش |
| ئەم ب خوە | مە ب خوە | ئێمە خۆمان | ئیمە خوەمان | ئیمە ویٚما |
| هون ب خوە | وە ب خوە | ئێوە خۆتان | ئیوە خوەدان | شمە ویٚتا |
| ئەو ب خوە | وان ب خوە | ئەوان خۆیان | ئەوان خوەیان | ئادیٚ ویٚشا |

لێرەدا لە نێوان دیالێکتەکاندا تەنها یەك جیاوازی هەیە ئەویش لە دیالێکتی سەروودایە، لە باری جەختکردندا مۆرفیمی (ب) دەخرێتە پێش جێناوی خۆیی ئەویش بۆ ئەوەیە پەیوەندییەك دروست بێت لە نێوان ئەو کەسەی کە جەختی لێدەکرێتەوە لەگەڵ جێناوە خۆییەکە، هەروەك چۆن وتمان لە نێوان جەختکردن و جەخت لێکراوەکە هیچ پەیوەندییەك نییە. بەڵام لە دیالێکتی سەروودا لەبەر ئەوەی جێناوی لکاو وەرناگرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگای واتاوە بزانین ئەم (خۆ)یە دەگەڕێتەوە بۆ جێناو یان ناوەکە کە لە دیالێکتەکانی دیکە لە ڕێگای ئەم جێناوە لکاوەوە دەزانین بۆ کامە کەس دەگەڕێتەوە، یان لەگەڵ ناودا کە هەمیشە بە کەسی سێیەم دادنرێت، (ی) دوای جێناوە خۆییەکە بۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام لێرەدا بەهۆی نەبوونی ئەم جێناوە لکاوانە مۆرفیمی (ب) دێتە نێوان و ئەم پەیوەندییە لە نێوان هەردووکیان دروست دەبێت، بۆ بە خاوەنێتی کردنی کەسەکە لە ڕێگای جێناوە خۆییەکەوە و ڕێککەوتن لەگەڵیدا.

لە زمانی عەرەبیدا جەختکردن تایبەتە بە کەسێکی ناسراو، واتە ناتوانریٚ جەخت لە کەسێکی نەناسراو بکرێتەوە، یان جەختکردنەکە سنووردارە و تەنیا ئەو کاتە دەبێت ، کە جەختکردنەکە بەسوود بوو، بەڵام لە زمانی کوردیدا، ئەم جۆرە جەختکردنە زۆرئاساییە، ئەگەر بەکارهێنانەکەشی هەندێك سرك بیٚ، بەهۆی کەم بەکارهێنانی ناوی نەناسراوەوەیە لە دۆخی بکەریدا، وەك:

**(١١) أ- ئەو خۆی هات.**

**ب- کوڕەکە خۆی هات .**

**پ- کوڕ خۆی هات.**

**ت- کچان خۆیان گێچەڵ بە کوڕان دەکەن.**

**ج- کابرا خۆی نەبێ، ماڵی بۆ چییە؟**

**لە ڕستەی (١١أ) و (١١ب)دا هەردوو بکەرەکە ناسراون، لە یەکەمیان جێناوەکە و لە دووەمیش بە هۆی نیشانەی ناسینەوە بوونەتە ناسراو. لە ڕستەی (٣)دا ( کوڕ) ناوێکی نەناسراوە، زۆر بە ئاسایی بەکاردێت، ڕستەکانی (١١ت) و (١١ج) ناوی نەناسراون و لە ڕێگای جێناوی خۆییەوە جەختیان لێکراوەتەوە.**

**(١٢) دار ب خوە هشك بوو.**

**لە دیالێکتی سەرووشدا، بەهەمان شێوە دەتوانین ناوێکی نەناسراو جەختی بکەینە سەر، وەك ڕستەی (١٢) لەبەر ئەوەی لەم دیالێکتەدا دەشێ هەموو جۆرەکانی ناو لە ڕووی (ڕەگەز و تایبەتی و گشتی، مادی و مەعنەوی...هتد.) ڕێك بکەون [٢٤٤]. وەك:**

**(١٣) براکەت خۆی سەفەری کرد.**

**لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا جێناوی لکاو هەرگیز ناچێتە سەرەتای وشە [٢٤٥] و جەختی ناکرێتە سەر، تەنیا دوای زیادکردنی بۆ سەر ناوێك یان جێناوە کەسییەکان نەبێت [٢٤٦]. وەك ڕستەی (١٣).**

**جەخت لە تاك و کۆ دەکرێتەوە، ڕێککەوتنیش لەگەڵ ناوە جەختکراوەکە، ئەنجام دەدرێت و جێناوە خۆییەکە بەپێی کەسەکە جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەسە جەخت کراوەکە وەردەگرێت، ئەمەش تەنیا لە دیالێکتی سەروودا جیاواز دەبێتەوە چونکە لە دیالێکتی سەروودا، ئەم جۆرە جێناوە لکاوە خاوەنیەتیەیان نییە، بۆیە بە هۆی مۆرفیمی (ب)ەوە پەیوەندی جێناوە خۆییەکە بە ناو یان جێناوە جەخت لێکراوەکە دیاری دەکات و،**

---

**(١[٤]) حاتەم ولیا محەمەد ( ٢٠٠٠: ٣٧).**

**(٢[٤]) د.طالب حسین علی (٢٠٠٤: ٢٥٢).**

**(٣[٤]) أ.د. هادي نهر (٢٠٠٤ :٩٧).**

ڕێککەوتنەکە ئەنجام دەدرێت. ئەمەش بە تایبەتی لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا، چونکە کاری ڕابردووی تێپەڕ هیچ جێناوێکی لکاو وەرناگرێت، بەڵام لە حاڵەتەکانی دیکەدا جێناوی لکاوی ڕێککەوتن، کە بەکارەوە دەلکێت، کەسەکە دیاردەکرێت.

(١٤) أ- ئەو ب خوە هات.

ب- ب خوە هاتین.

پ- وان ب خوە نان خار.

ت- ب خوە نان خار.

لە ڕستەی (١٤أ)دا جێناوی خۆیی جەخت لە بکەر دەکاتەوە، بکەریش لەگەڵ کارەکە ڕێککەوتووە لە کەس و ژمارەوە و لە ڕێگای ئەو جێناوە کەسییەی کە جەختی لێدەکاتەوە دەزانین کەسی جێناوە خۆییەکەش چ کەسێکە، بۆیە ڕستەی (١٤ب) ڕستەیەکی تەواوە لەبەرئەوەی لە ڕێگای جێناوی ڕێککەوتنی سەر کارەکە کەس و ژمارەی بکەرەکە دەزانین، چونکە لەگەڵ بکەردا ڕێك دەکەوێت. بەڵام مەبەستی جەختکردن ناگەیەنێت چونکە جەختکراوەکە لابراوە. ڕستەی (١٤پ)یش بە هەمان شێوە جێناوی خۆیی جەختی لە بکەر کردۆتەوە، ڕستەی (١٤ت)یش جگە لەوەی واتای جەختکردن ناگەیەنێت، ڕستەیەکی ناڕێزمانیشە، چونکە کارەکە لە ڕابردووی تێپەڕدایە، لەم حاڵەتەش ڕێککەوتنی کار لەگەڵ بەرکاردایە و، هیچ پەیوەندییەکی بە بکەرەوە نییە، بەرکاریش لە کەسی سێیەم دایە، چونکە ناوەکان هەموویان بە کەسی سێیەم دادەنرێن لە ڕستەسازیدا، لەبەرئەوەی کەسی سێیەم کەسێکی بزرە، ناوە گشتییەکانیش هەمان خاسیەتیان هەیە، کەسی سێیەمیش لە جێناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن سفرە، بۆیە لە کاری ڕابردووی تێپەڕ هەمیشە بەرکار و کارەکە جێناوی سفری کەسی سێیەم وەردەگرن، تەنیا ئەگەر جێناوێکی کەسی بەرکار بێت، وەك ( تە ئەز دیتم، وان مە دیتن)، کەواتە بۆیە ڕستەی (١٤ت) ناڕێزمانی دەرچووە چونکە نازانین بکەر کێیە و هیچ نیشانە و پەیوەندیەکیشی بە شتێکی دیکەوە نییە، تا ئاماژە بۆ کەسەکەی پیَ بکرێت.

هەرچەندە بەکارهێنانی مۆرفیمی (ب) لەگەڵ جێناوی خۆیی تایبتمەندێتی ئەم دیالێکتەیە، بەڵام دیارە بەهۆی کاریگەری ئەم دیالێکتەوە بۆسەر دیالێکتەکانی دیکە، بەتایبەتیش دیالێکتی سەروو و، لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئەم دوو دیالێکتەدا، ئەم

دیاردەیە پەڕیوەتەوە و، بەپێی دوورکەوتنەوەش لەم سنووورە کاریگەرییەکە کەمتر بۆتەوە. بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمە لە شێوەی (بە) [٢٤٧]، لەگەڵ جێناوی خۆیی لە شێوەزاری هەولێر و سۆران و موکریاندا بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە، لە هەندێ ناوچەشدا تەنانەت جێناوە لکاوەکەش وەرناگرێت [٢٤٨].

(١٥) أ- من خۆم دەیخوێنمەوە.

ب- من بەخۆم دەیخوێنمەوە.

پ- بەخۆم دەیخوێنمەوە.

لە رستەی (١٥أ) جێناوی خۆیی جەختی لە (من) کردۆتەوە. لە رستەی (١٥ب)یش مۆرفیمی (بە) [٢٤٩] چۆتە پێش جێناوی خۆیی و جەختکردنەکەی توندترکردۆتەوە، چونکە جگە لە جەخت کردنەوە لەوەی، کە ئەم کارە من دەیکەم، مانای ئەوەش دەدات، کە کەسێکی دیکە جگە لە من ئەم شتە ناخوێنێتەوە، واتە دڵنیاییەکی زیاتر دەدات لە بە ئەنجام گەیاندنی کارەکە لەلایەن (من)ەوە. ڕستەی (١٥پ)یش، لەبەر ئەوەی کەسی جەختکراو لە ڕستەدا لابراوە واتای زۆر کاڵ بۆتەوە و بەرەو واتای حاڵەت گەیاندن ڕۆیشتووە.

بۆ بەهێزکردنی واتای جەختکردن هەندێ جار مۆرفیمی (ش، یش) کە هەرچەندە ئەرکی سەرەکی خۆی بەستنەوەیە، بەپێی چۆنییەتی بەکارهێنانو مەبەستی بەکارهێنان چەند ئەرکێکی دیکە دەبینێت [٢٥٠] و، بۆ دەربڕینی جەختخستنە سەردەربڕاوێك [٢٥١] لەگەڵ جێناوی خۆیی بەکاردێت، جەختکردنەکە دووپات دەکاتەوە و پەیوەندی شتێك پیشان دەدات بەو شتەی کە پیشتر باسکرابێت و بۆ جەختکردنی ئەو وشەیەی کە دەچێتە سەری [٢٥٢].

---

([٤]٤) لە هەندێ ناوچەدا ئەم (بە) یە دەبێتە ( پە) وەك ( پەخواەچم). بڕوانە یادگار ڕەسوڵ باڵەکی (٢٠٠٠: ٢٣٠). لە هەندێکی دیکەش ئەم (بە)یە دەبێتە (لۆ) وەکو ناوچەی کۆیە. من بە خۆم لەوێ بووم – من لۆ خۆم لەوێ بووم.لە شێوەزاری سلێمانیش، هەندێ جار پێشبەندی (بۆ)ی لەگەڵ بەکاردێت. وەك: من بۆ خۆم پێم وایە....... .

([٤]٥) لە ناوچەی موکریان و سۆراندا، هەروەك لەبەشی دووەمی ئەم باسە ڕوونمان کردەوە، کە بەتنیا بەکاردێ، زۆر لە دیالێکتی سەروودا نزیك بۆتەوە، وەك: بەخۆش لە وێ بوم.

([٤]٦) وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە ئەم شێوەیە، بەکاریگەری دیالێکتی سەروو چۆتە ناو هەندێ شێوەزاری ناوەڕاست.

([٤]٧) ساجدە عبداللە فەرهادی (٢٠٠٠: ٨٣).

([٤]٨) محەمحەد مەحوی (٢٠٠٤: ٦٨).

([٤]٩) ڕەفیق شوانی (٢٠٠١: ١٥٤).

**(١٦)أ- من خۆشم لەوێ بووم.**

**ب- ئەز ب خوە ژی لەوێ بووم.**

**ڕستەی (١٦أ) و (١٦پ) جێناوی خۆیی جەخت لە (من، ئەز) دەکاتەوە، مۆرفیمی (ش، ژی)یش جەختکردنی زیاتر دەخاتە سەر (من)[٥٣].**

**جێناوی خۆیی بەهۆی بەکارهێنانی مۆرفیمی (ش)ەوە، واتای جەختکردنەوەکەی بەلای واتای (تا) دەچێت.**

**(١٧)أ- وەستاکە خۆشی ناتوانێت لە تۆ باشتر ئەم ئیشە بکات.**

**ب- هەتا وەستاکەش ناتوانێت لە تۆ باشتر ئەم ئیشە بکات.**

**ڕستەی (١٧أ) وێڕای ئەوەی چەمکی جەختکردن لە ڕستەکەدا ماوە، چونکە هیچ شتێك لانەبراوە، کار لە واتاکەی بکات، (خۆ) جەختی لە بکەریش کردۆتەوە، بەڵام بەهۆی ئامادەبوونی مۆرفیمی (ش)، جگە لە واتای جەختکردن، واتای (تا)ش دەگەیەنێت. ڕستەی (١٧ب) هەمان واتای ڕستەی (١٧أ) دەگەیەنێت[٥٤].**

**(١٨) خودی خانووەکەم خۆش دەوێ بەڵام دراوسێکانی خراپن.**

**لە (١٨)دا بەکارهێنانی (خود) لە جیاتی (خۆ) لە پێش ناوێکدا ، جەخت لە ناوەکە دەکاتەوە.**

**(١٩) أ- من خۆم (تەنیا) ئەم کارەم کرد[٥٥].**

**ب- ئەو مەکینەیە خۆی ئیش دەکات.**

---

**(٥٠) هەندێ جار جەختکردنکردنەکە لە ڕێگای سوێند خواردنەوە پتەوتر دەکرێت، وەك: بە خوا من خۆم لەوێ بووم. لەڕێگای سوێندەکەوە جەختکردنەکە چالاك بۆتەوە.**

**(٥١) خلود السامرائي ( ٢٠٠٢: ٧٣).**

**(٥٢) لە ئینگلیزیدا ئەم جۆرە ڕستەیە زۆر بەکاردێت کە دەکرێت هەم جێناوی خۆیی ، هەم وشەی بەتەنیا ( alone ) بەکاربهێنرێت:**

**I did it by <u>myself</u>.**
**alone**

**بڕوانە: انجمنهای اسلامی دانش اموزان ( مهرماه ٦٩: ١٩٧).**

**هەندێ جار وێڕای واتای جەخت کردن، هەندێ واتای دیکە دەگەیەنێت. لە ڕستەی (١٩أ) لایەنێك لە واتای ئەم ڕستەیە واتای (بەتەنیا) دەگەیەنێت، واتە ئەم ئیشە بە تەنیا لەلایەن بکەرەکەوە ئەنجام دەدرێت [٢٥٦].**

**لە رستەی (١٩ب)یشدا خۆیی و واتای بەبێ یارمەتی دەگەیەنێت [٢٥٧]. واتە مەکینەکە لە خۆیەوە بەبێ یارمەتی هیچ کەسێك ئیش دەکات.**

**بەکار هێنانی ئامرازی (هەر)، کە بۆ جەختکردن بەکاردێت [٢٥٨]،لەگەڵ جێناوی خۆیی بەکاردێت، واتای (تەنیایی) دەدات.**

**(٢٠) أ– هەر خۆم ئیشەکەم کرد.**

**ب– هەر خۆی لە ژوورەوە دانیشتوە.**

**لە ڕستەی (٢٠أ) دا ئامرازی (هەر) چۆتە پێش جێناوە خۆییەکە، دیسان ڕستەکە جەختکردنی بەتەنیا ئەنجامدانی ئیشەکە لەلایەن بکەرەوە دەکات، لە ڕێگای ئامرازی (هەر)ەوە. ڕستەی (٢٠ب)یش واتای تەنیایی ئەو دەدات لە ژوورەکەدا [٢٥٩].**

---

**([٣]) ئەمەش زیاتر ئەوکاتە ڕوونتر دەبێتەوە، کە مۆرفیمی (بە) بچێتە پێش جێناوە خۆییەکە وەك:**

**من بەخۆم (تەنیا) ئەم کارەم کرد.**

**ئەو مەکینەیە بەخۆی ئیش دەکات.**

**([٤]) خلود السامرائی (٢٠٠٢: ٧٢).**

**([٥]) د. رەفیق شوانی (٢٠٠١: ١٩١).**

**([٦]) ب. ی. لازار (١٣٧٣: ٩٦).**

## ٣/٣) جێناوی خۆیی لە باری خۆیەتیدا:

دیکەی جێناوی خۆیی بەشێکی گرنگی باری خۆیەتی دەنوێنێ، وەکو جۆرەکانی دەربڕینی باری خۆیەتی، پانتاییەکی فراوانی ئاخاوتنی کوردی پێکهێناوە. لە شێوەی ڕێژەیەکی زۆری ئەم خۆیەتیەش فرێزدا دەردەکەوێت و پێی دەوترێت فرێزی خۆیەتی (260). بەخورتی دەبێت، نەك بە ئارەزوو.

فرێزی "کتێبەکانی من"، کە فرێزێکی خۆیەتییە، لە ئاستی ڕستەدا دەبێتە:

(١) أ- کتێبەکانی منم خوێندەوە.*

ب- کتێبەکانی (خۆم)م خوێندەوە.

پ- کتێبەکانم خوێندەوە.* (261)

ت- کتێبەکانم خوێندەوە.

گەر سەیری ڕستەی (١أ) بکەین، ڕستەیەکی ناڕێزمانییە، بۆیە ئەم ڕستەیە بەپێی ڕێزمانی گوێزانەوە، دەگوازرێتەوە بۆ فۆرمی ڕستەی (١ب) بۆ ئەوەی ناڕێزمانی دەرنەچێت، کە بەم شێوەیە گواستراوەتەوە:

جێناوی (خۆ) شوێنی جێناوی کەسی (من)ی گرتۆتەوە، جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی جێناوە کەسییەکەی وەرگرتووە کە (م)ە، ئنجا نیشانەی بکەری وەرگرتووە ، کە لەگەڵ بکەرەکەدا ڕێك دەکەوێت.

---

(٧) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠ : ١٧١).

چونکە ڕێککەوتنی زمانی کوردی ڕێگا بەم جۆرە ڕیزبوونە نادات. هەمان (٨) بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دادەنرێت ڕیزبوونی ڕستە هاوواتاکەی هەیە، تەنیا جێناوە کەسییەکە لە سەربەخۆوە بۆتە لکاو، بۆیە گەر ڕستەکەی تر ناڕێزمانی بێت، دەبێ ئەم ڕستەیەش ناڕێزمانی بێت.

ڕستەی (١پ) ڕستەیەکی ناڕێزمانییە و هاوواتای ڕستەی (١أ)ە، بەم شێوەیەی خوارەوە دروست بووە.

کتێبەکانــی (من) م خوێندەوە.

↓ ↓ ↓ ↓ ↓

کتێبەکانØ (م) م خوێندەوە.

ڕستەی (١ت)یش نە هاوواتا و نە کورتکراوەی ڕستەی (١أ)ە، (م)یش نیشانەی بکەرە، نەك پاشکۆی خۆیەتی، کەواتە فرێزی ناوی لەم ڕستەیەدا (کتێبەکان)ە، ئەویش فرێزێکی خۆیەتی نییە. نازانین خاوەنی کتێبەکان کێن، کە (من) دەیانخوێنێتەوە. کەواتە بۆیە ڕستەی (٢ب) بە جێناوی خۆیی دەربڕاوە، چونکە بکەر لەگەڵ دەرخەری فرێزی خۆیەتییەکە هاوئامازەن. لە بوونی دووکەسی هاوئامازە لە دوو فرێزی جیا لە ڕستەیەکدا یەکێکیان بە جێناوی خۆیی دەردەبڕرێت. جێناوی خۆییش چەمکی خۆیەتی تێدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە جێگای جێناوی خاوەنیەتی دەگرێتەوە.

(2) أ- کتێبەکانی تۆم خوێندەوە.

ب- کتێبەکانی (خۆت)م خوێندەوە. *

پ- کتێبەکانتم خوێندەوە.

ڕستەکانی (٢) هەمان پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەکانی (١)یان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕستەی (٢أ) دەرخەری فرێزی خۆیەتی (کتێبەکانی تۆ) هاوئامازە نییە لەگەڵ بکەر، بۆیە ڕستەی (٢ب) ڕستەیەکی ناڕێزمانییە و نابێت دەرخەرەکە بکرێتە جێناوی خۆیی. ڕستەی (٢پ)یش هاوواتای ڕستەی (١أ)ە و دەرخەرەکە بە جێناوی لکاو دەربڕاوە.

ڕستەکانی (١) و (٢) ئەوە ڕوون دەکەنەوە،ئەگەر بمانەوێ فرێزێکی خۆیەتی، کە جێناوی خۆیی وەکو دەرخەر بەشداری لە ڕۆنانیدا کردبێت، بخەینە ناو ڕستەوە، دەبێت

بکەرەکە هاوئامازەبێت، لەگەڵ جێناوە خۆییەکە ئەگەر نا، ڕستەکە ناڕێزمانی دەردەچێت، چونکە یاسای بەکارهێنانی جێناوی خۆیی ڕێگە بە ڕۆنانی ئەم جۆرە ڕستەیە نادات.

(٣) أ- کوڕەکانم هاتن.

ب- کوڕەکانی خۆم هاتن.

لە ڕستەی (٣أ)دا ، لەبەرئەوەی (م)ی جێناوی لکاو نیشانەی بکەر نییە و کارەکە کارێکی تێنەپەڕە و جێناوی ڕێککەوتن بە کارەوە لکاوە، (م) ڕۆڵی خۆیەتی بینیوە، فرێزی خۆیەتی (کوڕەکانم) و (کوڕەکانی خۆم) هاوواتان. بەکارهێنانی (خۆ)ش بەئارەزووە.

(٤) أ- بە کوڕەکانی تۆم وت.

ب- بە کوڕەکانی خۆتم وت.*

فرێزی خۆیەتی (کوڕەکانی تۆ) لە ڕستەی (٤أ) لەگەڵ (کوڕەکانی خۆت) لە ڕستەی (٤ب) هاوواتان، لە یەکەمدا جێناوێکی کەسی بۆتە دەرخەری فرێزەکە و لە هی دووەمدا جێناوی خۆیی، بەڵام لە رستەدا ئەوەی یەکەم ڕێزمانی دەردەچێت و ئەوەی دووەم ناڕێزمانی. گەرچی هەردووکیشیان ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆیان بینیوە. ئەمەش لەبەرئەوەی کارەکە کارێکی تێپەڕی ڕابردووە، ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاردایە، بۆیە لە بەکارهێنانی جێناوی خۆییدا دەبێت، بکەر و بەرکار هاوئامازە بن، بەڵام لە رستەی (٤ب) هاوئامازەنین بۆیە ڕستەکە ناڕێزمانی دەرچووە.

(٥) أ- دەستی من شکا.

- دەست و من ماڕیا.

ب- دەستم شکا.

پ- دەستی خۆم شکا.

ت- دەستی خۆت شکا.

(٦)أ- دەستی من دەشکێت

- دەست و من ماڕۆ.

ب- دەستم دەشکێت.

پ- دەستی خۆم دەشکێت.

ت- دەستی خۆت دەشکێت.

لە هەریەك لە ڕستەکانی (٥أ و ب و پ و ت)دا جێناوێك بۆتە دەرخەری فرێزە خۆیەتییەکان، کە لە (٥أ) جێناوێکی کەسییە و لە (٥ب) جێناوێکی لکاوە و لە (٥پ و ت)یش جێناوێکی خۆیین کە دوو جێناوی لکاوی جیاوازیان وەرگرتووە، کەچی ڕستەکان هەموویان ڕێزمانین، چونکە ڕێککەوتن، لە ڕستەکەدا لە نێوان وشەی (دەست) و- کە بکەری ڕستەکەیە- کارەکە دایە. بەکارهێنانی جێناوی خۆییش بەئارەزووە، لەبەر ئەوەشە ڕێگا بەوەدەدات جێناوی خۆیی، جێناوێکی لکاوی کەسی دووەمی جیاواز لە بکەرەکە وەربگرێت و، لەگەڵ بکەرەکە- کە بەکەسی سێیەم دادەنرێت- بەکاربێت، چونکە هیچ پەیوەندییەکی ڕێزمانی لە نێوان جێناوە خۆییەکە و کارەکەدا نییە، بەڵکو لە نێوان (دەست) و کارەکەدایە. ڕستەکانی (٦)یش بەڕیز هاوپێکهاتەی ڕستەکانی (٥)ن، بەڵام لە کاتی ڕانەبردوودان، کە هەمان دۆخی ڕێزمانیش دەنوێنن. کەواتە ئەمانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە جێناوی خۆیی بەپێی جۆرو بەکارهێنانی کارەکە دەگۆڕێت و دەتوانێت دۆخی جیاواز وەربگرێت. ئەویش جیاوازی ڕێککەوتنی ڕێزمانی نێوان کارەکانە.

(٧) أ- دەستی من شکا.

ب- من، دەستم شکا (٢٦٢).

پ- دەستی خۆم شکا.

ت- خۆم، دەستم شکا.

ڕستەی (٧ب) هەمان پێکهاتەی ڕستەی (٧أ)ە، بەڵام دەرخەرەکە وەکو باسلێکراوێك هێنراوەتە پێشەوەی ڕستەکە، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا بە بکەر دەچێت (٢٦٣)، بەڵام ئەم جۆرە کارە پێویستی بە بکەری لەم جۆرە نییە. (دەستم شکا) بۆتە گوزارەی نیهادی (من). لە ڕستەی (٧پ)یش دەرخەرەکە جێناوێکی خۆییە، کە لە (٧ت) هێنراوەتە پێشەوەی ڕستەکە

---

(٩[٥]) تاراموحسن قادر (٢٠٠٤: ٧٨).

(٦[٠]) محەمەد مەحوی ئەم جۆرە هێنانە پێشەوەی کەرەستەیەکی ڕستە بە بەڵگەی بوونی بکەری دووەمی ڕستەکەی دادەنێت. بڕوانە : (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١: ٨٤).

و جێناوێکی لکاو شوێنی گرتۆتەوە، کە فرێزەکەی بە فرێزی خۆیەتی هێشتۆتەوە، وشەی (خۆم)یش، کە هاتۆتە سەرەتای ڕستەکە چەمکی خۆیەتی تیادا ماوە.

(٨)أ- من دەستم شوشت.

ب- من دەستمم شوشت.*

پ- من دەستی خۆم شوشت.

(٩)أ- من ئۆتۆمبیلم شوشت.*

ب- من ئۆتۆمبیلی خۆم شوشت.

پ- من ئۆتۆمبیلەکەی خۆم شوشت.

لە ڕستەی (٨أ)دا لە ڕواڵەتدا (م) بە پاشکۆی خاوەنیەتی دادەنرێت، کەچی نیشانەی بکەرە، کەواتە بەرکارەکە فریزێکی خۆیەتی نییە. بەڵام لە ڕستەی (٨ب)دا (م)ی یەکەم جێناوی خاوەنیەتییە و (م)ی دووەم نیشانەی بکەرە. هەرچەندە وشەی (دەست) سەر بەم وشانەن کە خۆیەتی ئاشنایان پێدەوترێت، بەڵام ناشێت وەکو خۆی بمێنێەوە[٢٦٤]، لەبەرئەوە بە جێناوی خۆیی دەردەبڕێت، وەك ڕستەی (٨پ). بەڵام ناوێکی گشتی نەناسراو-کە خۆیەتی نائاشنای پێدەوترێت- ناشێت بکرێت بە فریزی خۆیەتی، وەك ڕستەی (٩أ)، بەڵام ئەگەر دەرخەرەکە، جێناوێکی خۆیی بوو هیچ جیاوازیەکی نییە، ناسراو بێت یان نەناسراو، وەك ڕستەکانی (٩ب و پ). جیاوازی ئەم دوو بەکارهێنانەش بەهۆی جیاوازی ئەم دوو ناوە گشتییەوەیە کە لە رستەکانی(٨)دا بەشێکە لە بکەرەکە و وشەی دووەمیش لە ڕستەکانی(٩)دا بەشێك نییە لە بکەرەکە، بەم جۆرە وشانەش دەوترێت خۆیەتی نائاشنا[٢٦٥].

---

(٦١) م. مەسعوود محەمەد (١٩٧٤: ) وتوویەتی دەتوانین بڵێین دەستمم بڕی، بەڵام وا خۆشترە بڵێین دەستی خۆم بڕی.

(٦٢) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٠: ١٨٨) ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو وشانەی کە پارچەیەکن و لە خاوەنەکانیان جیا نابنەوە یەکسەر پاشگری خۆیەتییان پێوە دەلکێ وەك (دەستم) بەڵام دەڵێین (کراسەکەمم) کە مەبەستی ئەوەیە ناتوانین بلێین (کراسم دروەوە) چونکە خۆیەتی نائاشنان، تا ئێرە شتەکان دروستن، بەڵام گەر بڵێین (دەستمم) ڕاستە، ئەوا دەبێت بە هەمان شێوە ڕستەی (من دەستی منم بڕی)ش ڕاست بێت، بەڵام ئەمە بە پێی یاسای ڕێککەوتنی زمانی کوردی ڕێگای پێنادرێت، بەڵکو بەخورتی جێناوێکی خۆیی جێگای دەگرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دوو کەسی هاوئاماژە لە دوو فرێزی جیای یەك ڕستەدا هەیە. بەو پێیە دەبێ بلێین (دەستتت) یان (چاوتت شوشت) ڕاست بێت، چونکە ئەمە پەیوەندی بەڕێککەوتنی فۆنەتیکی دەنگەکان نییە بەڵکو پەیوەندی بەو یاسایەوە هەیە، سەبارەت بە وشەی خۆیەتی ئاشناش ، تەنیا

**(١٠) أ- ژیانی خۆی، تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی.**

**ب- ژیانی، تەرخانکردووە بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی.**

**پ- خۆی، تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی.**

**هەندێ جار دەشێت دەرخەری فرێزی خۆیەتی (ژیانی خۆی) لە ڕستەی (١٠أ) لاببەین، وەك ڕستەی (١٠ب) هەروەها دەشێت دەرخەرەکە بمینێتەوە و دیارخراوەکە لابرێت، وەکو ڕستەی (١٠پ).ئەمەش بەهۆی تێکەڵی فرێزی (ژیانی خۆی)ەوەیە[٢٦٦].**

**جێناوی خۆیی لەگەڵ جێناوی (هەیی)یش دەبێتە دیارخەر و فرێزی خۆیەتی پێك دێنێت. ئەویش کاتێك دوو دەستەی جیاوازی جێناوی لکاو وەردەگرێت:**

**(١١) أ- تۆ هی خۆمیت.**

**ب- ئێمە هی خۆتانین.**

**ئەگەر جێناوە خۆییەکە بگۆڕین بە جێناوێکی کەسی هەر دوو ڕستەی (١١أ و ب) دەبن بە ڕستەکانی (١٢أ و ب).**

**(١٢)أ- تۆ هی منیت.**

**ب- ئێمە هی ئێوەین.**

**کەواتە جێناوی لکاوی (ین) سەر بە دەستەی دووەمە، ئەرکیان ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کارەکەیە، بەپێی ڕێزمانی گوێزانەوە ئەم شێوەیەی وەرگرتووە.**

**ئێمە هی ئێوە ین.**

↓

**ئێمە هی خۆتان ین.**

---

**پەیوەندی بەوەرگرتنی پاشگری خۆیەتییەکەیە ، نەك جێناوەکەی دووەم، کە دەبێتە نیشانەی بکەر، پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە نەك لایەنی واتایی. بەپێی ئەم یاسایەش بێت وەکو پێشتریش ڕوونکراوەتەوە، ناتوانین بلێین (خۆمم)، بەڵام ئاساییە بلێین (خۆممان، خۆتم ........) واتە نابێ دوو جێناوی هاوئاماژە دووبارە ببێتەوە. بەڵام وەك چۆن لە بەکارهێنانی(دەستمم) لە زۆر شوێن بەکاردێت، ئەویش بەهەمان شێوە، هەرچەندە ڕێککەوتنی ڕێزمانەکەشمان ڕێگایان پێنادەن.**

**(٦٣) بەهۆی بەشێك بوونی ناوی ژیان لە (خۆ) ، وەك چۆن چ بلێیت لەشی خۆم دەشۆم ، یان خۆم دەشۆم هیچ جیاوازییەك نییە ، چونکە لەشەکە بەشێکە، لە خۆ کە گشتە، ئەگەر ناویشی نەبرێت واتاکەی لەناو وشە گشتییەکە دەمینێت.**

جیاوازی بەکارهێنانی جێناوی خۆییش لە باری خۆیەتیدا لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی تەنیا بەهۆی ئەو مۆرفیمە بەندەوەیە کە فرێزە خۆیەتییەکە بە یەکتر دەبەستێتەوە، لە دیالێکتی سەروودا جیاوازییەکەی ئەوەیە لە دۆخی خستنەسەردا نیشانەی ڕەگەزی نێرو مێ جیاوازە، بەڵام لە بەکارهێنانی جێناوی خۆییدا، لەبەر ئەوەی جێناوی خۆیی فۆرمێکی نەگۆڕی هەیە و ڕەگەز و ژمارەی تێدانییە، نیشانەی ڕەگەز بە جێناوی خۆیی نالکێت و پەیوەندی لە نێوان ئەو و دیارخراوەکەی نییە. بۆ نێر و مێ تاك و كۆ هیچ جیاوازییەکی نییە[٢٦٧].

ئەوی لەشی خوە شێلا.

تە لەشێ خوە شویشت.

دەفتەرامن و یا خوە دانە د جانتەکی دا.

کراسێ من و یێ خوە ببە ئۆتی بکە.

ئەز ژی چوومە نك یارا خوە.

هوون چوون ماڵێن خوە.

بەڵام ئەگەر جێناوی خۆیی بچێتە نێوان فرێزێکی دەرخەری، ئەوا لە دوای جێناوە خۆییەکە بەپێی ڕەگەزەکە جێناوێکی هەیی دێت، وەك:

هەڤاڵی هێژا

دەشێ (خۆ) بچێتە نێوان هەردووکیان و دەبێتە :

هەڤاڵێ خوەیێ هێژا.

ئەزێ ڤی دەستێ خوەیێ چەپێ ل پۆر و کەمەرییا وی بگەڕینم.

چارشەڤا خوەیا ڕەش کێشاند سەر سەرێ خوە.

ئەمەش لە دیالێکتەکانی دیکە نییە و ناتوانین بڵێین:

هەڤاڵی خۆمی هێژا.

---

(٦٤) صادق بەهائەین (١٩٨٧: ٢٤٨).

له دیالێکتی گۆرانیش جیاوازەکەی ئەوەیە مۆرفیمی(و) بەندی خستنەسەر لە جیاتی مۆرفیمی(ی) (٢٦٨)، بەکاردەهێنرێت وەك:

دۆس و وێم

دوژمن و وێت

له دیالێکتی خوارووشدا دوو جۆر لێکدانی فرێزی خۆیەتی بەدەردەکەوێت، یەکێکیان لە ڕێگای مۆرفیمی (ی) بەستنەوە وەك:

وە قەدەر بەڕەگەی خوەد پا درێژەو بکە.

